# له داوێنی ئاربەبا

## ژمارە ١٩



ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە


سەرنووسەر: ک.د.ئازاد

کانالی تێلگرامی: @Le_Daweni_Arbebawe

ساڵی دووهەم - بەفرانباری ٢٧٢١


---




یەلدا،
ژنێکی عاشقە؛
زوڵفی،
ڕەشترە لە شەوگار
دەستی پڕە لە شەوچەلە و
کۆشی لێوڕێژە لە هەنار!

ک.د.ئازاد

| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بانه. نێرگز عەبباسزاده (کچی ئاربەبا) | مەستووره کوردستانی | ٢ |
| ڕوانسەر . موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی | کورده ماڵان | ٣ |
| مەهاباد. دوکتۆر محەممەد فروهەندە | کورتە پێناسەیەکی کتێبی " مێژووی زانایانی ئایینی موکریان" | ۴ |
| ئیلام. ڕودوس فەیلی | شێعر | ٧ |
| مەهاباد. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان | کورتەباسێک لە سەر: گۆرانیی «ئەی خاڵی ڕێبوار" | ٨ |
| برووجرد. سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی) ـ سنە. ئیرەج عیبادی | شێعر | ١٠ |
| سەقز. پشکۆ یاسینی . سنە. عەلی سوهرابی . میراوێ. شارین | شێعر | ١١ |
| بانه. غەفوور ساڵحی ـ بانه . ک.د.ئازاد | لە چیرۆکەکانی سوور پێستانی ئەمریکا ـ شێعر | ١٢ |
| مەهاباد. سووتاو ـ مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی | شێعر | ١٣ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛ زمانناس و توێژەر | ناسر ئاغابرا؛ هەڵبەستوانی خاوەن هەست و خودان هەڵوێست | ١۴ |
| مەریوان. ڕانا ـ ئیلام. دیلۆڕان. زەینەبێ فەرزی"شێلان" | شێعر | ١۵ |
| مەهاباد. سمکۆ پاکزاد | ڕازی بەقا . سیاسەت بۆ بەقای ژیان و وەدەست هێنانی ماف | ١۶ |
| بانه. قادر خدرزاده | شێعر | ١٧ |
| ڕەحیمخان. نادرمستەفازاده | چۆن دڵت هات | ١٨ |
| سەقز. عەتا ساڵح پوور ـ لەیلاخ. مام خەیال | شێعر | ١٩ |
| سەقز.ساحێب. عابید حسەینی | فۆرمی "نیان" لە شێوازی شێعری "گۆران"ی دا | ٢٠ |
| شنۆ. عومەر محەممەدی | وێرەکانیی خەزەڵوەر و چەمکەکانی شیعر | ٢١ |
| مەهاباد.جەعفەرمەعروف(ژیار) ـ بۆکان. هیدایەت ئازەری (خەمبار) | شێعر | ٢۴ |
| هەولیر. سەعدوڵڵا نووری | گەڕانەوە | ٢۵ |
| بانه. نەسرین محەممەدی "خەیال" | من و تەنهایی و شەقام | ٢۶ |
| سنە . فەریبا ئەمیری ـ سەقز. فەریدەکاکی . سەقز.ساحێب. عابید حسەینی ـ بانه. سروور" | شێعر | ٢٧ |
| سنە . عەلی سوهرابی ـ سەقز. کامیل موحەممەدجانی | شێعر | ٢٨ |
| مەهاباد.دوکتور مێهری پاکزاد | قاڵب و کێشی شێعرەکانی کاروانی خەیاڵی "مامۆستا هێدی | ٢٩ |
| دێولان. ح ڕەنجبەر | گۆڕستانی بێدەنگ | ٣١ |
| مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی ـ ڕەحیمخان. نادر مستەفازاده ـ بوکان. فوئاد زریان | شێعر | ٣٢ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی ـ هەولێر. هاودەنگ بێبەش | بۆ گۆڤاری لە داوێنی ئاربەباوە (سەرماوەز١٤٠٠ ) ـ شێعر | ٣٣ |
| دیواندەرە. ئیدریس عەبوودی ـ دێولان. شەریف قادرمەرزی | شێعر | ٣۴ |
| هەورامان . نەبەز رۆژگار | پەشێو لەدەلاقەی ئەمڕۆدا | ٣۵ |
| سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | شێعر | ٣٧ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی ـ مەهاباد. موحیب مەهابادی | شێعر | ٣٨ |
| باشور. کەلار. عەسەل کاسبکار | شێعر | ٣٩ |
| سەقز.مریەم یەتیمی ـ بانه.حسین بەگ | شێعر | ۴٠ |
| مەهاباد. بێ خێش ـ پاوە. مۆمن یەزدانبەخش | شێعر | ۴١ |
| سەردەشت. سابیر بێتووشی | شەو هاونشینی | ۴٢ |
| **بەرهەمی شاعیرانی لاو** | | |
| پاوە،گوندی دەرەوەیان. مۆبین ئەحمەدی ـ شنۆ. کۆچەر کاردۆخ | شێعر | ۴٣ |
| ڕەبەت. غەفوور قادری(بروا) ـ بانه. چرۆ | شێعر | ۴۴ |
| بانه. (ئاگرین) . پیرانشار. حاسڵ عومەری(خەمۆ). بانه. بەیان خدری | شێعر | ۴۵ |
| بانه. سەهەند "ئاڤان" ـ پیرانشار. پەسوێ .ئێحسان ڕەستگار (هەڵوەدا) | شێعر | ۴۶ |
| بانه. دڵنیا ـ شنۆ. "ڕەشەبا"ـ جوانرۆ. (باران) ـ بانه. زیوەر عەبدوڵڵاهی | شێعر | ۴٧ |
| بۆکان .هەرمان موکری ـ بانه. قەڵا | شێعر | ۴٨ |
| مەهاباد،هاوژان شاروێرانی ـ سەقز. لەتیف عەلەوی | شێعر | ۴٩ |
| بانه. بەفرین مەحموودزاده | کورتە چیرۆکی: جیهانی تازەی ئاژەڵەکان | ۵٠ |
| بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | کاریکاتۆر | ۵١ |
| **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | | |
| ڕەحیمخان. نادر مستەفازاده ـ پاوە. عوسمان ڕەحیمی هەجیجی ـ بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی ـ بانه. باوکی ئێشتمان ـ بانه. ئامینە عەزیزی" سروور" بۆکان. خاڵند ئەحمەدی | | ۵٢ |
| **ڕووداوەکانی ئەدەبی( سەردەشت و مەریوان)** ـ بانه. عەلی مەحموودی " ئاودێر" | | ۵٧ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## مەستوورە کوردستانی





ئامادە کردن:بانە. نێرگز عەبباسزادە (کچی ئاربەبا)

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە نێشی سینە سووزی تیری موژگانت

ماه شەرەف خانم ناسراو بە مەستوورە لە دایک بووی ساڵی١٨٠٤ز( ١٢٢٠ مانگی یان ١١٨٥ هەتاوی) لە بنەماڵەی قادرییەکانی سنە چاوی بە دنیا هەڵێنا...

باوکی ئەو، ئەبولەسەن بەگ (ئەبولحەسەن بەگ)ی کوڕی محەممەدئاغای ننازیری کوردستانی،لە پیاوە ڕەسەنەکانی سنە بوو کە زۆر پاڵپشتی مەستوورە بوو لە خوێندن و فێر بوونا

مەستوورە ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی کورد بەسەر سێ زمانی کوردی فارسی و عەرەبیا زاڵ بووە و خاوەن پێنووسێکی بەهێز بووە

لە تەمەنی ١٧ساڵی دا بە ناچاری لەگەڵ خوسرەوخان والی سنە ژیانی هاوسەرگیری پێک ئەهێنن هەر چەن مەستوورە هیچ خۆشەویستییەکی بەرانبەر خوسرەوخان لە دڵا نەبوو.خوسرەوخانیش کە شاعیر بوو هەمووکات هاندەر و پاڵپشتی لە مەستوورە ئەکرد و هەر ئەوە وای کرد کە مەستوورە دڵی خۆی بۆ خوسرەو خان بکاتەوە و زۆربەی کاتەکان شێعریان بۆ یەک هەڵئەوت.

تەمەنی ئەم ڕۆژانە زۆر کورت بوون و ژیانی مەستوورە تەواو گۆڕا هاوسەرەکەی واتا خوسرەوخان لە تەمەنی ٢٩ساڵی بە هۆی نەخۆشی جەرگییەوە کۆچی دوایی کرد. تاریخی کۆچی ١٢٢٦ هەتاوی لە تەمەنی ٢٩ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشی جەرگییەوە کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی سلێمانی نێژراوە.

جوانی و بێ وێنەیی مەستوورە لە سەر زاری خەڵک بوو بەڵام مردنی هاوسەر و جوانە مەرگ بوونی براکەی هەموو جوانی و خۆشیەکانی لە مەستوورە وەرگرتەوە و دوو مانگ بە نەخۆشی لە جێیا کەوت لەگەڵ مردنی خوسرەو خان لە سەدەی ١٩یا حکوومەتی ئەردەلان لەگەڵ قاجارەکان تووشی کێشە بوون و بنەماڵەی ئەردەڵان بە ئاوارەیی مەحکوم بوون دواتر مەستوورە لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونە میری بابان لە سلێمانی.

مەستوورە لە شێعرنووسینا خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز بوو و چون یەکەم خاتوونی مێژوو نووس بوو وەک یەکێ لە بەهێزترین خاتوونەکان ناوی ئەبەن.

مەستوورە کوردستانی شاعیرو مێژوو نووسی کورد لە تەمەنی ٤٤ساڵی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو بە زیاتر لە ٢٠ هەزار بەیتی شێعری ماڵئاوایی لە دونیای نووسین و چەوسانەوە کرد.

ئاسارەکانی مەستوورە:

١ـ دیوان ئەشعار

٢ـ مێژووی ئەردەڵان

٣ـ عقاید مستورە

٤ـ تاریخ اکراد

سەرچاوەکان:لاپەڕەکانی سۆشیال میدیا

# کوردە ماڵان



ڕوانسەر .
موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی

کوردەماڵانەن، کوردەماڵانەن
باس بەهارو، کوردە ماڵانەن
چون زستان تەواو، ڕو بەفەرووەردین
ساراو کەژ و کۆ، تەمام بوون ڕەنگین
نەسیم ڕۆح ئەفزای، هەوای بەهاری
تێکەڵ ە ئاواز، قومری وقەناری
هۆی کردەوەجۆر، ئەوساکەو ساڵان
بە عەشق دیدار، سای کوردە ماڵان
لەبۆئیستیقباڵ، فەزای بەهاری
کوردەماڵانیش، خۆیان کردودیاری
بۆکۆچ بەهاری، کورد و کوردە ماڵ
کردیان هلهلەو، شادی وقەیو قاڵ
گەورو گەلەخان ،کۆزەی بەرخوکار
دەریان بازکریا، تەمام بەیەکجار
قارەقاڕ مێ وبەرخ، مۆکەی بزنەو کار
قۆرەی مانگاو گوێر، ڕمەی ئەسب سوار
زێن و نەرمەزێن، دیلەک ودەوار
جاجم و مەوج و، چیخیش بۆهەوار
قەتارەی پێچەو، گوڵەنگو هەوری
پەلکەچون ڕەش مار، پێچیالەدەوری
تەناف بۆمێلۆ ،بێشکەی منداڵان
ڕێک وپێک خریا، ناوکوردەماڵان
هیزەی شوێنە ڕۆن، کونەی شوێنە ئاو
فەرەنجی وکەڕەک، شاڵ پۆش وکلاو
زرەی زەنگی قۆڕ، هورەی دواشوان
تاوەی پرلەشیر، لەشان ژنی جوان
ئەسلەحەی پەڕان، دو لول ئاڵمانی
شەنگ وفیشەک دان، دووربین لای شانی
چەن سەگ وەسفەت، وەرەیتان ودەو
کۆڵەی خرت وخۆڵ، وەپاس وعەوعەو
گاسکەی مامر، قوولەی کەڵەشێر
چینکەی وجەڵە، پۆڕەی بۆق نێر
بۆکۆچ بەهاری، ژن و کچ وکوڕ
تەمام حازر بوون، فەورەن کوتو پڕ
ئێلۆ دقرەبا ،حازر بوون یەکسەر
ڕوونیان لە ڕووی، سارا ودەشتو دەر
ئەیزەن چون ساڵان، ماوابۆ ئێلاخ
بۆبان بەرزی وشاخ،خۆش بۆ و خۆش دەماخ

چون ڕان و ڕەوو، گشت کەفت وەقەتار
قەشەنگ کەفتە دەشت، نیشانەی بەهار
پیاگی پاڵەوان، ژنی وەهەڵمەت
مەعنای نەو بۆیان، شەکەتی وزەحمەت
تاگەیین بەجێ، جۆرجارجاران
مەنزڵگای قەدیم، کۆنەهەواران
بەرق ئاسا فەورەن، چەن کچ وشەمەرم
چاییەکیان دەم کرد، وەگورو گەرم
لە گوێ کوانوی داخ، جەمڵە بەسیا جەم
کتری لەگیزە، چایی هاتە دەم
چایی تازە دەم نۆشی گیان کریا
لەشوێنی چایی، دەوارهەڵ دریا
دامەرزیا ماڵی، تازەی نەوهەوار
وەگڵێمو چیخ ،دیلەکو دەوار
ڕانیش پەخشۆ بوو، لەیەک خۆرەتاو
سەرینی ڕەمەن، پایینی کانی وئاو
شوانی کەڕەک پۆش، لێو بەشمشاڵۆ
ڕانەکەی پەخش بوو، لە یەک لاپاڵۆ
منی خست بیر، لادێ ومناڵی
جەنابی شوان و، ڕان وشمشاڵی
ئێلاخ وبەهار، بۆکوردە ماڵان
ئامادە بوون جۆر، ساڵانی ساڵان
بەهاروەنەسیم، ئێلاخیش ڕەنگین
خەرهاتنیان کرد، بەهازو بەتین
تەپو نم باران ،گاهێ لیزیی خوەر
هەسین زەینەیش، لەوێ کەفتە دەخ
شەپۆل کانی وئاو، وەتافو وەتن
ماواو مەنزڵگای، جوملەی پیاگو ژن
کوزەڵەی کانی و ،سەوزەی بەهاری
دانە ودانە ، خۆیان کرد دیاری
گشت هاتنە پیری، کورد و کوردە ماڵ
جوملەی گوڵو گیا، لەبۆ ئیستیقباڵ
چنور خۆش بۆ ، بەڕەزای کەمەر
کەما وبێڵە هەر، فرە ومشەمەر
بەشنەی شەماڵ، گوڵی زەرد و سوۆر
خۆیان نیشان دا، لەنزیک ودور
ژنی کوردەماڵ، ئەیزەن دووبارە
دەم وەپێ کەنین، لەئەوهەوارە
قاوەلەمەی ڕۆح ،قازان وتیانە
مەجەعمەی مسی، لەتەک ئەوسیانە


چنیاوەقەتار، ئامادە بۆ کار
گشت حازر کریا، لەپای ڕەش دەوار
تەیکە وقوڵینە، ساج وهەم دێسپا
مەشکەودوکێزک، ناومێرک وسێپا
تەشتی شوێنە نان، گونکە وسەردۆڵە
لای لای لای بێشکە و، ڕۆڵە هەی ڕۆڵە
لەژێرڕەش دەوار، لەوەرز بەهار
مەوقەی نیمەڕۆ، لەوادەی نەهار
قاورمی کەواو، نانی ساجی داغ
بۆی عەتری ئەوان، ئەیدالە دەماغ
دۆخواو کەرێ و، شیر ودۆ ماس
گشتی دانریا، لە چەپ ولە ڕاس
چەن یای بەهاری، خۆش مەزەوخۆش تام
ئامادەکریا، بۆ ئێوارەو بۆ شام
خۆرشت لەقنگر، سەوزەی بەرەزا
بوی عەتری پێچیا، یەکجارلەفەزا
تەمام خۆراکات، بێ نەقس وبێ عەیب
چمان هاتبوون، لە کارخانەی غەیب
گوڵ وگیای بەهار، لەتەک کوردە ماڵ
خۆشییان خستە، کەژ دەشت ومال
منیش پۆسیاگم، وەدوکانداری
نەکوردەماڵم دی، وەنە گیای بەهاری

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## کورتە پێناسەیەکی کتێبی " مێژووی زانایانی ئایینی موکریان"




مەهاباد. دوکتۆر محەممەد فروهەندە




کتێبی "مێژووی زانایانی ئایینی موکریان " کە نووسراوی مامۆستای وردبین و ژیر و زانای مەهابادی، کاک محەممەد ئەحمەدیانە، لە پەخشانگای "کوردستان"، لە شاری سنە و لە ساڵی ١٤٠٠ی کۆچی هەتاوی لە ٥٦٨ لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە . ئەو بەرهەمە جگە لە پێشەکییەکی کورت، لە چەند بەشی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە بەشی هەوەڵ بە گشتی باسی حوجرە و مەلا و فەقێ و ڕەنگدانەوەی ئیسلام لە ئەدەب و فولکلۆری کوردیدایە . بەشی دووهەم باس و بەسەرهات و ژیاننامەی چارەد مامۆستای گەورە و دەرسوێژی ناوچەی موکریانە . بەشی سێهەم کە لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین بۆخۆی دوو بەشە؛ لە بەڵگەو ئیجازەنامە و وێنەی کەسایەتییەکان پێکهاتووە . بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ناوەڕۆک و جێگە و پێگە و بایەخەوە سووکە ئاوڕێک بدەینەوە سەر ئەو بەرهەمە و بە کورتی بیناسێنین؛ دەبێ بڵێم کە: ئەو بەرهەمە، بەرهەمێکی بەهێز و پێز و پڕناوەڕۆک و فرەڕەهەند و پڕبایەخی بەستێنی کەسایەتی‌ناسی و مێژووی مامۆستایانی ئایینیی موکریانە کە بەتێر و تەسەلی باسی چەند مامۆستای پێشەنگ و گەورەی ئایینی دەکا کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە بوارەکانی پەروەردە و پێ گەیاندنی کەسانێتر و هەروەها پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ناوچەی موکریان و تەنانەت ناوچەکانیتری کورستان هەبووە . کاک محەممەد بە وردبینی و هەستیارییەوە و بە تەرخان‌کردنی کاتێکی زۆر ئەو بەرهەمە پڕبایەخەی بەدیهێناوە و وەها بە تێر و تەسەلی باسی بابەتەکانی کردووە و کەلێن و قوژبنی سەرچاوەکانی پشکنیوە کە جێگای پرسیاری بۆ خوێنەر و بەردەنگ نەهێشتۆتەوە.

ئەگەر خاڵە بەهێزەکانی ئەو کتێبە لە پەنا یەکتر دابنێین؛ پێڕستێکی دوور و درێژ پێکدێنن کە ئەمن لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند دانەیەک دەکەم:

١ــ کاک محەممەد دەو کتێبەدا زۆر جار ڕێکەوت و تاریخەکانی لە ڕووی بەڵگە و ئیجازەنامەکان ساغ کردۆتەوە و بە خوێندنەوەی ئەوان بە دڵنیاییەوە کوتویەتی کە فڵان مامۆستا لە کوێ و کەنگێ و لە لای کێ ئیجازەی وەرگرتووە. هەر ئەوەش دەکرێ لە بەدەست هێنانی زانیاری دیکە و ڕوونکردنەوەی شتی‌تردا شوێنی هەبێ؛ چوونکە بەداخەوە ئێمە زۆر جار دەبینین کە لێکۆڵەر کەڵکەڵەی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی نییە و بە دیتنی هەر سەرچاوەیەک و بیستنی هەر قسەیەک لە هەرکەسێک ـ بێ‌تێفکرین و دوو و سێ لێکردن ـ ئەوەی بیستوویەتی یا خویندوویەتەوە، لە بەرهەمەکەیدا تۆماری کردووە و ئەوەش لە داهاتوودا دەبێتە سەرچاوەیەکی پڕ لە هەڵە و پەڵەی بێ بایەخ کە کەسانی تریش دوای ئەو، هەر بەو شوێنەدا دەڕۆن و ئەو هەڵانە دوویات دەکەنەوە. ئەوەش زیان و زەرەرێکی زۆری هەیە و توێژەرانی داهاتوو بە لاڕێدا دەبا. بە بڕوای من ڕوون‌نەکردنەوەی ڕاستییەکان، بە تایبەت ڕێکەوت و تاریخەکان، جا بە هەر هۆیەک بێت ـ چ لاوازی لە زانیاریدا و چ کەمترخەمی یا پەلەکردن و بە سەر پەلی هەڵداکەوتن ــ، تایبەتمەندیی ئەو کەسانەیە کە بە تالووکە دیواری خانوچکەی بەرهەم هەڵدەچنن تاکوو زوو نێو دەرکەن و بەو سوێراوە ئاگری تینوویەتی نێوبانگی پووچ و پووک دامرکێنن، بەڵام بێ خەبەر لەوەیکە وەها خانوچکەیەک بە کزەبایەکی لاواز تێکدەقرمێ! یا وەکوو بێچووی بەرهاویشتراو لە نیعمەتی ژیان بێ‌بەش دەبێ و زوو لە ناو دەچێ. ئەوانە تێنەگەیشتوون کە ئەسپی تالووکە سەرسم دەدا و سواری کرچ و کاڵی خۆی هەڵدەدێرێ! بەختەوەرانە کەسایەتیی کاک محەممەد کە لە سەرچاوەی زوڵاڵی زانستی مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان پاراو بووە و لە ژێر سێبەری ئەو بلیمەتە پەروەردە کراوە، تینووی سوێراوی نێودەرکردن نەبووە و لەسەرەخۆ و بە ئەسپایی بەرەو ئامانج هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و پارێزگاری و هەست و سۆزی مرۆڤایەتیی ئەو کەسایەتییە بۆتە هۆی ئەوەیکە بەرەو ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان تێهەڵچێ و بە هەستیاری و خەمخۆرییەکی




زۆرەوە بەڵگە دەستنووسەکان بخوێنێتەوە و ڕاستییەکانیان لێدەرکێشێ و متمانە بە سەرچاوە لێڵەکان نەکا کە تژین لە هەڵە و پەڵە.

٢ـ خاڵێکی زۆر بەهێزی دیکەی ئەو کتێبە ئەوەیە کە نووسەر بە تەواوی ڕوونی کردۆتەوە کە کام ماملأستا لە کوێی خوێندووە و دواییش فەقێکانی کێ بوون ـ بە تایبەت ئەو فەقێیانەی کە بەرچاو بوون و لە داهاتوودا بوونەتە کەسایەتی گەورە ـ؛ لە حاڵێکدا لە سەرچاوەکانی تردا جاری وایە دەبینرێ کە فلان کەسیان بە فەقێی فیسار ماملأستا داناوە کە دەیان ساڵ و بگرە زۆر زیادتریش پێش ئەو ژیاوە و قەتیشیان یەکتر نەدیوە! هۆی ئەو هەڵەیەش دیارە کە وردنەبوونەوە و تێنەفکرین و نەخوێندنەوەی بەڵگە و ئیجازەنامەکان و نەبوونی زانیاری تەواو لە سەر ژیانی کەسایەتییەکان و لاوازیی زانیاریی مێژووییە.

٣ـ کاک محەممەد جگە لەو کەسایەتییانەی کە دە پێرستی کتێبەکەدا هێناونی، لە ژێر لاپەڕەکان و لە کەلێن و قوژبنی پاراگراف و دێڕەکاندا کەسایەتیگەلێتریشی ناساندووە و نێوی زۆر شوێن و عێل و تەنانەت زاراوەشی شیکردۆتەوە و لە هەر شوێنێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، بە پەنجەی ڕەنگینی، بە لووزەو زانیاری هەڵڕشتووە و لێزگەی مرواری پێکهێناوە و ئەوەش بایەخی کتێبەکەی هێندەیتر بەرز کردۆتەوە.

٤ـ نووسەر دەو کتێبەدا وێنەی کەسایەتییەکان و بەڵگە و ئیجازەنامە و دەستنووسەکانیشی هێناون، کە دەبنە هۆی ئەوەیکە خوێنەر و بەردەنگ جۆرێک پەیوەندی دەگەڵ ئەو کەسایەتی و خاوەنی ئەو بەڵگە و وێنە و دەستنووس و ئیجازەنامانە پەیدا بکا و تەنیا بە بیستن و لە ڕۆچنەی گوێوە نەیانناسێ بەڵکوو چاویش پشکی خۆی لە ناسین و دیتنی ئەوان وەرگرێ و وێنەی ئەوان لە ئاوێنەی زەیندا وێنا بکا؛ چونکە زۆربەی خوێنەران ـ بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان کەمە یا لەو ناوچە نەژیاون ـ ئەو کەسایەتی و ئەو بەڵگە و دەستنووسانەیان نەدیوە.

٥ـ بڵاوکردنەوەی فتوای مەلاخەلیلی گۆڕۆمەری و خوێندنەوە و ساغ کردنەوە و شی کردنەوە و خستنە بەرچاوی خوێنەر و بەردەنگ بۆ هەوەڵ جار، بە چەشنێک کە خوێندنەوەی بۆ هەر خوێندەوارێک بووز بخوا، یەکی تر لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو کتێبەیە، چونکە بێگومان کەسانێکی زۆر چاوەنواڕی دیتنی ئەو فتوایە و خوێندنەوەی ئەو بوون و بە دیتنی کەیفخۆش و چاویان ڕوون بۆتەوە. مەلاخەلیل دەو فتوایەدا داسەپاندنی جل و بەرگی فەرەنگی لە لایەن ڕەزاخانەوە بە حەرام زانیوە و خەلیل ئاسا لە بەرامبەر ئەو نەمروودە ملهوڕەدا ڕاوەستاوە . هێندێک پێیانوایە کە لەژێر ڕووبەندی ئایینیی ئەو فتوایەدا ڕەنگی نەتەوەخوازی شاردراوەتەوە و مەلا خەلیل هەست و سۆزی نەتەوەخوازانەی هەبووە و لە بەرامبەریشدا ڕەزاخانی گۆڕبەگۆڕی بێفەڕ و بەدفەڕیش ئامانجی ئەوە بووە کە هەست و سۆزی نەتەوایەتی بسڕێتەوە و بە یەکڕەنگ کردنی جەماوەر باشتر بتوانێ سواری ملیان بێت و چەڵەمەی کۆیلەتییان دە مل بکا.

٦ـ هەرچەند ئەو بەرهەمە بە نێوی "مێژووی زانایانی ئایینی موکریان " نێودێر کراوە بەڵام لە ژێر پەردەی ئەو نێوە، هەڵگری زۆر بابەتی دیکەشە و بە بڕوای من دەتوانین تا ڕادەیەکی زۆر ـ نەک بە تەواوی ـ وەک مێژووی ئەندێشەی ناوچەی موکریان و مێژووی سیاسی، زانستی، فەرهەنگی، کولتووری، ئەدەبی و ... سەیری بکەین، چونکە نووسەر دەو کتێبەدا باسی حوجرە و ماملأستایانی دەرسوێژ و بە ناوبانگی ئەو حوجرانەی کردووە و ڕوونی کردۆتەوە کە لەو حوجرانە کام زانست و دەرسانە خوێندراون و دەخوێندرێن و کام ماملأستا بۆ کام زانست لێهاتووتر و بەتواناتر بووە و لە زۆر شوێنیش باسی بیر و فکری ئەوانی کردووە کە بیریان کراوە بووە یان نا؛ نەتەوەخواز بوون یا دینداری تەک ڕەهەند؛ پێشکەوتن خواز بوون یا پێداگری نەریت و ڕابردوو؛ ئەگەر پێشکەوتنخواز یا نەتەوەخواز بوون، جەماوەر چۆنیان هەڵس وکەوت دەگەڵ کردوون؟ هەروەها ژیان نامەی ئەو ماملأستا و کەسایەتییانەی بە تەواوی ڕوون کردۆتەوە و ئەو زانیارییانەش بە جۆرێک بۆ مێژوونووسی و

کەسایەتی‌ناسی و کۆمەڵناسی و ئاگاداری لە تێپەڕبوونی ڕەوتی عیلم و زانست کەڵکیان لێ وەردەگیرێ . هەروەها ناساندنی شوێن و مزگەوتەکان و ڕوونکردنەوەی ڕێکەوتی بنیات نانیان، پێوەندی بە زانستی ئاوەدان کردنەوە و کۆنینەناسییەوە هەیە و لێکۆڵەری ئەو بەستێنە دەتوانێ کەڵک لەو سەرچاوەیە وەرگرێ . لەو شوێنانەش کە نووسەر باسی بیری نەتەوەخوازی و نوێخوازی و بیرئاواڵەیی مامۆستایەک دەکا و بەربەرەکانی مێشک وشکانی وەدواکەوتوو دێنێتە گۆڕێ، پێوەندی بە مێژووی بیر و فکری خەڵکی ئەو ناوچەوە هەیە و ئەو بەرهەمە دەتوانێ سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی توێژەرانی ئەو بەستێنانە بێت؛ یا کاتێک کە باسی شۆڕشی مەلاخەلیل دەکرێ و باسی بەربەرەکانی ئەو دەگەڵ ڕەزاخان دێتە گۆڕێ و لێک دابڕان و دووبەرەکی عەشیرەکان وەدیار دەکەوێ، پێوەندی دەگەڵ پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو ناوچە هەیە و بۆمان دەردەکەوێ کە هۆکاری تێکشکانی ئەو شۆڕشە و جوانەمەرگ بوونی ئاواتەکانی ئەو گەلە، خۆخۆری و پشتی یەکتر نەگرتنە.

ـ لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە کاک محەممەد کاتێکی زۆری بوو نووسینی ئەو کتێبە تەرخان کردووە و ماوەیەکی زۆری لە تەمەنی بەنرخی خۆی لەو پێناوەدا داناوە و زۆر یەک لە بابەتەکانی وەکوو وتار، پێشتر بڵاو کراونەتەوە؛ هەر بۆیە مامۆستا دەرفەتی هەبووە کە ئەگەر ئەو وتارانە کەموکوڕییەکیان هەبووبێت، پێیاندا بچێتەوە و لێیان زیاد بکا یا هەڵەکانیان بسڕێتەوە ـ هەرچەند پێموایە و ئەرخەیانم لەوەی کە بەرهەمەکانی کاک محەممەد، لەو بەستێن و بوارە پسپۆڕییە تایبەتەدا، بە هۆی وردبینی و هەستیاری ئەو مامۆستایە هەڵەیان نابێ یا ئەگەر هەشیان بێت، زۆر دەگمەنە ـ . گەر بمهەوێ کورتی ببڕمەوە دەڵێم کاک محەممەد دەو بەستێنەدا پسپۆڕە، چونکە بێجگە لە زانیاری و لێهاتوویی و ئاگاداری و هۆش و زەینی باشی خوداپێداوی، کوڕی مامۆستا عەبدوڵڵای ئەحمەدیانە و لە ژێر سەرپەرشتیاری ئەو زانا هەڵکەوتەیە پێگەیوە و هەر لە هەرەتی منداڵییەوە فرچکی بە زانست و زانیاری و کەسایەتی‌ناسییەوە گرتووە و بە هۆی هاتوچۆی مامۆستا دەگەڵ کەسایەتییەکان و دیتنی ڕاستەوخۆی هێندێکیان و کەڵک وەرگرتن لە کتێب و سەرچاوەباشەکانی کە بابی بەڕێزی دابینی کردبوون و بیستنی زانیاری زۆر لە زمانی مامۆستا ئەحمەدیان، لەو بارەوە بەئەزموون و لەکڵدەرهاتووە و خوڵقاندنی وەها بەرهەمێک ـ بە تایبەت لە ناوچەی موکریان ـ ڕەنگە تەنیا لە دەست ئەو بهاتبایە و کەسی تر نەیتوانیبایە ئەو کارە بکا و ئەگەر کاک محەممەد هەنگاوی بۆ ئەو کارە هەڵنەهێنابایە، ئەو بەرهەمە بەنرخە لەکیس چووبایە و کەس چاوی بە دیتنی ڕوون نەبووبایەوە. پێموایە تاکەسواری ئەو گوڕەپانە _ واتە گۆڕەپانی "مێژووی زانایانی ئایینی موکریان" _ لەو ناوچە و مەڵبەندە، هەر ئەوە و تەنیا ئەو دەتوانێ ئەسپی خۆشبەزی قەڵەم لەو بەستێن مەیدانەدا لێنگ بدا. ئەگەر بڵێم کە کاک محەممەد ئەو بەرهەمەی جۆرێک خوڵقاندووە کە ناکرێ لەوە باشتر بێت و پێوە زیادکردنی دەبێتە هۆی دزێوی و تێکدانی و بە قەولی عەرەبان "الزیادةُ عَلَی التّمامِ نُقصا نٌ"؛ پێموابێ مەرایی و زمانلووسی و قسەی بێجێ و ڕێم نەکردووە.

ـ دوایین قسەم ئەوەیە کە: بڵاو بوونەوەی ئەو بەرهەمە، ڕووداو و خەبەرێکی خۆش و دڵخۆشکەر بوو بۆ گشت دڵسۆز و ئۆگرێکی فەرهەنگی و ئەدەبی و زانستی و سیاسی و مێژوویی و تەواوی بوارەکانی‌تری زانست و بە هاتنی ئەو کتێبە بۆ نێو کتێبخانەی کوردی، کتێبێکی بەهێز و پێز و پڕناوەرۆک و فرەڕەهەند و هەرمان بە کتێبخانەی کوردییەوە زیادبووە کە بۆ توێژەران و لێکۆڵەرانی داهاتوو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و بەکەڵکە و هەرکەسێک دەتوانێ پشکی خۆی لێهەڵگرێ و لەو سەرچاوە هەڵێنجێ . گشت ئەو کەسانەی کە ئۆگریان بە مێژووی ئەو ناوچەیە هەیە ـ جا هەر لق و بەشێک لەو مێژوویە بێت ـ یا دەیانهەوێ ژیان‌نامەی کەسایەتییەکان بنووسن یا لە مەڕ باروودۆخی سیاسیی ڕابردووی ئەو ناوچەیە لێکۆڵینەوە بکەن یا لە بارەی ڕەوتی فکری و ئایینی و نەتەوەخوازی و کۆمەڵناسی و زانستیی ئەو خەڵکە توێژینەوە بکەن؛ یا لە سەر ئاسەوارناسی و ناساندنی بینا و مزگەوتەکان بابەت بنووسن یا بە گشتی مێژووی ئەو ناوچەیە بنووسن، سەرچاوەیەکی بەهێز و بڕواپێکراویان لەبەردەستدا دەبێ.

هەینی، ڕێکەوتی ٧ /٨ /١٤٠٠

## دڵ



ئیلام. رودوس فەیلی

هامکلاسێگم قولێ هیشته جی
هاملفێگم دەسێ
هام وڵاتییگم چەمێ
هامزاونێگم، زوانێ
ئوو هامنێشتمانییگم، نێشتمانەگه

م خوەم
باوجی
دڵم هیشتمه جی
ده توو پەتەسوو گوڵوەنییەگەێ لوو
سیمدرگەێلەێ نامڕاس مەیدان مینەگه

*ترجمه

یک همکلاسی از همکلاسیهایم
پایش را جا گذاشت
یک همسن و سال از هم سن و سالهایم
دستش را
یک همولایتی‌ام؛ چشمش
یک همزبانم؛ زبانش
و یک هموطنم وطنش را
من، خودم
اما
دلم را به جا گذاشتم
در لابه‌لای خاکستر روسری جامانده در لای
سیمخاردارهای وسط همان میدان مین
.

رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"
آبان‌ماه ۱٤۰۰
تهران

## بەسمە

بەسمە دی لە یە فێشتر، چە بخوازم؟
بەسمە
جارجارێ، دە کەش ِ تو، خوەم بسازم، بەسمە

بەسمە هەر چێ ک بردم م لە نەرد ِ عشق و مشق
گرگرێ نام ِ چەم ِ تو خوەم ببازم، بەسمە
.
خوەت وتی وەم: بێوەفا، کەسکەسمەناس و
لەیوا؛
گلگلێ هەم لە دەم ِ خوەت، خوەم بناسم، بەسمە
.
وە دەس وا نیەدەمەێ ئی دڵ ِ هووکیهووکییە
هەر بەسە، هەر یە بەسە، خوەم یەکەناسم، بەسمە
.
گشت ئەگەر بیشن: "م ِ چەفتم"، چەفتی ئەر دینە لە م ِ
یە ک ِ بیشی، هەر تو بیشی ک م ِ راسم، بەسمە
.
کەس نیەهیلێ، هەێ وە تو هانامە، هەێهانامە هەێ
خوەت بهیلی وەرد ِ تو چووپی بوازم، بەسمە
.
هە پەشێوم، دڵپەشێو و شێویاگم،
کەسەگەم
ئەر تو ئێشی ک م ِ خاسم، "خاس ِ خاسم"،
بەسمە

رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"
۲۱ آبان‌ماه ۱٤۰۰
تهران

## کورتەباسێک لە سەر:

# گۆرانیی «ئەی خاڵی ڕێبوار»



مەهاباد. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان

بڵاوکراوە لە: بەرنامەی کۆمەڵایەتیی «ڕێگای ژیان»
ڕادیۆ مەهاباد، خاکەلێوەی ١٣٥٩ی هەتاوی

سڵاو لە گوێگرانی بەڕێزی بەرنامەی «ڕێگای ژیان». هیوادارین لە ڕێگای ژیانێکی بەرزی کامڕەوایانەدا هەمیشە سەرکەوتوو بن و بە هاتنی شنەبای مزگێنیی گەیشتنتان بە ئامانجەکان، گوڵی دڵتان وەکوو گوڵەکانی بەهاری پشکووتووبن و لە شادیدا هەنگاوبنێن و لە شادیدا بژین و بە شادی بگەن.

*

ئەوەی ڕۆژاواییەکان پێیدەڵێن «فۆلکلۆر» و ئێمە لە زمانی خۆماڵیی خۆماندا پێیدەڵێین داب و بەیتوباو، کۆمایەکن لە ڕفتار و هاوار کە وەکوو ئاوێنەیەکی باڵانوێن چلۆنایەتیی لەمێژینەی نەتەوەیەک لە درێژایی ڕێگای ژیندا و هاوار و بانگ و بانگاوازی ئەو نەتەوەیە لە بنەبانی مێژوو را هەتا ئێستا لە دیمەنی فیلمێکی ڕەنگاوڕەنگ و گۆیا و زمانداردا وەبەرچاودەخا. هەروەها دەری دەخا کە: ئەو نەتەوەیە هەزاران هەزار ساڵە چلۆن ژیاون و بۆ وەسەرکەوتن لە هەورازێک و خۆگەیاندن بە بستوویەک چەندە هیلاک و ماندووبوون و ئارەقیان لە بەری پێی تکاوە،و شنەبای سەر ئەو بستووانە چلۆن ئارەقی گەرمی ئەوانی ساردکردووەتەوە و نێوچاوانی ئارەقاویی ئەوانی بە ماچکردن لاواندووەتەوە. هەروەها دەری دەخا کە: ئەو نەتەوەیە زۆرجاران لەو ئاسۆیانە ڕا ئێستا نێوچاوانی ئارەقاویی باینی هەورازێکیان ویشکنەبووەتەوە، سەرەوژێربوونەوە بۆ قوڵەشیوەکان و کەوتوونە ناو چاکەقوڵەکان،و ڕۆژگارانێکی زۆر دووروردرێژ لەو قوڵکانەدا پەلەقاژەیان کردووە و لە ئارەقی گەرمی نێوچاوانیان بەر پێیان بووەتە قوا، هەتا لەو قوڵکانە هاتوونەدەر و دووبارە بۆ خۆگەیاندن بە ئاسۆیەک لە هەورازیان داوە و بە دنیایەک کوێرەوەری و ئارەقڕشتن خۆیان گەیاندووەتە سەر بستوویەک، بەڵام دیسان چیان لێ بەسەرهاتووە؟ دیسان سەرەوژێربوون و لە قوڵکە کەوتن و دووبارە هەورازبابین،و لە ماوەی ئەو ڕێبواری و نەگەیشتن بە ئامانج و ڕۆیشتن و ئارەقڕشتن و دووبارە ڕۆیشتن و ئارەقڕشتنە، هاوار و بانگ و بانگاوازی ئەو دەردە بێسەروبنەیان لە دیمەنی بەیتەکان و گۆرانییە پا لە ماناکان و گێرانەوەی نەزیلەکان لە نێو دڵی حەوای دڵفراواندا بڵاوکردووەتەوە؛و لە بارێکی باشتر و ڕاستتردا، گڕپەی بڵێسەی دەروونی گاگرتووی خۆیان و قرچەقرچی سووتانی ئەرک و زەحمەتەکانی خۆیان و ناڵەناڵی ڕەنجەڕۆیی خۆیان کردووەتە هاوارێک و لە دیمەنی گۆرانییە دڵسووتێنەرەکاندا دەردی ڕێبواری و ڕێبوارانی بەهیچنەگەیشتوویان پێ وەدەرناوە



«ئەی خاڵی ڕێبوار! ڕێگاکەت دوورە
باوانم بۆ کوێ، شەوە و تاریکە
خاڵوانم ڕێگاش، تەسک و باریکە
هەر دەبێ بڕۆی، خاڵەگیان تا کەی
لە دەست و پێ بی و، بە هیچکوێش نەگەی؟
تا کەی سەرکەوی و، هەر بێیەوە خوار؟
تا کەی ئەو ساڵیش، هەر وەکوو پێرار؟
خاڵەگیان یا خوا، چینی نەتەوی
ئەوەی نایەڵێ، ئەتۆ سەرکەوی
کەلاکیان وەبەر، هەڵپی گورگی بێ
ڕۆژی ڕووناکت، شەوی مەرگی بێ
خاڵەگیان خاڵە، ڕێگاکەت دوورە!

بۆتان دەرکەوت کە گۆرانیی «خاڵی ڕێبوار» هاواری کێیە و بۆچی ئەو هاوارە دەکا؟ هاواری کچە کوردە قارەمانەکانە کە ئاوریان گرتووە بۆ خاڵە ڕێبوارەکانیان کە بە درێژایی مێژوو ڕەنجەڕۆبوون و ئاکامی ئەو هەمووە ڕێگابڕینەیان هەر ئەوە بووە لە هەورازێک سەرکەوتوون و گەیشتوونەتە بستوویەک و پرشان سەرەوژێربوونەتەوە و دووبارە هەوراز و دووبارە سەرەوژێر،و ئەو کچە کوردانە بە دنیایەک هیوا، چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەو خاڵی ڕێبواری هەزارانهەزار ساڵی ئەوان، ڕۆژێک بە ئاسۆی مراد بگەن و لە ئاکامی ئەو هەمووە ڕەنج و مەینەت و ئارەق ڕشتنەدا یەگجاری بحەسێنەوە؛و دیارە هەتا خاڵە ڕێبوارەکانیان بە کەلی مراد نەگەن و قۆناغی یەگجاری نەگرن، نە چاوەڕوانیی ئەو کچە کوردانە دوایی پێدێ و نە دەنگ و هاوار و بانگاوازی «هۆی خاڵی ڕێبوار، ڕێگاکەت دوورە» لە سەر زاری هیچ کچە کوردێک لادەچێ.[1]

کوتمان (و بەرشتیشمان کوت!) کە هەوای «خاڵی ڕێبوار» بەر لەوەی گۆرانی بێ، دروشمێکە و بەر لەوەی هەوایەکی دڵ-بزوێنی ئەویندارانە بێ، کزەبایەکی ئاورهەڵگیرسێنی کولوکۆی نەتەوایەتییە و بەر لە وەی کوڕەکوردێک ئەو هەوایەی دڕەێنابێ، کچەکوردەکان کسپە و سۆی داخی خاڵانی ڕێبواری بە ئامانج نەگەیشتوویان بە دڕەێنانی ئەو هەوایە دەربایوە،و ئەمن بە نێوی کوردێک هاوڕێ دەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەی کە نەتەوەی کورد دەناسن و چلۆنایەتیی ڕێگابایینی ژیانی ئەو نەتەوە زەحمەتکێش و ڕەنجەڕۆیە لەبەرچاودەگرن و یاسای هەڵقوڵینی فۆلکلۆر و بەیتوباو و هەواکان وەکوو هەموو کۆمەڵناسێک دەبەنەوە حاندی خۆی، بەئاشکرایی دەڵێم کە هەوا جۆراوجۆرەکانی گۆرانی و بەیتی کوردەواری هەموویان هاوڕێی هەوای خاڵی ڕێبوارن و هەموویان هاوارن لەچنگ ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی[٢] و نرکەی سینگی قارەمانانی کوردن کە بەدرێژاییی مێژوو نەتەویستەکانیان ڕەتاندووە و بانگاوازن بۆ ڕاگەیاندنی چلۆنایەتیی ژیانی پا لە کارەسات و مەینەت، بەو کەسانەی کە بەڕاستی ئینسانن و دەیانهەوێ بەڕاستی بەئینسانەتی بژین و بەڕاستی گوێدەگرن بۆ ناڵە و هاوار و بانگاوازی ئەو برا ئینسانانەی کە بە هیچ و خۆڕایی هێرشیان پێدەکەن و وەبەر گوامی ستەمگەرانەیان دەخەن و مرفی ڕەوای ژیانی ئازادی ئینسانیان پێڕەوانادێرن. بەڵام ئەی بۆچی ئێمە لە نێو هەموو هەواکاندا تەنیا باسمان لە هەوای «خاڵی ڕێبوار» کرد و بۆچی ئەو هەوایەمان لە نێو هەموو هەواکانی دیکەدا بۆ وێنەی ئەو مەبەستە هەڵبژارد؟

ولام ئەوەیە: یەکەم، هەوای «خاڵی ڕێبوار» حاڵەتی سۆز و عاتیفە و چلۆنایەتیی دڵئاورگرتنی کچەکوردەکانمان وەبەرچاودەخا کە چەندە لەکوڵن و دڵ پا لە هەستی ئینسانی و عاتیفین سەبارەت بە خزمەکانیان و بەتایبەت چەندە چاوەاوانی هاتنی خاڵەکانیانن کە دەگەڵ چاوڕوونبوونەوەی دایکە دڵسۆزەکانیان چلۆنایەتیی گەشانەوە و گوڵکردن و زۆرجاران فرمێسکی شادی هەڵوەراندن و نیشاندانی شەونمی سەر ڕووپەای گوڵاڵەسوورەکان وەدیاردەخەن. دووهەم، نیشاندانی دڵی پا لە هەستی کچەکوردەکان سەبارەت بە چلۆنایەتیی چارەنووسی ڕێگاتەقاندن و بە ئامانج نەگەیشتنی گەلەکەیان و دەربایینی کسپە و سۆی دڵەکانیان بۆ ڕەنجەڕۆییی گەلە زەحمەتکێشە بە ئاوات نەگەیشتووەکەیان. سێهەم، نیشاندانی ئەو ڕاستییە سەبارەت بە کچەکوردەکان کە لە ڕێگای هەڵگیرساندنی ئاوری شۆڕش هەمیشە شانبەشانی براقارەمانەکانیان چوونەپێش و لە ستەمە جۆراوجۆرەکان بە زار و زمان هاواریانکردووە و بە دەست و قۆڵ و قوڵچاخ چەکە تیژ و ئاوراوییەکانیان لەکارکردووە و بە پانیەی کەوشەبزمارداردەکانیان سەری مار و دووپشکە نەتەویستەکانیان پانکردووەتەوە. چوارەم، پەرچدانەوەی ئەو هەڵەیە کە کوردنەناسەکان تێیکەوتوون و پێیانوایە هەست و شوعووری کچەکوردێک نە بە باسێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی ڕادەگا و نە دەگاتە سنووری سەرەتاییی ئابووری و ڕامیاریی وڵاتەکەی، بەڵکوو تەنیا دەگاتە ئەوەی کە بە دەوری خۆیدا بێ و دڵانێک بڕفێنێ و تەنیا بەوە ڕادەگا کە چاوەکانی بڕێژێ و خوێنی تەواوی ئەویندارانی خۆی بڕێژێ و تەنیا ئەوە دەزانێ کە سەدان کەس شێت و شەیدای شێوەی جوان و دڵڕفێن و سیحراویی خۆی بکا.

بەڕاستی ئەو هەڵەیە چەندە دوورە لە ڕاستەقینەی بیر و باوا و هەستی پا لە کولوکۆ و مەراقی کچانی کوردەواری کە هەمیشە لە بەرەگەی شۆڕشدا کەزیەی ڕەشیان سپیکردووە و هۆندوویانەتەوە و هەزاران خوشکەلەیلایان تێدا هەڵکەوتووە. ئەی بریا هەمووکەس کچەکوردەکانی باش بناسیبایە.

پەڕاوێزەکان:

[١] مامۆستا ئەحمەدیان لە دەستنووسی ئەو وتارەدا، لە ژێرەوەی ئەو دێڕە نووسیوییەتی: «گۆرانیی ئەی خاڵی ڕێبوار». مەبەستی مامۆستا لەو چەند وشەیە، ئاماژەیە لە سەر ئەوە کە دوای ئەو بەشە لە وتارەکە، گۆرانیی «ئەی خاڵی ڕێبوار» بڵاوبکرێتەوە.

[٢] مامۆستا ئەحمەدیان لەو وتارەدا، هەموو بەیتەکانی بە هاوارێک لە چنگ ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی داناوە. مامۆستا دە ـ پازدە ساڵێک دوای نووسینی وتاری بەردەست، لە وتارێکدا (بە ناونیشانی «ئاوادانەوەیەکی کورت لە ئەدەبیاتی کورد» کە لە سەر شریت تۆمارکراوە و دەست - نووسەکەشی پارێزراوە)، بەو چەشنە ڕەخنە لە بەیتەکان دەگرێ: «... بەڵام قسەی خۆمان بێ و لە بەینی خۆمان دەرنەچێ، ئەو ڕفتار و ئاکارانەی کە لەو بەیتانەدا پەسندکراون، ڕفتار و ئاکارەی تەواوی نەتەوەی کورد نین، بەڵکوو ئی توێژێکی تایبەتی و دەسەڵاتداری ئەو ڕۆژ و ڕۆژگارانەی قەدیم بوون، وەکوو دەرەبەگ و قۆڵەمیر و بەگ و بەگلەرەکان کە خۆشخوانەکان لە دیوەخانەکان بۆ پشکووتنی گوڵی کەیفی ئەوان ئەو بەیتانەیان کوتووە،و زۆرتر فەرهەنگی دەرەبەگەکان وەبەرچاودەخەن نەک فەرهەنگی بەرزی نەتەوەی قەدیمی کورد؛ هەر کەسێکیش سەرینجی دابێتە بەر و دوا و ئاکامی بەیتی «برایمۆک» و «مەحمەڵ و برایمی دەشتیان» و «قەر و گوڵەزەر» و «لاس و خەزاڵ» و «ناسر و ماڵماڵ» و «شێخفەرخ و خاتوونئەستی»، بەجوانی دەزانێ کە نەتەوەی کورد لە پەیامی ئەو بەیتانە زۆرزۆر گەورەترە و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە هەموو ڕۆژگارێکدا لە ئاکامی ئەو بەیتانە بەرزتربووە و بەرزترە». بەڵام مامۆستا لە هەمانکاتدا کە ڕەخنە لەو لایەنەی بەیتەکان دەگرێ، زۆر بە شێوەی ئیجابی باسی لایەنی ئەدەبیی بەیتەکان دەکا، وەک لە درێژەی وتارەکەی دا دەڵێ: «بەڵام بایار لە بارەی ئەو ئەدەبیاتە هەرچی بێ و هەرچۆن بێ، تۆسقاڵێک لەو مەبەستە کەمنابێتەوە کە ئەدەبیاتی کوردی بەو بەیتانەوە بە ئەوپەای ڕەسەنی و خۆاسکی و خۆماڵێتی گەیشتووە...». مامۆستا لەو وتارەدا، گرینگایەتیی بەیتەکان ـ لانیکەم ئەو بەیتانەی ناوی بردوون ـ بە لایەنی ئەدەبیی ئەوان دەزانێ و ڕەخنە لە پەیامی بەیتەکان یان ئاکارەی پەسندکراوەی بەیتەکان ـ یان لانیکەم بەشێک لە پەیام و بەشێک لە ئاکارە پەسندکراوەکانی ناو بەیتەکان دەگرێ. وەک ئاشکرایە مامۆستا لە دوو قۆناغی جیاوازدا، دوو ڕای جیاوازی سەبارەت بە بەیتەکان هەبووە. مامۆستا لە سەرەتای وتاری بەردەستیشدا فۆلکلۆر (کە بەیتەکان بەشێکی بەرچاو لەون)، بە کۆمایەک «ڕفتار و هاوار» ناودەبا کە وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن چلۆنایەتیی لەمێژینەی «نەتەوەیەک» وەبەرچاودەخا...
*



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ـ ئەو وتارە (وەک نزیک لە هەمووی وتارە ڕادیۆییەکانی مامۆستا)، سەردێا یان ناونیشانی نییە و بەپێی ناوەرۆکی وتارەکە سەردێا یان ناونیشانی بۆ داندراوە.

ـ ئەو وتارە تایبەتە بە بەرنامەی کۆمەڵایەتیی «ڕێگای ژیان». ئەو بەرنامەیە ساڵانی ٥٨ و ٥٩ی هەتاوی لە « ڕادیۆ مەهاباد»دا بڵاوکراوەتەوە و مامۆستا ئەحمەدیان تەنیا نووسەری ئەو بەرنامەیە بووە، نەک پێشکەشکاریش (بەپێچەوانەی «بەرنامەی ئایینی»ی «ڕادیۆ مەهاباد» کە مامۆستا ئەحمەدیان هەم نووسەر و هەم پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە بووە).

ـ ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە لە بەرنامەی «ڕێگای ژیان»ی «ڕادیۆمەهاباد»دا، ٢١ یان ٢٣ی خاکەلێوەی سا ڵی ١٣٥٩یە (بە هۆی خۆپاراستن لە درێژدادای، لێرەدا چۆنییەتیی دۆزینەوەی ڕێکەوتی پێشکەشکردنی ئەو وتارەم، بەوردی باسنەکردووە).

جەماڵەددین ئەحمەدیان




بروجرد. سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی)

(١)
لەیلاکەم
کە بوو بە پایز
تۆ هەنارەکان بچنە و
بووم بێرا...
دەمەوەێ شەوگاری درێژی پایز
هاوڕێ بوونی دەستەکانی تۆ بم
هەتا گەیشتن بە بەیانی
هەنار تەنانەت بەڵمەیکە...

(٢)
داری عومرم،
برینێکی قووڵ لەپییە
لە دەس تەوری تەنیایی

(٣)
دەلاقەکان لێک کەوە
هەتا بۆنت
شار و شەقام لەبەر بگرێت و
قۆرتانن لە بیری جیهان ببات



## باڵا بەرزەکەی لووتکەکان

سنە. ئیرەج عیبادی

چاو خشاندنێک بە تۆ و
نهێنی ئاویەر وتەنووری ئاوات و گونبەزی ئاڵا و
بۆنی باڵات کە لەبیرم ناچێتەوە
بە هەڵمەتە جوانمێرییەکانت،
لە سەر ئەسپ و"دۆڵی ئەسپان"* و ئاگر
لە ئاوێنەی جوانی ڕاپەڕینی هەوەڵی شۆڕش دا هاتیت
دڵتنگییەکانی باران دوایی نییە
کارەسات بە شوێن کارەسات
بەردە باران بە دووی بەردە باران
گوللەی وێڵ بەشوێن گوللەی وێڵدا
کەوتنی خوارەوە چاو و دڵ و هەرا
لە ئاکامی بەرزاییەکانی چیا
تەفەنگی ناپیاو یانی نان بۆ نان دز
بۆ نان بڕ لە سەر جادەکانی جەردە
بەرگری لە ڕەشایی زەمان و سەرنیزە
یانی مۆسیقای هەتاو زامدارە و
بە جلی ڕووناکی
لە لێرەوار بێ برانەوە
ئاواز دەخوێنێ
ئامیری چەک و قەلەم
لە ڕۆخانەی ژیاندا
سەمفۆنیای ماسی وئاو ساز دەدەن و
باقە باقە گوڵەبەڕۆژە
دەنێژین وسەر هەڵدێنن
تەمەنێکە بووم بە تۆ
لە گروی مانگدا دەدرۆشایەتەوە
تۆ دەبووی بە من
هیچ گوڵدانێک
بە قەوارەی گوڵەکانی دەنگت
شێعر نارازێتەوە
ئاهەنگی عەشق دووایی نیە
تا
ئێمە عاشقی نەوەستانین.

• دۆڵێکی سەوز و جوان بە ڕەو ماماتکە لە بەرزاییەکانی ئاویەری سنەدا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## زستان



سەقز. پشکۆ یاسینی

بەفری پاییزی دەباریٚ وەرزی دڵ زستانییە
گوڵ وەرێنە بای خەزەڵوەر چاوەکەم بارانییە

ئەو گەڵا زەردەی وەریوە ڕۆژەکانی ژینمە
بەو کرێوەی گرتی جێژوان ئەو دڵەم شەوژانییە

بەم ڕپرووشەی بەفرە دونیا پڕ لە یەک ڕەنگی بووە
کەی هەزار ڕەنگی لە ژینا خوو و خدەی ئینسانییە!

گوڵلە پێکای سوورگوڵی دڵ، ئۆف بە زارمدا نەهات
زایەڵەی نێو بەفر و خوێنم داد لە بێ ویژدانییە!

دڵ لە ڕێبازی ئەوینا خۆرەتاوە گیانفیدا
تیشکی ڕۆژ کەی گوێی لە دڕک و داڵی ڕێگەی کانییە؟!

بۆیە باهۆز ناخی پشکۆ، کۆ بە کۆ توێ توێ ئەکا
چونکە ترسی گرپژێنی، هەژگەڵی کوێستانییە!



میراویٚ. شارین

لەبیرتە یەکەم ژوانمان
ئەت وت: تازە گەیشتم بەتۆ
لەدەستت نادەم...
ئامێزت کردبوو ملم
دەت وت: بۆهەموو دونیا
دەست لەهەستت بەرنادەم.....
ئەی چۆنە
ئێستا تۆو خەیاڵ ویادەکانت
بوونە بیرەوریم....
هەستت کوشتم
لەدووری تۆ
بەحاڵ ماوم یەک یەک
گەڵای شادیم وەرین...

## ڕێگا



سنە. عەلی سوهرابی

شۆستەی قەدەر تەم و مژە
قەزای جادە یەکجار خزە
قیرتاو سپی وەک چارەنووس!
ماشێنی مەرگ لێڵ و کەسیف
تەگەر تۆقیو، دڵ پڕ فریو
کەس ناوێرێ دەس بەرزۆ کا
کەس هێزی پیاسەی نەماوە.
شیوو دۆڵ خەواڵوو دەمداچەقیو
کێوان هەموو لەسەر چۆکن
دارو دەوەن زیزو زویر
چۆمی سرک بە هەڵەداو خۆی ون دەکا
مەلی دڵان ئاسمان پێو
ڕێگا هەموو بەرەو بانە
بەعزێ جاریش بۆ تورکستان
کێ بەڵەدە، کێ نابەڵەد؟
پا هەڵگرن، جادە کۆتایی نایێ
ئارەق ڕێژو دڵ پڕ مەراق
جێگا پامان کوێرۆ دەبێ، کەس نایبڕێ
کەس پێوشوێنمان هەڵناگرێ!
جادە چۆڵ و قاقڕستان
پڕ کەندەڵان یان ساف و ڕێک
فەرقی نییە پا هەڵگرن
ماشێنی مەرگ تورمز بڕاو، ڕوو لە نشێو
جادەی ژیان پێچەڵاو پووچ
پیاوی دەوێ گیان دەربەرێ...
من پێموایە شۆفیری عەشق
دەس بەفەرمان ئێمە هەموو دەپارێزێ
"یاڵا شوفیر یاڵا زووبگەیارم
زووبگە یاری توخوا وەفادارم..."
شۆفیری دڵ خۆش سەفەرە
دەنگی زیرەک شادمان دەکا
ماڵی ئاوا...
ڕێگا بەسۆز بانگمان دەکا
پا هەڵگرن ...



## له چیرۆکەکانی سوور پێستانی ئەمریکا

بانه. غەفوور ساڵحی





باوەگەورە نەسیحەتی نەوەکەی دەکات:

ـ ڕۆڵەم ئاگادار بە، کە لە ناو دەروونی ئێمەدا دوو گورگی تێدایە کە هانمان دەدەن بۆ ئەوەی چۆن ڕەفتار کەین

یەکیان درندەیە و هاندەرمانە بۆ خراپە و لە هەرچی کار و ئاکار و هەڵسو وکەوتی باشی ئینسانییە، بێزارە و دژی دەوەستێتەوە

ئەویدی پارێزەری ژیانی ڕاستەقینەی ئینسانییەو هاندەرمانە بۆ چاکەو کار و ئاکار و هەڵسووکەوتی شیاوی ئینسانیە

ئەو دوو گورگە لە نێو هەموو ئینسانێکدا هەن و دایم لە جەنگ و کێبەرکێدان

باوەگەورە لێرەدا بێدەنگ دەبێ

نەوەکەی کە هێشتا مێرمنداڵێک دەبێ، چیرۆکی شەڕی ئەو دوو گورگە سرنجی ڕادەکێشێت و دەڵێت:

ـ تەواو بوو باپیرە؟

باوەگەورە دەڵێ:

ـ بەڵێ ڕۆڵە، تەواو

دوای هەندێک بیرکردنەوە، نەوە دەپرسێت:

ـ ئەی باوە گەورە، ئەو دوو گورگە کە هەمیشە لە شەڕدان، کامیان سەرکەوتوو دەبێت؟

باوە گەورە کە پێی خۆشە بەو حقایەتە تۆوی پرسیاری لە زەینی نەوەکەیدا چاندووە، وەک چاوەڕوانی ئەو پرسیارە بێت، وڵامی دەداتەوە:

ـ ئەو گورگەیان کە تێرتر و بەهێزترە

نەوە دەڵێ:

ـ چۆنایی، باپیرە؟

باوەگەورە دەڵێ:

ـ ئەو گورگەی کە ئێمە خۆراکی پێ دەدەین و تێری دەکەین بەهێزتر دەبێت و سەردەکەوێ و بەرامبەرەکەی دەبەزێنێ

****

ئاگامان لێ بێ چۆن بیر دەکەینەوە، چون ئێمە دەبینە وێنەی بیرکردنەوەکانمان

منداڵانمان فێر کەین کە خۆراک بۆ کام بەشی زەینیان دابین دەکەن



ک.د.ئازاد و مام خدر(حەیرانبێژی گەورەی کورد)

## چـــاوەڕوانـــی

زستان
بەهارێک بوو عاشق
هەر وەکوو من!

ڕۆژەکانی چاوەڕوانی
قژەکانی سپی کردن!

## هەڵسەنگاندن . منوتۆ



مەهاباد. سووتاو

ئەتۆ غونچە ی گوڵی من درک و داڵم
ئەتۆ تەیری هوما من پیرە داڵم

تەواری جوانی تیژ باڵی خەیاڵی
ئەمن کوندی غەمم وێرانە ماڵم

ئەتۆ ئازاد و جوان و دڵرفێنی
ئەمن بەندی لە زیندانی خەیاڵم

ئەتۆ وەک شەهدی شیرینی جوانی
ئەمن وەک ژەقنەمووتم، تیژ و تاڵم

ئەتۆ شازی هەموو دایکی سورشتی
ئەمن بیانوو گرم، وێنەی مناڵم

ئەتۆ دەفرِیهەتاسەر دووندی ئاوات
ئەمن بەندی قەفەس گیراوە باڵم

ئەتۆ مەند و ئەتۆ بێدەنگ و ژیری
ئەمن سەودا سەر و دێوانە حاڵم

ئەمن زریانی زستانم، کرێوەم
ئەتۆ تینی سورشتی وەک شەماڵم

ئەمن راوچێکی پیری نائومێد م
ئەتۆیئاسکیسڵیخۆشخەتوخاڵم

ئەتۆ گەنجی، جەوانی، پڕ لە تینی
ئەمن کۆچەر مەرگ نادا مەجاڵم


ئەتۆ شیرین بەیان و خۆش کەلامی
ئەمنبێهەستو وخوستوگێژولاڵم

ئەتۆ توولە نەمامی شلک وساوای
ئەمن ئەو کۆلکە دارەی کۆنە ساڵم

ئەتۆ خوێنی منی مایەی ژیانی
منئەو جەستەمله خوێناوا شەلاڵم

من ئەو(سووتاو)ە دێوانەم لەتاوت
نەما عەقڵ ونەما هۆش و کەماڵم

## گرفەی شێعر



مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

خۆشە سەر مەستی بە مەرجێ مەی پەرێشانت نەکا
یا بە سۆزی پەنجە مەستێ دەس بە دامانت نەکا

دەنگی نەغمەی پڕ لە سازی ئاوی هەڵدێران لە دوور
دەس وە ئەژنۆی پڕ لە ژاری کۆچی یارانت نەکا

یا بە هاژەی گوێ تەزێنی نەعرەتەی پڕ تاری با
بڕەڵەی بەر گێژەڵووکەی چۆل و هەردانت نەکا

تەشقی تینی عەشقی شەوقی ڕوومەتی گوڵنازی ڕۆژ
تاوە سووتی خۆڵی دەرگای هەور و بارانت نەکا

کۆلکەزێڕینەش کە ڕازاوە بە حەو ڕەنگانەوە
مەحوی پرچی پڕ لە داوی قەت لە پەیمانت نەکا

دڵ کە پێکاوە بە شیر و تیری برژانگ و مژۆڵ
بەندی نازی پڕ لە ڕازی کیژی جیرانت نەکا

هەستە شاهۆ هەستی تۆ ئیمرۆ لە دڵ غەوغا نییە
گرفە گرفی هەستی مەستت بەندی گڕ کانت نەکا



## ناسر ئاغابرا؛ هەڵبەستوانی خاوەن هەست و خودان هەڵوێست

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛ زماناناس و توێژەر

ناسر ئاغابرا له وارگەی سەرەتای شاعیرێتیدا، شاعیری سروشت و بەهار و "کانی " و گوڵزار و دیمەنی ڕازاوەی کوردستان بوو و وەک شاعیرێکی سروشتخواز (naturalist) خۆی دەرخست و دەکرا و دەلوا به هەڵبەستوانێکی سەر به قوتابخانەی ڕۆمانتیسسم له ئەژمار هاتبایه و پێناسه کرابایه . هەست و نەست و سۆز و عاتیفەیەکی گڕگرتوو و تژی له ڕەگەز و ماکەی جوانیناسانه و خاسوێژانه، هاوڕێ لەگەڵ وشه و زاراوەی دڵبزوێن و بیرخەملێن و دلئەنگێو و بیرهەژێنی هەڵقوڵاو له بیرگەیەکی سروشتخوازانەی ڕەسەن، هاریکاری بوون بۆ ئافراندن و بەرهەمهێنان و خولقاندنی تاقمێک شێعری ڕۆمانتیک که جێی خۆیەتی له ژێر تیشک و شەبەقی پێوانه و پێوەرەکانی قوتابخانەی ڕۆمانتیسیسم، دواتر و لەکاتی گونجا و دەرفەتی شیاو دا ، وەبەر تیشکی نرخاندن و هەڵسەنگاندن بخسترێن و بەپێی تەوەرەکان و پێوانەکانی ئەدەبی بەراوردکارانه لەگەڵ هاوشێوازەکان و هاوچاخەکانی خۆی هەڵسەنگێندرێ و بەراورد بکرێ.

بەڵام "ژاکاو " له دوا قۆناغ و وارگەی شاعیرێتی دا ، وێڕای مکوڕ بوون و شێلگیر بوونی ڕێژەیی و بەردەوامبوونی له چالاکیبوواندن له گۆڕەپانی ئافراندنی شێعری سروشتخوازانەدا، بەڵام له ڕوانگەی پێوەرەکانی زانستی شێوازناسیدا، تا ڕادەیەکی بەرهەست و نکوڵلێنەکراو، چەشنێک "شیفتی وێژەیی" (literary shift) و خاڵی هەڵگەڕان به شێعرەکانییەوە دیار و بەرچاوە و پتر و پتر خۆی وەک شاعیرێکی بەشمەینەت و شۆڕشگێڕ و خەباتکاری سەربه "وێژە و ئەدەبی بەرگری" (opposing literature) وێناکرد؛ خۆی وەک هەڵبەستوانێک دەرخست و شێعرەکانی به شێوەیەک ڕۆنان و ڕاینان که پتر و پتر نوێنەری شاعیرێک بوون که گڕی گەڕای شێعری بەرگری له دەروونیدا و لەبیرۆکه و بیرگەی دا له جۆش و خرۆش و ئایسان و داگیرسان دایه.

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوێستەیه ئەمەیه که بۆ ئەو ئاژوانه نوێیەی و بۆ ئەو ڕسکان و هەڵگەڕانه نوێباوەی، هەر له هەمان هێما و ماکه و هیمی سروشتخوازانه کەڵک وەردگرێ واته له سروشتی کوردستان، هەم وەک هێمای سروشتی ڕەسەن و هەم وەک هێمای بەرگری ڕەسەن؛ له "قەندیل "، له "شاهۆ " ، له "نەکەرۆز"، له "هەڵگورد"، له "ئاربابا" ، له "ئاراڕات" و هتد ، وەک هێما و "دال"ێکی فرەڕەهەند و فرەدەلالەت کەڵک وەردەگرێ؛ کەوابوو ئاو و گڵی هێماییی هەردوو چەشنه شێعری، پتر و پتر، هەر سروشتی دڵڕفێن و بیرخەملێنی کوردستان بوون.

کەوابوو ناسر ئاغابرا (ژاکاو )، بەهۆی تێکچندراویی هێماکانی له دوو شێواز و ستایله جیاجیاکانی دا و تێکچندراویی شێوازەکانی داهێنانه ئەدەبییەکەی ، هاوکات لەگەڵ سەربەخۆیی شێوازەکانی داهێنانی شێعریی ئەو شاعیره ، شاعیرێکی "سروشت ـ بەرگریخواز" ـه و هۆنەرێکی دووشێوازه ( synchro–style poet) ـ یه و جێی تێفکرین و سەرنج و تێڕامانه .

"ژاکـاو"ی خاوەن هەڵوێـست بوو
دژ قاڵاوی هەلپـەرست بوو
گەیـشتنه لـووتکه، خواز و ویـستی
هەڵۆبوون خۆی و هەڵـبەستی
هەڵـفڕیـنه دوندی هەرمـان
ڕووەو قەنـدیـل بەرەو ئاسمـان

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەریوان. ڕانا


مەیلانگانە
تیجیەو چەمات
کەوتە سارایی دڵەکەیم
ونی جۆشیا،
دڵە خوریە
بریەش
ڕاو ئاماو هەناسەیم
لاڵیانێوە
زەمان مدرۆ
ڕۆجیار
سەرکەلەوە
ویش خجڵنۆ
چەترەو شەوێ
نەدریۆ سەر
تا
پەنجێ وەشەسیایی
جە ئەدای با

❋❋

دڵتەنگیەکام
مسپارۆو بە خەیاڵەکام
دەسەملانوو حەزیت بوونە
ئارام گێرۆ
دڵی تەنیام

❋❋

دڵم پاییزا و
ڕوخسارم زەردوو زەمانەی
نمەنمەو وارانوو هەرسام
جە تاوو دووریت
ئازیزەکەم!
ئاسمانوو وەشیش
پۆژنان،
کەوتەن شۆنەو
تەم و تواڵی و هەورووو ویانەی



ئیلام. دیلۆڕان. زەینەبێ فەرزی"شێلان"

ئەژ جەورێ خیاڵێ تو ڕەش پوشم و خەمبارم
شێڤێ تونە ک هەرشەو دێ دە سەرێ بیمارم

دەرڤەدەر ڤەیلیکم ڕمیامە دە پوسی خوەم
ئەڵجا مەنیە شونێ زەخمت دە بنی لارم

چەو نیقەنی و  هێگات هەفتا بەنم ڕزیا
بڕ داینە تو ئەژ ڕیشە تەل تەل بەنێ تەمدارم

خەم ئشکەنیە پشتم چی دالی سەرێ کیشتم
تو تەشێ بلیزی بین گڕ داینە هەمێ جارم

مە پێڤەنی دەردم زەخمێ دڵەکەم کاری
چی کورە عەسا بردە خاپوورە بیە کارم

کم دێ تو بکوت تیشە ڤ ڕیشێ مە هەر ڕۆژ
خوەم دارێ ڕمووژ دایەم لونێ مەلم و مارم

سووزیامە و برشیامە دەس ئەڵ بگرم ئەژ تو
زڕیایە زەنگم تا کێ سەر ئەژ هەمە ئەوشارم

پاسووزە تونم ئەمرێ کوڵکێ سەرم ئەڵکەنیا
چی داڵکە کوڕ مردێ سەت ساڵە ئەزادارم



## ڕازی بەقا

مەهاباد. سمکۆ پاکزاد

دوو- سێ مراوی و بێچوە مراوی لەنێو گۆمێک دا خەریکی مەلەو ژیانن.
ڕێویەکی زۆر ڕێوی لە دوور ڕا ئاگای لەو ماجرایە هەیە و بە ئیشتیا چاویان لێ دەکا .
بیر... بیر...بیر... . ئەرێ بۆ وەدەست هێنانی لاني کەم دەنکێک لە وانە دەبێ چ بکا؟!
چ بکا...؟!
ڕاوەستن ئێمە لێی دەگەڕێین بزانین مام ڕێوی بۆخۆی چ فکرێکی بۆ دۆزیوەتەوە؟
ئێ ! ئەوە بۆ کوێ دەچێ ؟!

ـ قانگەلاشکێک هەڵدەگرێ و لەولاتری وان لە سەر کەندەڵانێک ڕا جاڵەی دەکاتەوە خوارێ. قانگەلاشک خولۆر دەبێتەوە نێو ئاو ... مراوێکان دەپرینگێنەوە بەڵام دوایە کە دەزانن قانگەلاشکە وجێی مەترسی نەماوە دیسان لێک کۆ دەبنەوە و خەریکی کاری خۆیان دەبن ڕێوی دیسان قانگەلاشکێکی تر بە ئاوێ دادەدا . شڵپە لە ئاوێ دێ و مراوێکان دیسان ڕادەپەڕن دیسان هیچ نیە با درێژە بە مەلە کردن بدەن .

ڕێوی بۆ ئەوەی مراوێکان لە نەبوونی خەتەر مەترسی لەدەور و بەریان خاتر جەم بکا و خۆشی لە گێژی مراوێکان خاتر جەم بێت بۆ دوایین جار قانگەلاشکێکی دیکە لەڕاستی ئەوان جاڵە دەکا و بە ئاوی دا دەدا وئەو جار دەبینێ مراوی هەر هەڵیش نابەزنەوە ، وەک ڕاوچیەکی قاڵب سووک خێرایەکی قانگەلاشکێکی دیکە بە دەمیەوە دەگرێ و لە حاستی مراوێکان خۆ بە ئاو دادەدا و خێرایەکی ئامبازیان دەبێ و پڕ دەداتە ملی مراویەک و هەڵدێ یارەبی نۆشی گیانی بێ!!

هێندێک کەس هەن بۆ وەدەس هێنانی ماف حەوسەلەي ئەو هەموو وەدووکەوتنەیان نیە، حازرن بمرن ، بیان کوژن ، هەست و ئیحساسیان بکوژن بەڵام تووشی گرییەکی بچووک نەیەن و وەک ڕێویشیان پێ ناکرێ .
سوبحانەڵلا...

## سیاسەت بۆ بەقای ژیان و وەدەست هێنانی ماف

ئاخرێکانی پاییزێ وەختێکی هەوا وردە وردە بەرەو ساردی دەڕوا ڕێوی کە لە کونان دا دەژی ،لە وەرزی گەرما دا تووڵەک دەکا و لەڕ دەبێ و تووکی دەوەرێ لەو وەرزەش دا  هەر وەک دەزانن کێچ و ئەسپێ لە کونان دا زۆرتر گەرا دا دەنێنەوە ، ڕێویش کێچ هەڵدێنێ و لەبەر هێرشی ئەو داعبایانە ئارام وقەراری لێ هەڵدەگیرێ بەڵام هێندەش فەقیر و بەستەزمان نیە کەبهێڵێ زیادە لە ماوەیەکی کەم ئەو داعبایانە خەریکی خواردن و کەوڵ کردنی بن . ڕێوی داعبایەکی زرینگ و فێڵە بازە ؛ ئەوە ڕاستەقینەیەکە. بێ شک بۆ ئەو موشکیلەش چارەیەکی باشی دۆزیوەتەوە ؛ لە کونەکەی دێتە دەرێ تەپالەیەک بە دەمیەوە دەگرێ و دەچێتە نێو ئاو تەپاڵەکەی بەهەر دووک دەستان دەگرێ و وردە وردە خۆی لەنێو ئاوەکەدا قوم دەکا هەڵبەت تەپاڵەکەی لەسەر سەری ڕادەگرێ ناهێڵێ تەڕ بێ. ئەو جار هەرچی کێچ و ئەسپێیە لەترسی ئاوێ بۆ لای تەپاڵەکە « ویشکایي» دەڕۆن و کاتێک ئەرخەیان بوو کە داعباکان بە تەواوی لەسەر تەپاڵەکە کۆ بونەوە سوکێکی دەستی لێ بەردەدا و لەو لای چۆمی بەپاک و خاوێنی دێتە دەرێ .
بژی ڕێوی !

ڕێگای گاگەش مەهاباد
٧٧/٥/٩ کاتژمێر ١٠ی شەو
لە نەقڵەکانی سمکۆ

## شیرین



بانه. قادر خدرزاده

شیرین به هاره به هارێکی خۆش
وەنەوشە بچنە بە کۆڵوانەو کۆش
شیرین هەنگوینە زمانی کوردیت
هەزاران ڕەحمەت لە وەفایی و تۆش

❁❁

شیرین کە گونجا سەرێک وەرەوە
نەوەو نەویلەت بە سەر کەرەوە
باویان نەماوە سوخمەو گۆبەرۆک
لاپەڕێکی نوێ هەڵدەرەوە

❁❁

شیرین وەفایی ئەو کات چی فەرموو
چۆن تەشی باس کرد مەلای ڕیش چەرموو
تەشی ڕێس ئەورۆ باوی بە سەرچوو
مەکینە هات و تەشی ئاوابوو

❁❁

ئەوسا ژین سادە ، نوێن چارۆکە بوو
دەستە خوشک بوون بووک لە گەڵ
خەسوو
ئێستا تیر داوێن بۆ سێبەری یەک
چەکیان سیلاحە نەک شەکرە بەروو

❁❁

شیرین ئەوکاتەی تۆتەشیت دەرست
بۆخوسان مەشکەت لە قولەتێن دەخست
زمانی دایک ئەو سات نرخی بوو
وەک ئێستا نەبوو خواروخێچ و سست

❁❁

ژنان وەتەشی ئەلان ئەیژن دووک
بە جێگەی بزن خووش دەدۆشن خوک
زمانی دایک تەواو بێ نازە
ناوی عەرووسە ئێستێ تازە بووک

❁❁

شیرین لە داخان سەرم تەزیوە
زمانی داکمان جێگەی پەسیوە
قسەی پێ ناکە ن بەزمانی دایک
زمانم زەردە ڕەنگی پەریوە

❁❁

جێگەی قاورمە کاڵباسەو حەلیم
چێشتووەمە لێیان(عذاب الیم)
هێند گۆشت کەرم خوارد زمانم گۆڕا
ڕاستیەکەی مردووم بە ڕواڵەت دەژیم

❁❁

شیرین پیرۆز بوو گۆزەی سەرشانت
جێی حەسانەوەو شوێنی وچانت
ڕێی کانی ببوە نازگەت نازیلە
وێنەی لاولاو بوو هەیکەڵی جوانت

❁❁

شیرین دەسرازە باوی نەماوە
بێشکەولانکۆڵە کەوتوونە لاوە
دایک کۆرپەکەی وەها بارێنێ
پێی نەڵێ دایە مامانی ناوە

❁❁

شیرین کە تۆ چووی ئاڵا هاتە جێت
تەشریفیان دووپێ حستۆتە جێ پێت
تەشی شکاند و گرۆڵەی توور دا
بۆوەی نەریتی عارەوی فێر بێت

❁❁

شیرین نموونەی کیژی کوردانی
کیژی داوێن پاک ژیکەڵەو جوانی
کەسێک دانەنێ بایەخ بۆ زێدی
ڕاستە حیزداکەو بابیشی زانی

❁❁

زۆر کەس بە پوولێ دەفرۆشن خاکت
دەزرێنن ناوی پیرۆز و پاکت
بەڵام دڵنیام کیژی وێنەی تۆ
شکور گەلێکن نانەبێ باکت

❁❁

شیرین بە ناوی شیرینت قەسەم
کوولەکەی ڕووحمە کوردی هەتا هەم
ئەمانەش وەک تۆ بەکوردی دەدوان
خەجێ و خەزاڵ وخاتووزین و شەم

❁❁

زمان وەلانێین گەلمان دەدۆڕێ
پیناسەی گەلێک تەواو دەگۆڕێ
نامێنێ ناوی لە کوولەکەی تەڕ
شەرەف و ئابرووی پاک دادەچۆڕێ

❁❁

دەبێ بزانین وردو پیر و لاو
ڕەقیب داناوە لە چوار لاوە داو
زۆر بەکاووخۆ زمانم دەبڕێ
ڕیشەی دەکێشێ هەنگاو بە هەنگاو

❁❁

شیرین بێ گۆڕی وەک سەربازی ون
چاکە ژنانی کورد وەک تۆ وابن
کۆرپەی شیرینیان وەها بار بێنن
بە کوردی بژین ، بە کوردی بمرن

❁❁

کە مەلا بانگی بە گوێچکە دادان
لە کۆرپەی ساوا وەرگرن پەیمان
نەکەن خەیانەت بە شیری داکیان
نەریتی زێدیان نەدەن بە تاڵان

❁❁

زمانی دایک پێناسەی گەلە
وشیار بن گەلۆ کەشیەتی هەلە
ئەستێرەی بەختمان هاکا دەرکەوت
سەیری کەن ڕوونە ئاسۆی ئەو کەلە

❁❁

شیرین هەوڵ ئەدەم بە گیان و بە خوێن
نەویلە و وەچەم بە کوردی بدوێن
ئەم خاکە لە لام گەلێ پیرۆزە
لە پاش مردنیش بۆم دەبێتە نوێن

❁❁

شیرین زمانت یەکجار شیرینە
ئەم زمانە بۆمن هوومێدە ژینە
هەوڵ وکۆشم بۆوەیە تا هەم
مۆرکی کوردبوونم بدەم لە سینە

# چۆن دڵت هات



ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە

چۆن دڵت هات تۆبەجێت هێشتم بەتەنیا مامەوە
نەتدەزانی دوای نەمانت شێت دەبووم دەخولامەوە
ئیمامی

دایەگیان ئەورۆ ماوەی دەساڵە بەجێت هێشتووم ماوەی دەساڵە لەتۆ دوورم جاری وایە بەبیرم دادێ ئەگەر بێتو بەهەڵکەوت ڕۆژێ لەسەرشەقام یاکوو لە شوێنێ بتبینم بڵێی بتناسمەوە ؟

بەڵام نا لەوکاتەوە ڕۆیشتی و دەستی منت بە گریانەوە لە داوێنت کردەوە و بەجێ هێشتم، ئیتر نەمدیتێوە،پێم وایە زۆر گۆڕاوی، لەوساتەوە ئەوە یەکەمین جارە بەنامە لەگەڵت دەدوێم ـ

دڵنیا نیم کەپێت دەگا یا نا ؟

دایە ئێستا بەدزی زڕ دایکمەوە لەقوژبنێک دا ـ دەردی دڵم بە پێنووس دەڵێم ـ ئەو بە خوێن ومن بە ئەسرین لاپەڕەی کاغەز وەک لاپەڕەی ژینم ڕەش دەکەمەوەو بۆتۆی بەڕێزی دەنێرم ـ

دایە ئەو کاتەی منت بەجێ هێشت تازەتەمەنم لە چوار ساڵ تێ پەڕیبوو دەزانی چەند بەشوێنتدا گریام؟

باوەرت بێ بەرادەی هەوری بەهاریم فرمێسک ڕشت.

لەوکاتەوەوەک شێتان هەربەشوێنت دادەگەڕێم تەنانەتی هەر ژنێک لەسەر شەقام یا کوڵان دەبینم بەدڵ دەمهەوێ پڕ بەدەم بانگی کەم دایە ـ بەڵام بەداخەوە وەک کاتێکی زڕ دایکم دەست لەسەردەمم ڕادەگرێ،تادەکەومە پەلە قاژەی مەرگەوە ـ بوغز بەری گەرووم دەگرێ ـ وشەی جوان وپیرۆزی دایە لەناو قورگمدا دگیرێ و دەنگم لەسینگم دابەند دەبێ هیچم پێ ناکوترێ دایە گیان نازانم چۆن دڵت هات دەگەڵ ئەو هەموو خەم ودەردە بەجێم بێلی و ووشەی پیرۆزی دایەم لێ بشارێوە چۆن دڵت هات وابێ پەروا گوڵی ژینم بژاکێنی ودەگەڵ یەکی تر زەماوەند بکەی؟

چۆن توانیت لەئامێزی ئەودا من لەبیر بەرێوە؟

دایە گیان ئاگادار نەبووی لەسەرمای زستان وگەرمای هاوین چیم بەسەر هات ؟

نا دایە تۆ هیچکات لەبەر خۆشی دڵی خۆت ئاگات لەمن نەبۆ ـ

لەوماوەیەدا تاڵی و سوێریم لە ژیاندا زۆر چێشتبۆ بەجۆرێ کەزمان لەگێرانەوە و قەڵەم لە نووسینی عاجزن ـ ئێستاش کاتێ شەوانە چاو لەسەریەک دادەنێم ودیمەنی ناخۆشی لێک جوێ بونەوەی تۆو باوکم دێتەوە بیر کە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئاەو ناڵەو گریانی من لەدەفتەرخانە لێک جوێ بوونەوە ـ

وەک شێت پەنا و پەسیو و قووژبنان دەگەڕێم تا بەڵکو تۆی خۆشەویست تەنیا بۆ ساتێ ببینمەوە.

بەڵام ئاخ بەداخەوە کاتێ دێمەوە هۆش ـ ڕۆاڵەتی زڕ دایکم دەبینم کەدەستی بەکەلەکەی گرتۆوبەتووندی هەرا دەکا هیوا لەبیرت نەچێ بوومەلێلی بەیانی دەبێ هەستی بچی بۆنان کڕین.

ئاخ دایە جارێک کەمێ بەفر باریبوو شەقام وکوڵان بەستەڵەک بوون کەوشە دڕاوەکانم لەپێ کرد و چووم بۆ نان کڕین لەگەڕانەوە دا هەڵ خلیسکام نانەکەم لێ قووڕاوی بوو ئەوەندەم سەرما بوو کە دەست ولاقمیان بڕیبا نەمدەزانی بەترس ودڵە کوتە هاتمەوە ماڵێ زڕدایکم کاتێ چاوی بەنانەکەکەوت ــــ ـ وای بەسەردا قیژاندم ئەتکوت ـ میچی ماڵەکەمان هاتە خوارێ،نانی بەسەرو چاوم دادا و بە شووڵێ کە هەربۆ گیانی من لەلای سەرووی وتاغێ دایناوە بەر بۆ گیانی سەرما بردووم ئەوەندی بە شووڵ لەدەست ولاقم دا تاخوێن لەنینۆکەکانم دەرپەڕی،دایە ئەگەر بزانی چی بەسەر هێنام فرمێسکت لە چاو وشک نەدەبووە

بەڵام نا دایە گیان یارەب هەر نەزانی با خۆشیت دەگەڵ ئەو مێردە تازەیەت لێ تێک نەچێ، کە وا منت بۆ بەجێ هێشتوو وشوێن چارەنووست کەوتی ئەوژینە تاڵەت لەدوای خۆت کرد بە خەڵاتم.

دایە تۆ منت لەبیر بردەوە ووەشوێن چارەنووست کەوتی

بەڵام من هەر بەئاواتی دیتنی تۆم ڕۆاڵەتت هەروەک ئەوساتە وایە کەبەجێت هێشتم هەر وا جحێڵ و جوان هیچکات لەبەر چاوم پیر نابی وئێستاش وادەزانم لەسەر ڕانت ڕاکشاوم وبەپەنجە نەرمەکانت دەست بەسەرم دادێنی.

ئاخ دایە بڵێی ڕۆژێک بێ و چاوم بەدیتنی تۆ ڕوون بێتەوە و پڕبە دەم هەرا بکەم دایە گیان دایە گیان

ئەتۆش باوەشی پڕ لە دلۆڤانی و ئەوینم بۆ بگرێوە و لەکانیاوی خۆشەویستیت تێربم؟

بڵێی مردن مەودابدا بەو ئاواتە بگەم ؟بڵێی بەتۆ بگەم بەتۆ بگەم دایەگیان ئەی فریشتەی هیواو ئاواتەکانم ئەی فریشتەکەم ئەی فریشتە کەم ـــــ ئیتر خوات دەگەڵ کوڕت هیوا

## ڕازی خامە



سەقز. عەتا ساڵح پوور

لە ژێر چەتری ئەویندارییت دەرت کردووم ئەگەر، بێژە
چەلێکە هەست ئەکەم خامە لە دەستمدا ور و گێژە

لە گەڵ هەستم بڕێک ناکۆکە، نانووسێ ئەوەی ئێژێ
کە ئەشنووسێ وەکوو جاران نیە بێ تام و بی چێژە

ئەمن ئاسمانی دڵداریم گەلێ ساماڵە سەیری کەن
ئەوەی تێیدایە ئەستێرەس، ئەویش تەنیا گەلاوێژە

پڕی شووشەی دڵم شیرە و شەرابی خۆشەویستیتە
مەکەن لۆمەم کە ئەستێری ئەویندارییم کەلاوڕێژە

بەرەو ڕووی کابەکەی چاوت ئەمن پێنج فەرزە وەستاوم
(بندە عشقم ) و لە کوێ مەبەستم کردنی نوێژە؟

ئەگەر پێمت ( عەتا) کەردەن چڕۆی ئەو ئەشقە پیرۆزە
هەتاکوو وەرزی پاییز با بژی و ناوادە مەینێژە

ئەتۆ بیت و خودای جوانی بڵێ خامە مەبەستی چەس
ئەوەی ڕازی دڵی خۆتە و دڵی خامەس هەڵی ڕێژە

نە خامە هیچ ئەدرکێنێ و نە چاوانت ئەکەن باسی
لە ژێر چەتری ئەویندارییت دەرت کردووم ئەگەر، بێژە

## وادەڕۆی



لەیلاخ. مام خەیال

پێ دەنێیە سەر دڵی من جێم دەهێڵی
و جا دەڕۆی
دین و دڵ دەگری بە تاڵان هەر وەکوو شەوبا دەڕۆی

ماڵی هەست نابوود ئەکەیت و قەسدی نابوودیش ئەکەی
چاوەکەم جەیحوون ئەکەیت و دەمکەیە دەریا دەڕۆی

شۆڕشی بەرپا دەکەیت و شۆڕی شەیدایی بە ناز
ئاگرێکی خەست دەخەیتە ناودڵی شەیدا دەڕۆی

خەرمەنی ئیحساسی حەساس شەن دەکەی بەو غەمزە وا
دەیرژێنی تۆ لە چاوت ، سەر کەلی کەوسا دەڕۆی

چەندە جەستەت خەستە جان کرد بەو مژۆڵی سەف بە سەف
سەف بە سەف وەستاوی سانن بەو شکۆهی شا دەڕۆی

وا لە باڵای هەست دەهاڵی لاولاوی عەشقی تۆ
حیکمەتە لالایی ئەبرۆت گەر بە عەمدەن لا دەڕۆی

گیان بەهای ماچێکی لێوت گیان بەلێوم بۆچ دەکەی
بەو خێتابەی نای لێوت مەست و بێ پەروا دەڕۆی

دڵ ئەسیر و پا بە بەندە نازی چاوت تازەیە
تازە کاری دڵ کراوە بەو دیای شەهلا دەڕۆی

بەو جەماڵی پڕ کەماڵت "مام خەیاڵ" بێ ماڵ ئەکەی
دەیخەیە چاهی زەنەختوو ، بارەکەڵا چا دەڕۆیی ...

**

نەفەس زۆری لە سینەی چاک ئەکێشم
خەمی خۆم و پەژارەی خاک ئەکێشم
وەکوو چاوی خۆمارت هێند خۆمارم
چما سەدساڵە من تریاک ئەکێشم

**

بە من چی جا کە گوڵزار پڕ چنوورە
لە دەس گەردوون دڵم وەک لالە سوورە
خەمی کۆچباری یار نیشتۆتە شانم
بە قورسایی و بە بەرزی کێوی توورە

# فۆڕمی "نیان" لە شێوازی شێعری "گۆران"ی دا



سەقز.ساحێب. عابید حسەینی

لە شێوە شێعری گۆرانیدا لایەنی زاڵ"یەکێتی" و "تەبایی"یە.
یەکێتی بابەت لە دوو بەشی نیوەبەیتێکەوە بۆ نیوەبەیتەکەوە و لە نیوەبەیتەکەشەوە بۆ بەیتەکە و دواتر بۆ هەموو شێعرەکە خۆی لەبەر یەک دەکێشێتەوە.
لە کێشی شێعری گۆرانی بە چەشنێک وچانێک لە ناوەڕاستی هەر نیوەبەیتێکدا هەیە.
لە فۆڕمی نیاندا ئەگەر گۆڕانکارییەکیش لە ناوەرۆکدا ڕوودا ئەو گۆڕانکارییە لەوپەڕیّ"نیانی"دا ڕوو دەدا.
بێسارانی شاعیری گەورەی ڕەچەی "فورمی نیان" یەکێتی و تەبایی و وچانی شێعری گۆرانمان پێ نیشان ئەدات.

"ئافتاب پێوار بی، ئافتاب پێوار بی
وەختێ جە مەغرێب ئافتاب پێوار بی
جەمینش جە بورج تەشاب دیار بی
پەیوەستکەر وەخت سەبا و ئێوار بی
بە نوور جەمین شەوق ئارای تەمام
یاونا بە یەک وەخت سوبح و شام
پڕشنگ نوورەش پەی مەشانا
من دەرسات نە ڕووش لافەتام وانا
سپەردم بە نوور بارگەی ئیمامان
چەندی نووربەخش بۆ پەی سەحەر شامان."

لێکدانەوە و ڕاڤە:
پێوار:ون، گوم
تەشاب: پەنجەرە، دەلاقە
پەیوەست کەر:پەیوەندەر.
ڕوومەتی وێنەی هەتاو و هەر چەن هەتاو ئاوابووە و ئێوارەییە بەڵام کاتێ ڕوومەتی لە دەلاقەوە دەرکەوت وەک ئەوە بوو دیسان هەتاو هەڵبێت و چیتر شەونەما و دیسان ڕۆژ بوەوە و ئێوارەی پەیوەندا بە بەیانەوە.
ئەم جوانیە نواندنە لای مامۆستا هێمنیش لە شێعری "ئێوارەی پاییزدا"دەرکەوتە، دەڵێن:
"کیژێک خۆی لە ژوور کوتاوە
دەرکەی حەوشەکەی پێوەدا
ئیتر شوێنەواری جوانی
بەدی ناکەم لەم نێوەدا"

سەرچاوەکان:
دیوانی بێسارانی:لێکدانەوە بە سۆرانی مێهدی فەلاحی ڕۆستەمان"سەرمەس" چاپی کوردستان.
بارگەی یاران سەرجەم شێعرەکانی مامۆستا هێمن، چاپی ئاراس.
ئافاقی شێعری نالی ، ڕەهبەر مەحموودزادە، چاپی مادیار.

وردە تێبینی "گۆران"
شێوەزاری هەورامی مەبەستە. لە گەڵ وشەی گۆرانی و نازناوی مامۆستا گۆراندا، تێکەڵ نەکرێت.



# وێرەکانیی خەزەڵوەر و چەمکەکانی شیعر

شنۆ. عومەر محەممەدی

هەر چەند لە بواری ئەدەبیی ڕەخنە بەتایبەت لە بەستێنی بەراوەردی شیعریدا، سەنگی تەواوناکرێ دانرێ بەڵام لە ئاستی شیکاریدا هێندێک نۆرم وڕێسا هەن کەدەتوانرێ ئاستی شیعر دیاری بکا بەڵام ڕەخنە دەتوانێ شیکاریدا ئەو بەربەستەی نەبێ چونکە دیاردەکانی شیکاری بۆ شیعر گۆڕەپانێکی بەرین تری بۆ مانۆڕدان هەیە، ئەوەی کە لەم وتارەدا زیار مەبەستی ئێمەیە هەر ئەو شیکارییە بۆ ئەو شیعرانە کە زیاتر ئەزموونی کار کردنیان پێوە دیارە ئەگینا مەبەستمان ئەو پارامێترانە نیین کە باش وخەراپ لەبەریەک ڕاگرین،شتێکی تر کە پێویست بیڵم چەندخاڵێکمان بۆ پۆلێنبەندی دیاری کردووە و هێندێک لەو شیعرانەمان خستۆتە ناو ئەو پۆلێنبەندییە،ئەگەر ئەو شیعرانەی لەناو ئەو پۆلێنبەندییەدا نیین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە کە شیعرەکانی پۆلێنکراوە، جگە لە خاڵە هاوبەشەکان ئاسۆیەکی بەرفرەتریان لە ئەزموون بە تایبەت زمان و چەمکەوەهەیە.بەو پێیەلە چەند پۆلێبەندییەکی جیاوازدا دەتوانین شیعری وێرەکانی خەزەڵوەر بە سەر چەند ڕەهەندا دیاریی بکەیین و شیکاریان بۆ بکەیەن.

یەکەم: ئەوشیعرانە دەنگیی کلاسیک و نێئوکلاسیکیان تێدا دەبیسترێ.

دووهەم : ئەو شیعرانەی هەڵگری بواری تەنزن.

سێهەم : ئەوشیعرانەی بنەمای گێرانەوەیان تێدا بەرچاوە.

چوارەم : قۆناخی وەسفی ودڵداری

ـ ئەو شیعرانەی دەنگیی نێئو کلاسکیان تێدا دەبیسترێ، ، دڵداری، ، و ، ، نیشتیمانخوازی، ، دوو عونسووری زاڵی زمانیین کە بەتەواوی کەشی شیعریان لەخۆگرتووە،زمان لە ئاستێکیی ساکار وخۆماڵی و ڕیالیستی مانا بۆ خوێنەر دەستەمۆ دەکا، ئەو ڕێچکەی شیعرە هەمان فۆرم وچەمکی شاعیرانی وەکوو مامۆستا هێمنە کە "ئاسۆی شاعیر" ئەم ڕێبازە بە هێندێک دەستەواژەی نوێ درێژ پێدەدا.:

زۆری وا هەن بازنشەستەن زەممی بێکاری دەکەن
پازدەساڵە سەیری وێنەی چاوی جوان کاری منە
خاکی کوردستان بە گشتی مەوتەنی داکیی منە
خانە باغی شار و دێی کورد پڕ لە ئاساری منە

ئەو وشە لاوەکییانەی کە دەکەونە ناو دوو جەمسەری عونسووری زاڵ ، ، ئەوین و نیشتیمان، ، بێچم دەگرن، هەمان ئەو ئەزموونە نوێیانەن کە بە شێوەی هەنووکەیی لە زەینی شاعیر دا دووپاتە دەبنەوە وەک وشەکانی "" بازنشەستەو خانەباغ" کە لە کەشێکی دڵداریدا مانا دەبەخشن. جگە لەمە هێندێک چەمکی تر لە وێرەکانی خەزەڵوەردا دەبینرێ بەگۆڕانکارییەکی ڕۆکەشیانە بە شێوەی "وڵامە شیعر" لە وەچەی نوێدا دەبینین:

کیژی وریای چاوکراوەی فێرەزانیینم ئەمن
چاوەکانم تینی ژینن هەر گەشاوەن وەک شەمن
کیژم و سەت هێمن و نالی لەبۆمن نووسەرن
کیژۆڵانی نیشتیمانم یەک بە یەک تاجی سەرن
(شیعری دووقۆڵی خاتوونەکان( تەنیا و هەنیسک)

چەند قوناخێک ئەولاتر لە شیعری کلاسیکیدا بنەمای چەمکی دڵداری لە فۆڕمی غەزەلدا خۆیا دەبێ، پاراستنی توخمی ئەدەبیی و وەزنی عەرووزی بەشێوەی وەسفێکی تەک لایەنە لە دڵداری، غەزەڵی ئاشقان دەخاتە ڕوو،سەنعتەکانی ئەدەبیی وەک جیناس و هاوپەیوەندی مانایی لە میسراعەکاندا خۆی دەنوێنێ:

دڵ مەستە لە کەڵ شیعر و شەو و شووشە و شەمدا
خەرمانی خەیاڵ و حەزی دڵ ماچی بە خەمدا
زامارە دڵ و بەند لەدەس لەشکەری دیدەت
جادووگەرە سەجادە لەگەڵ جامە کە جەمداوێرەکانیی خەزەڵوەر،فەریدڕاژین ل ١٥

لەم جۆرە شیعرەغەزەڵیانەدا، زمان لە ئاستی ئاسایی بەهۆی سەنعتەکۆنەکانی کلاسیکی وەکوو جیناس بەرەو ژوورتر دەچێ و خۆی نیشان دەدا.چەمکی دڵداری بەهەموو حاڵەتە وەسفییەکانەوە قاڵبی غەزەڵی ئاشقانەی لە خۆگرتووە.ئەوەشدەگەڕێتەوە بۆ نۆرمەباوەکانیئەدەبیی کلاسکی کوردی.

تایبەت مەندییەکی تر لەم شێوەشیعرەدا، دەنگی وشە یان هونەری جوانکاری بەشێکی تر لە ئەدەبیی کلاسیکی کوردییە کە پیتەکانی هاو دەنگ بەشێوەیەکی ریتمی و مۆسیقایی ئەکەونە پاڵ یەکتر و دەنگێکی بلاوین بە ڕۆحی شیعر ئەبەخشن::

من بێکەس و تۆ بێکەس و کەس بۆی نییە کەس بێ
تۆ بیت و خودا خۆم و دڵم خۆت و خودایەک(وێرەکانی خەزەڵوەرلەیلا بەهرامەیگی ، ، لاو لاو، ، ل٤٨)

شێوەی ئارایشت و وەدەنگ خستنی پیتەکانی نەبزوێنی وەک ، ، س، ، و بزوێنی ، ، ـە، ، لە گەڵ یەکتر و بە هاودەنگکردنیان پەیژەیەکی مۆسیقایی بەوشەکان ئەبەخشێ. یان ئارایشی نەبزوێنی ، ، خ، ، بە یارمەتی بزوێنەکانی ، ، و، ، ۆ، ، هەستێکی دەنگئاژۆیی و جوانیناسانە بە شیعر ئەدا، ئەو شێوە ئارایشە و دەنگپێدان بە وشەکان لە شیعری پشکۆ یاسینیش دا دێتە بەرچاو وەک ئەوئارایشانە کە بۆ پیتی نەبزوێنی ، ، ز، ،خۆی دەنوێنێ:

دڵ وازم و بێ وازم ، بێزراوی خەز و نازم

نازدارە گوڵی شازم ، رووشاوە دڵی نازی(هەمان سەرچاوە ل٣٨)

ئەوە ڕێبازێکە لە ڕەوتی ئەدەبیی کلاسیکیدا گەمەکردنێکی زمانی بە پیتێکی دیاریکراو لە وشەجیاوازەکاندا دەستەڵاتی شاعیر لە ئاست واجئارایی و مۆسیقای شیعر نیشان ئەدا.

ـ بواری تەنز؛ دیاردەکانیی هەنووکی کۆمەڵایەتی بە زمانێکی تەنز و ڕوانگەیەکی ئەرێنی حەقیقەتێک ئەداتە پاڵ ڕستە و وشە کە ئەو حەقیقەتە لەگەڵ ڕاستییە نەرینییەکەی سەرکاغەز و ڕواڵەتییەدەرەکییەکەی دژەوەست دەبێ و پاڕادۆکسێکی مانایی لە حەقیقەت پێکدێنێ بۆ نموونە لەشیعری شاعیر " ئەنوەر پشتیوان:دالە زۆربەی ڕستەکانی شیعرەکەدا وشەی ، ، سپاس، ، ئەرکی ئەرێنی پێکدێنێ بۆ مانا پێچەوانەکەی:

سپاس بۆ شۆڕا کە ڕۆشنبیرە
بۆ جەردەی ناوخۆ تەوقە زنجیرە
سپاس بۆ شۆڕا کە بیستی بیستە
کەلایانگری موحیتی زیستە

چەمکی تەنز بەلادانێکی خێرا لەوەسفی پێشوو زمانێکی نەرم و بەزەیانە بەخۆوە دەگرێ کەئەم حاڵەتش بەمەبەستی گاڵتە پێکردن چەمک هەر لە ئاقاری کەشی تەنزدا دەهلێتەوە بەڵام شێوەی لەحن، کەشکە جیاوازتر نیشان دەدا:

بمرم بۆ بانە و سنووری شڕی
 سەدان کۆڵبەری برسی و دڵپڕی
گەلۆ دەستی وا لەپشت پەردە
ئەو دەستە دەستی شۆڕایەو جەردە(هەمان سەرچاوە ل٤٤)

لە شیعری "سازمانی چڵکاو"ڕووکەی تری تەنز هەر لەسەر هەمان فۆڕم و وەسف دایە بەڵام چەمک دەگۆڕی و  تەنز بەنزم ترین ئاستی خۆی شۆڕ دەبێتەوە و لە کەشێکی عامیانەتر دا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو بۆ نموونە لە وەسفی بێ ئاویدا:

لەم کارەساتەی هاتۆتە پێشێ
 داییک مناڵی دەسماڵ دەکێشێ
ئاوا بێ ئەمجارە دەبێ خەڵک
لەشپیسی دەرکەن بە قورسی چڵک
بانە لە سایەی دەوڵەتی مەلا
وەختە ببێتە دەشتی کەر بەلا(هەمان سەرچاوە، مەجید شیرانی ل٥٠ و٥١)

ـ ئەو شیعرانەی بنەمای گێڕانەوەیان تێدا زاڵە

یەکەم ، گێڕانەوە بە وەبەر چاو گرتنی بنەماکانی مێژوویی و ئایینی لە فۆڕمی قەسیدە شیعری کورت دا، چڕبوونەی زمان لە هزرێکی تێکەڵ لە ئەدەبیی و مێژوویی، بواری خەیاڵ تۆخ تردەکا تا ئەو جێگەیە چەمک تووشی دەرهەستێکی نائاسایی دەبێتەوە و ڕەگەیەکی باریک لە سوڕئاڵ بە خۆیەوەدەگرێ:

بە دەستی خۆم ژیان نانووسمەوە
 بە چاوی خۆم نابینم
بە گوێی خۆم نابیسم
بەزمانی خۆم نادوێم
هەژدیهایەکی کوڵکنم لێ ئاڵاوە
دەستێکی ڕنۆکم پێوە ڕواوە
 دوو چاوی خورافاتی و
دوو گوێچکەی کۆنە بیست و...
بەیانییەو بەفرێکی هەناسە ڕەش
دڵسارد وبرسی،مرومۆچ وەک
ڕوخساری "ڕایش" و دووکەڵی " هەلۆکاست"...( هەمان سەرچاوە، عەلی مەحموودی"ئاودێر" ل١٠و١١)

ڕیوایەتێکی تر کە لەودا زمان دیسان لە ئاستی ئاسەییەوە بەرەو کەشێکی تەماوی دەچی ناوەڕۆک بەسەر ڕیوایەت و دەستەواژەکاندا ورد دەبێ و چەمک ئاڵۆز دەبێ ئەوەش بەو تەعبیرەجیاوازانەی لە ڕووداوەکان دەکرێ فۆڕمێکی تر لە شیعر نیشان دەدا:

خەریکە شوێن هەنگاوێک
لەبەرچاوم ئەبێ بە تەنک مژێک و
لە سینگی ئاسماندا بزر دەبێ
حەزدەکەم لە چاوی ئەستێرەیەکی سەرەڕۆدا
سۆراغی ئەو تیشکە تۆراوە بکەم...
بەهەشتیان
بەناموسی سۆزانییەک کڕیوە
کە لە هۆتێلی شەقامێکی یاخیدا
تاریکیان سەرخۆش دەکرد و
ڕووناکیان ئەکوشت...(عومەر محەممەدی – وێرەکانیی خەزەڵوەر ل ٢٦ و٢٧)

ڕوایەتێکی تر لە وەسفی دیاردەکان شێوەگێڕانەوەیەکە ئیتر ڕوایەت گێڕانەوەیەکی تەواو عەیارەو ڕەگەکانی گێڕانەوە لە فۆڕمی چیرۆ لە خۆ دەگرێ بەڵام تێکرژاندنی جۆری گێڕانەکان ئاڵۆزییەک لە چەشنی وەسفی شاعیرانە خۆی بەشێوەیەکی چیرۆکئاسا لە قەرەی شیعر نێزیک دەکاتە هەڵبەت بە وەسفکردن لە دیارەکانی سروشت زاڵ بەسەر کەسایەتییەکاندا:

خاڵ، خاڵ و هەودا هەودا بەفر بەسەر کێوەکانی چوار دەوری گوند مەڵاس بوو بەڵام خۆراکی خۆر بوو، کانییە درۆزنە لەگەڵ کانیاوەکان شەرعی دەکرد ، زوقمی بریسکەداری تەنک وناسک ناسکتر لە ئاوی دێدا بەسەر چیمەنەوە خۆیان هەڵخستبوو...(
چیرۆکی کچی سەرسنوور ، درەخشان مەحموودزادە"یارە" هەمان سەرچاوە،ل٢٢)

ـ وەسفی کورتمەودا ، لە کەشێکی نەستەقوێژی و ئاسایی زماندا کە نمادەکان دەوری سەرەکی لە مانادا دەگێڕن واتا لە کورترین ڕستەکاند چەمکێکی مانادار دروست دەبێ ئەوەش لەڕەگەکانی کلتوورییەوە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە:

چیتر لە لووتکە مەپرسن
بۆچی هەڵۆ لەم کوێستانە تۆراوە
لەمن پرسن پێتان دەڵێم
جێیەک خەرتەل بیکا بە خوێنمژی
هەڵۆ پێی شەرمە لێی بژی("ک.د.ئازاد " هەمان سەرچاوە،ل ٦ )

،، هەڵۆ،، نمادی غیرەتە، لە ئەدەبیی کلاسیکی و نویدا وەسفی ئەرێنی لە ئاستی زماندا بە زۆرینە بۆ ئەو نمادە دەکرێ، لە بەرامبەریشدا نمادێکی ترهەیە وەسفی نەرێنی بۆ دەکری ئەو وەسفە پاڕادۆکسێک پێکدێنێ . لەبری ئەوەی کە پێشینەیەکی زاراوەیی و زوانی خەڵکی پێوەدیارە وەکو نەستەق وێژی جێگەی خۆی کردۆتەوە دیارە شاعیریش بە جێگۆڕکێی نمادەکان وەسفەکانیش دەگۆڕێ بۆ وێنە لەجیان قەل دەکرێ خەرتەل بەشێوەیەکی تر ئەم گۆرانکارییە مانایە پیکبێنێ.

دەرئەنجام:

ئەوشیعرانەی لە شەوەشیعری"وێرەکانی خەزەلوەردا هەڵبژاردرابوون و خوێندرانەوە،هەر دوا هەنگاوەکانی شیعرەکانی ساڵانی پێشوون لە بابەت فۆڕمەوە گۆڕانکاری یان داهێنەرانەیەکی تایبەتییان تێدا بەر چاوە ناکەوە بەڵام چەمک بە پێی دۆخەنەخوازراوەکان و پێشهاتە نوێیەکان دەنووسرێتەوە،بە کورتی شیعری هەنووکەی ڕۆژهەڵات زیاتر سەرقاڵی ڕووداوەکانیرۆژانەیە،واتا لەگەڵ کارەساتەکان، چەمکەکانیش نوێ دەبنەوە، گۆڕانکاری چەمکی ومانایی وەک دیاردەیەکی زاڵ بەسەر شیعری ئێستای شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا خوی نیشان دەدا.

" عومەر محەممەدی ٧ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی"



## تۆ زنەی شیعری

بۆکان. هیدایەت ئازەری (خەمبار)

دڵ بە مەیلی خۆی دەمێکە, بۆت لە شین و زارییە
زوڵمەتێکی قووڵە عەشقت, وا لە دڵدا کارییە

چاوەکەم من چاوەکانم, ناترووکێنم لە تۆ
چۆن دڵت ڕووگەی ئەوینە, لەو دڵەی من جارییە

لێم گەڕێن با ڕازی عەشق و, دەردەداری دەرکەوێ
سەر دەشێوێنی لە شاعیر, شاهیدی بێ بارییە

چاوی نووستن هەڵبڕاوە, تەوقی غەم گرتی ملم
ئەی حەکیمی زامی سەختم, ئیشی من خەم خوارییە

بۆچ وەها تینوو بە خوێنی, ئەو دڵە میسکینەمی ؟
من ئەوینی تۆم لە دڵدا و, بۆچ لە من غەدارییە

پەڕتەوازە و دابڕانت, بۆتە شێرپەنجەی دڵم
دادەمرکێ ئەو دڵەم, ئەگریجەکانت لارییە

مایە پووچ و دەسفرۆشم, من لە بازاڕی ئەوین
ئاگری سینەم بڵێسەی, وا لە دڵدا دیارییە

تۆ زنەی شیعری لە دڵدا, دەرکی ڕەحمەت دامەخە
ڕووم لە شاری خەونەکانتە, عادەتم بێدارییە

بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف
کێش : فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ، فاعِلُن
-- U -- -- / -- U -- -- / -- U -- -- / -- U --



مەهاباد.جەعفەرمەعرووف(ژیار)

خۆم موریدی شێخی چاوتم، سەر بە قوربانت دەکەم
هەر لە دەوری سەروی باڵات مەدحی چاوانت دەکەم

شەکری لێوت گەر دەپرژێ، هەستێ شیرین دەمگرێ
تاسپێدەی بەر بەیانی خۆم بە میوانت دەکەم

هەر بەیانێک من لەگەڵ ئاونگی کوڵمی وەک گوڵت
یادی سیروان ڕام دەکێشی شوکری یەزدانت دەکەم

دیدەکانت لەو کلەی توور ڕەشترن ئەی قیبلەکەم
بۆیە هەر دەم زیکرو یادی باری سوبحانت دەکەم

چەند غەریب وتینووە دڵ لەم "هەواری عاشقی"
نم نمەی بارانی ئەشکەو نوێژی بارانت دەکەم

شەو خەیاڵی تاڵ بە تاڵی زوولفە هاڵۆزکاوەکەت
تا کە ڕۆژ هەڵ دێ لەدوندێ، ڕوو لە جێژوانت دەکەم

دەم دەمێ خۆت بێرە سەردانی "ژیار"ی بێقەرار
چاوەکانت کۆشکی دڵمن ڕوو لە هەیوانت دەکەم



## گەڕانەوە

هەولێر. سەعدوڵڵا نووری

لەلای خۆیەوە بڕیاریدا ئەو نەخشەیەی لەمێشکیدایە بیسڕێتەوەو تاماوە بیر لەشتی وا نەکاتەوە

– ((تۆبڵێی ئەم بڕیارەم سەربگرێت؟ باشە ئەگەر وازم لەم کارە هێنا چارەنووسم بەچی دەگات؟ ))

نیوەی شەو بەسەرچووبوو، کەچی لەژوورە شێدارەکەیدا چاوەکانی بەربەرەکانێکی توندی شاڵاوی خەویان دەکرد.... زۆربێزاربوو، بەناچاری چووە دەرەوەو ماوەیەک لەژێرهەیواندا هاتوچۆی کرد، ئۆقرەی نەگرت و چرنووکی سەرما وایلێکرد بچێتە ژوورەوەو دەرگاکە لەسەرخۆی دابخات.

– ((دەبێ کاتژمێر چەند بێ؟ ئەوەیە نەگبەتی کاتژمێرەکەشم کارناکا !))

خزییە ناو جێگاکەیەوەو چەند جارێک ئەم دیووئەودیوی کرد.. دادی نەدا، خۆی دایە بەرگێژاوی خەیاڵ و لێکدانەوە......

– (( ئای ژیان و سروشتی لادێ چەندە خۆش و سیحراوییە....خەڵکی گوندەکەمان چەندە سادەو ساکار دەژیان، بەڵام ڕاستگۆو دڵپاک بوون. تەباو بەتەنگ یەکەوە دەهاتن، کواخەم؟ مەگەر ڕێگەی لێ هەڵە بووایە ! گەرنا ئێمەی هەر نەدەناسی.... زەردەپەڕ ئەوکاتەی خۆرتیشکەکانی لەدەم کەلی کێوەکەی بەرامبەر گوندەکەمانەوە بەسەر ئەم ناوەدا پەخش دەکرد، منیش لەنێو قەرلەکەی بەردێ چاوەڕێی پەریزاد بووم سەرکەوێتە سەربان و تاڵە دەزووی چاوەکانمان لێک بئاڵێن، چەند تابلۆیەکی قەشەنگ و لەززەت بەخش بوو...کەڤاڵێکی شەرمن و بێنازی ناو لەپی سروشت، هەستم دەکرد هێزێکی پرلە سۆزو ناديار دەمهەژێنێ و خۆشییەک سەرتاپای جەستەم لە ئامێز دەگرێ. هەموو دونیام چنینەوەی ئەم جووتە چاوە نەرگسییانەبوو. بمبوورە پەریزاد کە ئەم ڕێگایە لەتۆی دابڕیم، ئەرکێکی مەزن و پیرۆز سەری پێهەڵگرتم. هەردەبووایە قوربانی بەلایەکتان بدەم، بەناچاری جێم هێشتی بمبوورە...دەزانم پەری گیان، دایکم دەیگوت: سێ ساڵ سەرت نەهێنایە بەرێ و چاوەڕێت کردم.ئەوە دە ساڵە نەمدیوی و ئێستاش دووریت دەمگرێێنێ و.........))

هێشتا نقومی هەڵدانەوەی نێو پەڕی یادگارییەکان بوو، لەپڕشریقەو گرمەی گەواڵە وەئاگای هێنایەوەو بەو جیهانە پڕلەحەسرت و ژانەی ئاشنا کردەوە، تاوناتاوێ چەخماخەی بروسکەش سنووری دەبەزاندو لە میانی مینای پەنجەرەکەوە ژوورە تاریکەکەی ڕووناک دەکردەوە، بارانێکی بەخوڕو توند دایکرد، لەو دەمەشدا تەقەتەقی لەدەرگادان پەردەی گوێی لەراندەوە. ناچار لەنێو جێگاکەی هاتەدەر، پاڵتۆکەی بەشانی داداو وەدەرکەوت. بەرلەوەی دەرگا بکاتەوە دیسانەوە لەدەرگایان دایەوە.

– ئەوە کێیە؟

– خۆمانین.

هەرکە دەرگای حەوشەی کردەوە، جووتێ گەنجی چووستی بینی، کەخۆیان دەمامک دابوو و کۆڵە پشتیان بە شانەوە بوو.

– فەرموون... کارێکتان هەبوو؟

– چییە کوڕی باش دەڵێی نامانناسی؟ !

یەکێک لە گەنجەکان کە تۆکمەو تێکسمراوێک بوو، جەمەدانییەکەی لە دەم و چاوی کردەوە، جا باوەشییان بەیەکدا کرد. بارانیش لە ڕێژنەی خۆی بەردەوام بوو.

– ڕێبوار ئەوە تۆی ! فەرموون بۆ ژوورەوە.

– ئەوەش هاوڕێ سەردارە.

– پێخۆشحاڵم بەناسینت.

ڕێبوار سەری بەدیوەکانی دیکەش داگرت، کەس دیارنەبوو.

– کوا هاوڕێیان لە کوێن؟ وا دیارە کەس لێرە نییە !

– ئەوەی ڕاستی بێ تەنیا لێرەم. چەند ڕۆژێکە بەکاری تایبەتی ڕۆیشتوون، بەس تۆ پێم بڵێ: بەم شەوە تۆف و بارانە لە کوێوە دێن؟ بۆ کوێ دەچن؟

– بۆ مەگەر ئێمە هەر کوڕی شەو نین؟

– دەزانم..... بەڵام...

سەردار قسەکەی پێ بڕی

– ئەم پرسیارو لێکۆڵینەوە بۆ بەیانی هەڵگرن... ئێستاکە زۆرشەکەتین پێویستمان بە حەسانەوە هەیە بەیانی دەبێ زوو بەڕێکەوین.

– ڕاست دەکا دەبێ تۆش لە گەڵماندا بێیت.

– من.....!!

– بەڵێ، ئەی گوێت لەو پەیامە نەبوو کە چەند ڕۆژێکە ڕایانگەیاندووە؟ مەگەر تۆش ناگرێتەوە...

نەختێک بێدەنگ بوو، دواترئاگری زۆپاکەی خۆشکردو خەریکبوو خواردنیان بۆ ئامادەبکات، بەڵام ئەوان نووستنەکەیان بەلاوە خۆشتربوو، بۆیە دوای ئەوەی جلەکانیان گۆڕی خۆیان خستە ژێرجێگاوەو لێی خەوتن.

– ((من بەنیازی چی بووم.... بڕیاری چیم دابوو...!))

لەبەرچرا نەوتییەکەو لەسەرپەڕە کاغەزێک ئەمەی نووسی : ( بۆ بەڕێز هاوڕێ داڕۆ... هەروەک بڕیار بوو، ئەوا لەتەک دوو هاوڕێی دیکەدا بۆ شوێنی مەبەست ڕۆیشتین بۆ ئاگاداریت. (دیدار) )

بەیانی بەرلە خۆر هەڵاتن هاوڕێکانی خەبەرکردەوەو خۆیان توند پێچایەوە، چ پێویستییەکیش هەبوو لەگەڵ خۆیاندا بردیان و باریکە ڕێی قەد شاخەکە کەوتە ژێر هەنگاوەکانیان...

سەعدوڵڵا نووری / بەغدا – ١٩٩٠

## من و تەنهایی و شەقام




بانە. نەسرین محەمەدی "خەیال"

لە شەقامی شارەکەما وێڵ وێڵ و گێج گێج دەخولێمەوە

گێژەڵووکە گێژم دەدا. جانتاکەی شانم با دەیبا. لێواولێوم لە گەڵاڕێزانی پاییز. چ نامۆیە ئەم شەقامە، لەژێر هەوری ڕەشی تووڕە. دڵۆپ دڵۆپ خەم دەبارێ ئەسرینی ڕووم دەسڕێتەوە. هەناسە ی ساردی پاییز چنگی دەخاتە کۆشم. ئاخ چەن تەزیوم. چ سەرمایە ئەم شەقامە. چۆلەکەی کانی ژێر شوڕەبییەکانی سەر شەقام توێکڵە تۆمی شار دەچننەوە. منیش نوقمی پەیکەرێکی دایکم. ئای دایە تۆ لەکوێ بووی؟ لە گۆڕستانا بەدوات گەڕام. خاک تووڕە بوو ئەوەندە چووم. تۆ لەکوێ بووی؟ بێ مانگی ڕووت ڕەشە ژینم. گەڵا گەڵای داری عومرم بۆت هەڵوەری. غەریبی و بێ تۆیی لێرە بۆ من مەرگە. لە بێ تۆیی بوومە شاخەوانی ئاربەبا و پێڵاوی وڵاتەکەم دڕی. تۆ لە کوێ بووی دەفتەرەکانم پڕ بوون لە شێعری تۆ. پەنجەکان وەڕەز بوون لە نووسین. چاوەکان بێزار بوون لە چاوەڕوانی. ئەی شەدەلارەکەی مەریوان تۆ لە کوێ بووی؟ هەر نەهاتی ئاخ چەندە خۆشە ئەم باوەشە بە هەناسەت گەرم بوومەوە و خەوم لێ کەوت چەندە گەرمە ئەو فرمێسکە.

جەستەم سووتا و زوو ڕاچەنیم. کە سەیرم کرد ئاوی سماوەرەکە هەر دەڕوا و هەر دەڕوا



سنە. فەریبا ئەمیری

شەرتە جێت بێڵم ئاوێنەی جوانی
لە داخی دەروون ناشێ نەزانی
پیری هاتووە زۆر پەشۆکاوم
روومەت نەماوە سیس و ژاکاوم
گلەیی دەکەم لە چەرخی گەردوون
کە ئاخر ئەمە چییە و ئەوە چۆن
قەدیم ڕۆژگار زۆر شان وباڵ بوو
وەرق بێ ئیمزا خەتی باتڵ بوو
هەر چەن نەماوە گوڵی جوانی
پیری بە بەرزی و هیممەت گرانی
پیری بە شێوەس دڵ بە خولقەتی
گەر سپی موویە شەوق و ڕغبەتی
دەس لە ئەژنۆ قەد هەڵ ناگری
زیلەت لێت دوورە گەرم و ئاگری
گەر تین نەمێنێ لە گیان و جەستە
گۆچان هەڵ گری بۆ هێزی دەستە
پیری و جوانییە پێکەوە دەژین
وێنەی تاقە دار ڕیشە لە زەوین



بانە. ئامینە عەزیزی" سروور"

به افسون کدامین شعر در دام من افتادی
گر از یادم رود عالم ، تو از یادم نخواهی رفت
"شەهریار"

بە سێحری کام شێعر کەوتیتە داوی من
ئەگەر عالەم لە بیرکەم تۆ لە بیر ناکەم

وە ـ ئامینە عەزیزی



سەقز. فەریدەکاکی

پیاسەم کرد
لە گەڵ تەنیایی شەقام،
لە گەڵ دڵتەنگی باراندا
گریام،
لە گەڵ سروە شنیام
شەپۆلم دا لە گەڵ ڕووبار
بەڵام
لە نێو هەموو شێعرەکانم
لە نێو نووزەی خەمەکانم
خەزەڵوەر بوو
بۆ دووری تۆ
گۆرانی هیجری بۆم دەخوێند

## زەردەنگێو



سەقز.ساحێب. عابید حسەینی

پەی پەی کانیەکەی چاوگەی بەیانی
بە دەم باڕێزۆ، بۆ خۆر ئەی ڕوانی

لەنجەی زەردەبەی، نێو دڵ کانیەکە
چاوە بڕکێیە لە بۆ جوانیەکە.

گڤە و گزەی با لە نێو قەد چنار
دەبنە هاوپەیمان، شەکەی گەڵای دار

هەتاوی سڕ بووی دەم کەل خۆ نوێن
تێکەڵ زەردەبەی دڵیان بوو بە خوێن.

سەمای بێ ئۆقرەی پرچکەی هەرجن
زەدەنگێو ، زەردال، زەردەبەی ئەنجن.

گورەی بە لرفەی باسڕی دڵزیز
زەردەبەی خستە سەر دڵی ئازیز.

تێکەوە پێچان، گەڵا، کانی و بەی
بوونە تیشکی خۆر، لە ئاڵا پەی پەی.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سنە. عەلی سوهرابی

برۆ، لەبیرم کە؛
من پێش لە دڵتەنگی و برینە بە سۆکان
خولیای ئاسۆکانمە ...

❋❋

دەرفەتێ نەماوە...
وەرە با یەکتر لە ئامێز بگرین!
سبەی یان من تۆ دەکوژم
یان تۆ چەقۆکەت لە ئاودا دەشۆی!
هەر ئەم چەن دێڕە ...
دنیا گەیشتوەتە ئەم چەن دێڕە!
بەوەیکە مرۆڤ بچووک بمێنێ باشترە!
لە دایک نەبێ باشترە ...
ئەسڵەن ئەم فیلمە بگەڕێنەوە دواوە
ئەوندە کە باڵتە چەرمینەکەی پشت ویترین
ببێتەوە پڵینگێ
کە لە دەشتە دوورەکاندا هەڵدێ
ئەوندە کە گۆچانەکان
بە پێ بگەڕێنەوە جەنگەڵ و
پەلەوەرەکان
هەمیسان لەسەر زەوی ...
زەوی... نا!
بگەڕێوە دوا
بێڵە خوا
سەرلەنوێ دەستەکانی بشوا
بڕوانێتە ئاوێنە
شایەد ...
بڕیارێ دیکەی دا ...

❋❋

شاعیر: هەستی(نەناسراو)
وەرگێڕ : عەلی سوهرابی
بێ وڵات و بێ خەبات
برسی و توونی و لانەواز
هەرد و هەندەران پێوین
هێشتا بەمانەش ڕازین
بەڵام؛
دوو بەرەکی زەرد و سەوز
براکوژی سوور و شین
بڕستی لێ بڕیوین!



سەقز. کامیل موحەممەدجانی

یار ئەگەر پرسی لە کوێیە،«کامیلی» بێ چارەکەم؟
کوانێ دڵسۆزی وڵات و کوێرەدێ و هەم شارەکەم؟

چی بە سەرهات شاعێری گەل ،شاعێرە دڵدارەکەم؟
کوانێ یاری پێشەواکەم، دۆستی دوێنێ و پارەکەم؟

کوانێ سەیدی مێهرەبان و، بیسەری گوفتارەکەم؟
خاوەنی کێوو و تەلان و، یارە خۆش ڕەفتارەکەم

خانەخوێی پڕهەست و سۆزی ،گوێدەری هاوارەکەم
نوێنەری کوردی هەژار و، ویژەری ئازارەکەم

خەم خوەری زێد و وڵات و، مێرگ و هەم کۆسارەکەم
دۆستی ڕاست و ڕاستەقینەی ،ژینگە بێ سەردارەکەم

ڕاوکەری دڵدار و دەرد و، ژیلەمۆی ئەشعارەکەم
هاو دڵ و هاو بیر و هزر و، هاندەری هاوارەکەم


پێی بفەرموو، چاوەڕێیم، تا بە ڕۆژی مردنم
تاکە ئاواتی وڵاتم، دێتەدی و غەش کردنم

پێیی بفەرموو ئەو هەتاوە، بوو بە ئاواتی وڵات
باغەکەیشی، کەس نەکێڵ و، بەردەڕەق بێ حاسڵات



# لێکدانەوە و وەرد دانەوەی قاڵب و کێشی شێعرەکانی کاروانی خەیاڵی "مامۆستا هێدی"[1]





دوکتور مێهری پاکزاد
(مامۆستا و ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی ئازادی ئیسلامی مەهاباد)

نییە وەک شێعری من ئەورۆ تەڕ و تێراو ئیتر          قەدی شلکی تۆ کە هەڵبەستی خوایە، جیایە
(ورینگە/ غەزەل/ ل٢٩٢)

کاتێک کەسێک وەک خوێنەرێکی هۆگر بە شێعر و ئەدەبیات بۆ یەکەم جار دیوانی کاروانی خەیاڵ هەڵداتەوە و دەگەڵ هەودای خەیاڵی شاعیر پێوەندی بگرێ و لێی ورد بێتەوە، بە کوردی و بە کورتی بە ئیشتیا بیخوێنێتەوە، بێتوو دوایە لێی بپرسی سەرجەم ئەو شێعرانەت چۆن هاتە بەرچاو، لە ڕوانگەیەکی گشتیدا ڕەنگە بۆچوونێکی وەهای لێ ببیستی کە دیوانی مامۆستا گوڵزارێکە کە پڕە لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ کە هەرکام ڕەنگ و بۆ و بەرامەی تایبەتی خۆی هەیە. لە لایەنی ناوەڕۆکەوە ئەم دیوانە لە هۆنراوە و شێعرگەلێکی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە هێندێکیان غەزەلی دڵدارین و هێندێک شێعری نیشتمانپەروەری و هێندێکیش تەوسیفی سروشت و ئەوانیتریش بە هەلکەوت کۆمەڵایەتی و گاڵتەی(تەنز) کۆمەڵایەتی و یادنامە و شینگێڕی و ستایش و پەسنی هێندێک کەسایەتی کە خۆشەویستی مامۆستا بوون و جێگایەکی ئەوتۆیان لە دڵی وی‌دا هەبووە و هەیە.
هەڵبەت باسی جوانکاری ئەدەبی و ئیماژ و سەنعەتە ئەدەبیەکان لقێکی گرنگی دیکەیە کە هەڵگری وتار و بگرە چەند وتارێکی جیاوازە، بۆ وێنە بڕواننە جیناسی تام لە دوو وشەی "شانە" و "شانە" لەو دێڕەدا:

زولفی سەر شانت عەزیزم کاتی هاتی شانە کەی          من کوتم سەد خۆزگە دەنکی شانەبام و شا نەبام
(ئاوات/ غەزل/ ل٣١٣)

یا هەر لە دێڕێکی‌تری ئەو شێعرەدا بڕواننە سەنعەتی تکرار و تەسدیر لە وشەی ئاوێنەدا:

کەس وەک ئاوێنە بە وردی ناژمێرێ خاڵی ڕووت          بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام
(ئاوات/ غەزل/ل٣١٣)

بەڵام کاتێک کە بە تێکڕایی لە ڕواڵەتی شێعرەکانەوە دەڕوانی لە باری کێش و قاڵبی شێعریشەوە زۆر شت هەیە کە بیهێنیە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ وێنە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر لە کام کێش واتە وەزنی عەروزی‌دا شێعرەکانی هۆنیوەتەوە و هۆی ئەوە چیە؟ یان شاعیر لە کام قاڵبە شێعریەکاندا زۆرتر شێعری داناوە؟ بۆ وێنە ئایا زۆربەی شێعرەکانی غەزەلن یا مەسنەوی یا...؟
بەو پێشەکیە دێینە سەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت لە سەر کێش و قاڵبی شێعرەکانی کاروانی خەیاڵ. بۆ ئەو کارە بە نیشان‌دانی ڕێژەیەکی زانستی و بە پێی ئەژماری شێعرەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر لە کام کێش و قاڵب زۆرترین کەڵکی وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا لە کام کێش و قاڵب کەمتر؟ ڕوون کردنەوەی ئەم لێکۆڵینە وەیە تا ڕادەیە ک چۆنیە تی هەستی شاعیرمان لە کاتی شێعرگوتن‌دا بۆ دەردەخا، جگە لەوە پێویستە بگوترێ کە هەر کام لە قاڵب و کێشە شێعریەکان بۆ دەربڕینی مەبەستێکی تایبەت لە کار دەکرێن و ئاهەنگی هەر کێشێک کاریگەریەکی تایبەتی لە سەر خوێنەر دەبێ.
قاڵبی مەسنەوی یەکێک لەو قاڵبە شێعری‌یانەیە کە موسەڕرەع بوونی هەموو بەیتەکان گەورەترین تایبە تمە ندی ئە م قاڵبە دێتە ئەژمار و دەستی شاعیر ئاواڵە دەکا بۆ دەربڕینی مەبەستگەلێکی دوور و درێژ و گێڕانەوەی چیرۆکە شێعر. وەکوو مەم و زینی خانی، خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی، شانامەی فردوسی و پێنجگەنجی نیزامی و مەسنەوی مەولەوی ئەم قاڵبە لە شێعری هێدی‌دا بە پێچەوانەی ئەم تایبەتمەندیە جووڵاوەتەوە یانی شاعیر تەنانە ت بۆ دەربڕینی مە بە ستی کورتیش لە م چوارچێوە و قاڵبەی کەڵک وەرگرتووە. بۆ وێنە بڕواننە ئەم چەند دێڕە کە لە ڕاستی‌دا خۆی لە ناوخۆی‌دا بە واتە ی شاعیر مەسنەوی‌یەکی تەواو و کامیلە لە وەسفی "خانی" شاعیردا:

چەپەر ماویەتی یەکدوو هەنگاوێ          دەبێ بازێ بۆ جزیریش باوێ
ژیرانە ببڕێ قۆناغی ئاخر          شادی گوڵناکا بێ‌خانی نەمر
چ سەردەمی خۆی چ دوای نەمانی          کێ بوو شانبدا لە شانی خانی
ئەو جارێکی خوێند تەرانەی ئەڤین          تا دنیا مابێ مەم و زین دەژین
(خانی/ مەسنەوی/ ل٣٤٧)

[1] ئەم وتارە بە پلەی "زۆرباش" لە ڤیستیڤاڵی مامۆستا هێدی ( ٥ـ٣/١١/٢٠٠٨) لە شاری هەولێر پەسند کراوە.

یان بڕواننه کۆپله شێعرەکانی شینی هاڤاڵان وەک: سۆما، بەهار، هاوین، پاییز، چوارچرا، مه هاباد و... که هه موو له قاڵبی مەسنەوی کورت دان و نیشان دەدا که شاعیر رچەشکێنی کردووه و به شێوەیەکی نوێ که ڵکی له و قاڵبه وەرگرتووه. باڵاترین ئەژمار له قاڵبه شێعرییەکان که شاعیر کەڵکی لێ وەرگرتووه، تایبەته به مەسنەوی که له نێوان ٩٣ کۆپله شێعر ڕێژەی ٤٨ کۆپلەی به خۆوه گرتووه. پێویسته بگوترێ زۆربەی ئەم مەسنەوییانه له سه ر کێشی به حری ره‌مه ڵن .(بڕواننه وێنەی قاڵبه شێعرییەکان) ئەگەرچی له بەحری ڕەمەڵ که ڵکی وەرگرتووه، به ڵام شێوه زبانی مامۆستا هێدی، زبانێکی حیماسییه که ڕەنگه زۆرتر له بەر ئەو هۆیه بووبێ که شاعیر زۆربەی ژیانی له نێو جەرگەی خەباتدا بووه و منداڵی ته لان و بەندەن و شاخ و داخ بوه.

غەزەلیش قاڵبێکی دیکەی شێعرییه که لەو قاڵبەدا میسرەعی یەکەمی بەیتی هەوەڵ لەگەڵ میسرەعی دووهەمی بەیتەکانیتر، یەک سەروایان(قافیه) هەیه. بابەتی سەرەکی پێکهاتەی غەزەل، دڵداری و خۆشه ویستی یه . له دیوانی شێعری هێدی دا له نێوان ٩٣ کۆپله شێعر ٤١ غەزەل بەدی دەکرێ که زۆربەیان خۆشەویستی وڵات و له پەنای ویش دا خوشه ویستی دڵدار خۆ دەنوێنن.

کوڵمەت گەش و ڕووناکه دەڵێی تیشکی هەتاوه    جوانچاکی کراسێکه به بەژنی تۆ بڕاوه
ئاسک سڵه نەک هێندی تو نەشمیل و ڕەزاسووک    گوڵ پێدەکەنێ نەک وەکوو تۆ وا به حەیاوه
بسکت دەگەڵ ئەو رووومەته تێکەڵ بووه هەروەک    باغی گوڵه، پەرژینی به ریحانه کراوه
سەد حیکمەتی گەر خوێندبێ، نازانێ به دەردم    هەر کەس به گڕی ئاگری تۆ هەڵنەچزاوه
جوانیت بەسه بەرمووروەکەی ئەستۆت بپسێنه    من کوردم ئەزانم، که له بەندی چ کراوه
تا گواره له گوێت دێته لەرین، دێتەوه بیرم    هەر لاوێ که لەو خاکه له سێداره دراوه
ئەو لاله که دەبیینی وەکوو رومەتت ئاڵه    هەر خونچەیەکی خوێنی شەهیدێکه ڕژاوه
هەرچی هەیه هەر باسی برۆ و بسک و خەت و خاڵ    هەر بەینی من و تۆیه که کەس لێی نەدواوه
هەر مەرجی من و تۆیه وەتەن ماوه وەکوو خۆی    هەودایه وەتا من هەم و تۆ هەی نەپساوه

(گوڵی خوێناوی/ غەزەل/ ل١٨٠)

هەڵبەت تێکەڵاوی هەستی دڵداری و نیشتمانپەروەری له نێو شێعری مامۆستادا زۆر بەرچاوه، هەروەک له شێعری مامۆستا هێمندا بەدی دەکرێ که له راستیدا یەکێ له تایبەتمەندییه گرینگەکانی غەزەلی ئه و دوو بەڕێزەیه. هێمن دەڵێ:

بەڵێ سەختە یەگجار سەختە    دووری له ژن، نامرادی
بەڵام له ژن خۆشەویستتر    له لای من ئەتۆی ئازادی

(تاریک وڕوون/ ئامێزی ژن/ ل١٧٣)

سەرەکیترین قاڵبەکانی شێعری هێدی له مەسنەوی و غەزەل پێکهاتووه و ئه مه نیشانده ری ئه وەیه که شاعیر به دوای تاقیکردنەوەی جۆرەکانی دیکەی قاڵبی شێعر، وەکوو چوارینه، پێنجخشتەکی، دووبه یتی و موسه ممه ت و موسته زاد و ... نەبووه بەڵکوو خوازیاری دەربڕینی ئەو مەبەستانه بووه که بیر و هەستی شاعیریان داگرتووه، واته زیاتر ناوه رۆک بۆ شاعیر گرینگ بووه تا قاڵب؛ لەوەش که رابوورین دەبینین مەسنەوی شێعرێکه که له چاو غەزەل و قەسیده و قاڵبەکانی تر، هاسانتر و خێرا ساز دەبێ، کوردکوتەنی له بەر دەستانه. ڕەنگه بارودۆخی ژیانی مامۆستا هێدی ئەو فەزایه ی پێک هێنابێ که شاعیر زیاتر لەو قاڵبه کەڵک وەرگرێ.

گوتمان که کێش یاریدەدەره بۆ دەربڕینی هەستی شاعیر. هەر بەو پێیه پێداچونەوەیه کی ورد به سه ر هه موو شێعره کانی دیوانی کاروانی خەیاڵ دەتوانێ ڕێپیشاندەرمان بێت تا بتوانین هەستی شاعیر لەو ڕێیەوه باشتر بناسین. زۆرترین کێشێکی که شاعیر کەڵکی لێ وەرگرتووه، بەحری رەمەڵه و دواتریش بەحرەکانیتر که له ئەژمار و ڕێژەی دیاریکراودا دەبیندرێ.

یەکێک له تایبەتمەندییەکانی بەحری رەمەڵ هەیبەت و شان و شکۆیەکی ئەوتۆیه به هۆی بوونی پیتی ئه لف له نێوانی ئەفاعیلی عەرووزی له بەحری رەمەڵدا که "فاعلاتن"ـه. هەر وەک دەزانن پیتی ئەلف، پیتێکێ بنەڕەتی و کێشدار و "ایستا"(با صلابت)یه.( له دیوانی کاروانی خەیاڵ، ٢٤ شێعر له ٩٣ شێعر له بەحری ڕەمەڵ سه ر کێشی "فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن"ـه و که ئەوه نیشان دەدا شاعیر له زۆربەی شیعرەکانیدا ویستویه به زمانێکی به هەیبەت و شان و شکۆوه قسه بکا .

هەر وەک گوتمان زمانی مامۆستا زمانێکی حیماسی یه . له بیره وەرییه کانی خۆی دا دەگێڕێته وه که کاتێک لاو بووه له کۆڕێکدا شێعرێکی خوێندۆتەوه و دوای چەپڵه لێدان و ڕێزێکی زۆر یه کێ له دانیشتووان پێی دەڵێ : "ئافه رین، ئافه رین فیردەوسی کوردان".

بەڵام با بزانین هۆی چییه که شاعیر به جێی کەڵک وەرگرتن له بەحری موتەقاریب (فعولن فعولن فعولن فعل) که تایبه ته به شێعری حیماسی و ڕەزمی، بۆ دەربڕینی مەبەستگەلی ئالەم جۆره، له به حری ره‌مه ڵی موسه ممه نی مەحذووف واته هەشتایی و زێحافاتیتری بەحری رەمەڵ کەڵکی وەرگرتووه؟ یەکێ له هۆیەکان بێشک دەکرێ ئه وه بێ که دروسته شاعیر

زۆربەی ژیانی لە جەرگەی خەباتدا بووە بەڵام وێڕای بوونی هەستی نیشتمان پەروەری کە هەستێکی جیاوازە لە هەستی دڵداری و خۆشەویستی سروشت و جوانیی، شاعیر نەیوانیوە ئەو هەستە لە خۆی جیا کاتەوە هەر بۆیە لە جیاتی وەی کە لە کێشی برگەبڕگە و خێرای فعولن فعولن فعولن کەڵک وەرگرێ کە وەزنێکی لە شەڕ و لاسارە، هاتووە پەنجا لە سەدی شێعرەکانی لە سەر کێشی فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن یا فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن داناوە کە هەر وەک گوتمان پیتی ئەلف لەو کێشەدا دەبێتە هۆی کێشانەوەی بزوێنی "ئا" و هەر وەک دەزانن یەکەم پیتە لە زۆربەی ڕێنووسی زمانەکانی دونیادا و دەورێکی یەگجار گرینگ لە زماندا دەگێڕێ. پیتی ئەلف پیتێکی "ایستا"یە و هەستی غرور و شانازی بە مرۆڤ دەبەخشێ کە واتە بەحری ڕەمەڵ ـ فاعلاتن ـ وێڕای ئەوەی کە کێشێکی نەرم و ناسکە لە هەمان کاتدا پڕشکۆ و بە هەیبەتە.
بە تێکڕایی دەکرێ بڵێین ئەو کێشە شێعرییانە نیشان دەدا کە شاعیر لە کاتی شێعر کوتن دا زۆر متمانە بە خۆ و شایی بە خۆیە و هەست بە گەورەیی و تەفاخور دەکا، هەرچەند کە غەمێکی سووکیش لەو کێشانەدا بەدی دەکرێ هاوڕێ لەگەڵ سادە و ساکاربوونی دڵی شاعیر. هەروەها خۆماڵی بوونی ئەو کێشانە کە زۆربەیان لە وەزنی هیجایی شێعری کوردی نزیکن، وەکوو:

هیوای چوار وەرزم وەرە ئازیزێ      تاسەی بەهارم خەمی پاییزێ
یارکۆڵێم، گەردن کێلێ، حەیرانێ      هۆ شەم، هۆ شیرین، هۆ گوڵە جوانێ

(ئەوینی من ئازادی/ مەسنەوی/ ل٣٤٠)

## گۆڕستانی بێدەنگ



دێولان. ح ڕەنجبەر

دوا نیوەڕۆیەکی هێمن و ئارامی دوا ڕۆژەکانی مانگی ڕەزبەر بوو ، ڕێگەم کەوتە کۆڵانی نێوان گۆڕستانی شار و ماڵی سالاری هاوڕێی قەدیمم ،
دیتم لە بەر درگا دانیشتووە و دوو ئەژنووی پەژارەی لە باوەش گرتووەوە و ملی لارەوە بووەتەوە !
سلاوێکی گەرم و گوڕم پێشکەشی کرد ، لە ناکاو ڕاپەڕی و پێش ئەوە وەڵامی سلامەکەم بداتەوە وتی : ماڵت ئاوا خۆ زاڵەت بردم ...
بە پێکەنینێکی زۆرەکییەوە باوەشی پێدا کردم ...
پاشی خۆش و بێش ، دەستی گرتم وتی : وەرە لێرە تاوی بە لامەوە دانیشە دڵم پڕە ...

دانیشتین و وتم گوێم لێتە فەرموو چی ڕووی داوە و چت لێ قووماوە ؟
هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی : بە دەست ئەم گۆڕستانەوە هەراسان بوومە ، نە خودی گۆڕستان ...
وتم ئەی جارێک کە پرسیارم لێی کردی کە لە هاوسایەتی ئەم گۆڕستانە نگەران نیت ؟ ناترسیت ؟
لە وەڵامدا نەتوت : لە چی و بۆ چی نگەران بم و بترسم ، ئەی ئێستا بۆ قەلس و بێزاری لەوەی کە هاوسێ گۆڕسنانی؟
وتی :باست بۆ دەکەم ، دۆخی گۆڕستانەکە گۆڕاوە و وەک خۆی نەماوە ...
بەڵی من بۆم وتم هاوجیرانەتی گۆڕستان زۆر خۆشە ، نە کاریان بە کەسەوە هەیە ، نە دز و نە درۆزن و نە دەستدرێژی ئەکەنە سەر ماڵ و حاڵی کەس و نە کۆڵە لە کەس ئەگرن ، نە خوسپ و غەیبوەت کەس دەکەن ، نە ڕێگە لە کەس ئەگرن و نە شەڕ بە کەس ئەفرۆشن و نە وەدوای قسەو باسی ماڵ کەسن و نە جاسوسن ، نە ئازار خەڵک ئەدەن و نە بەرتیل وەر ئەگرن و نە بەرتیل ئەخۆن ، نە لە دەسکەوت و داهاتی کەس ئەپرسن ... ئەو کات و ئێستەش وتوومە و دەڵێم ، گۆڕستان خۆی لە خۆیدا جێگەی مەترسی و دڵە ڕاوکە بۆ کەس نییە ، ئەوەی ئێستە هزر و بیری منی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە ، ئەوەیە کە چەند وەختێکە دیاردەیەکی نامۆ و مەترسیدار لەم گۆڕستانەدا سەری هەڵداوە کە هەم ئارامیی لە مردووەکان و هەمیش ژیانی لەئێمە و دانیشتوانی گەڕەک شێواندووە ...
بە سەرسوڕمانەوە پرسیم ئەو دیاردە ناخۆشە چۆنە و چییە ؟
ئەم پائەوپایەکی کرد و وتی : دیاردەی مەواد فرۆش و خەڵکی بەرەڵا و گیرۆدە بە مادە سڕکەرەکان و کەسانی بێحاڵ و ماڵ و بێکەس و کار، ژیانی تێکداوین و داد و هاواری ئێمەش بەر گوێ بەرپرسانی پەیوەندیدار ناگات ، ئیدی چۆن هەراسان نابم براڵە ، تۆ بێت چی دەکەی ...؟

## پەری شێعری حەسرەتاویم



مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە)

له دڵ حەسرەت ، له سینەم ئاه ، له لێو بار
له سەر سەودا و له شانم خەم بەکۆ بار

له تۆ ناز و له تەقدیر تێخی تیژی
له چاو خوێناو لەجێی ئەسرین ، بە خوڕ بار

له گەردوون دوون نوان وەک جاری جاران
که نەمبینی گەڕێ لێم تاکە یەک جار

چەنێ شێتم دەکەیت و خۆت دەکەی گێل
خودا هەڵناگرێ لێت دێتە گوفتار

لەمن تۆبە له هەرچی ، بێ له چاوت
ڕەبی دوور بێ له چاوت چاوی ئەغیار

له تۆرا گەر بەدی کەم ڕۆڵی لەیلێ
له من مەجنوون نوان و ویڵی کۆسار

له ئەگریجەت سەماعی خانەقایی
له سۆفی دەف ژەنین و لەو دڵەم تار

پەری دیوانی شێعری حەسرەتاویم
هەتا هەم بۆت دەنووسم وەک شەهریار:

"پیر اگر باشم چه غم ، عشقم جوان "
تا شنەت دەگرێتەوە هەست و دەمار


هەتا پێنووس ببزوێ ، پڕ بە هەستی
ئەنووسێ" زایەڵە"ی زار بۆت بە ناچار



ڕەحیمخان. نادر مستەفازادە

کوتی : ئازیزەکەم
خۆشم دەوێی
کوتم : چەندە
کوتی : بەقەد دنیا
که جێی هێشتم
وابێ هەواڵ
مامەوە بە تەنیا
نازانم بۆ بێ وەفابوو
نامەم بۆ نارد
کوتم چی بوو
بۆ وات لێهات؟
مەگەر نەتکوت
خۆشم دەوێی ـ بە قەد دنیا
ئەدی چی بەسەر هات دنیات؟
بزەی هاتێ وکوتی
دنیا هەر دو ڕۆژ بوو
دوێنێ وئەورۆ
کۆتایی هات

## نیشتمان



بوکان. فوئاد زریان

کەسێک خۆشەویستی
خاک و نیشتمانی له دڵدابێ
وڵاتی خۆی جێ ناهێڵێ
گەر کوڕی شا یا گەدا بێ

❋❋

ئەڵێن پاییز وەرزی
خەزان و لێک دابڕانە
کەچی من خۆشم دێ
موژدە هێنەری باو بارانە

❋❋

## ئامێز

تۆ بڵێی تەمەن مەودا بدا
جارێکتر له ئامێزت گرم
یان دەبێ هەر چاوەڕێ بم
هەتاکوو ئەو ڕۆژەی دەمرم



## بۆ گۆڤاری له داوێنی ئاربەباوە (سەرماوەز١٤٠٠ )

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

من پێشینەم بەرز و بەڕێز ڕادەگرم بۆداڕشتنی بنچینە و بنەمای بەرزکردنەوەی سبەی ژیان پاراستنی زمان بەلامەوە، گرینگترە لەپاراستنی نیشتمان.

ئەگەر زمان و بنەما و پێشینە و مێژووی خۆت بە باشی نەناسی و نەزانی، ژیانی مرۆڤایەتی لە هەر بار و دۆخێکدا بێت بێ کەڵکە. خۆت بە کەم مەزانە!

پەشیمان دەبیەوە. ڕاستە پێشینیانی ئێمە کەرەسە و ئامێر و هەل و دەرفەتی دونیای پێشکەوتەی ئەمڕۆیان نەبووە، بەڵام بیرۆکە و هزر و ئامالّی مرۆڤایەتیان لە زۆر جێگەدا زۆر لە تێبینی و تێگەیشتنی مرۆڤانی ئەمڕۆیی بەرزتر و بەهێزتر بووە. مێژوو بخۆێنەوە، شانازی بە

هەبوون و تەنانت مەرگی سەرفەرازانەی پێشینیانت دەکەی. دیارە ژیان هاتن و ڕۆیشتنە، بەڵام مانا و واتای هەیە، ئەویش تێبینی، تێگەیشتن و ڕاگەیشتنە و....

پێشینیان دەڵێن: چاویان بۆ دین دانەوە.... (چاو بۆ دیتن و ڕوانینی بە سەرنج و فێربوونە) دیتنی بەڕواڵەت و دیتنی بە سەرنج جیاوازن. واتا چاو هەر بۆ دیتنی ڕواڵەت نیە، بلکە بۆ ڕوانینی بە سەرنجە بۆ باشتر تێگەیشتن.)

## شرۆڤەی پەندی پێشینیان

شین لە گەڵ هەواڵان جەژنە پیرۆزەیە.

پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بەرهەمی ئەزموون وگەشەی زانستی ژینە. خۆشی و خەفەت، واتای بنەڕەت و پێکهێنەری هەموو مەودای ژیانن. پێکەوەژیان (ژیانی کۆمەڵایەتی)پێویستی بە داب و یاسا و ناسین و پاراستنی بەرجەوەندی مرۆڤ هەیە. پێویستە لە ناخۆشی و خۆشی یەکتردا بەشداربین.

مەبەستی ئەم پەندە ئەوەیە: هەرچی لە پێکەوەبووندا دێتەپێش و ڕوودەدا چە خۆشی و چەناخۆشی، مرۆڤ پێی وەڕەز نیە. چونکە ئەوە بۆ هەمووانە و بێ جیاوازیە.تەنگەژە و شینی تەنیایی زۆر خەفت هێنەرە، بەڵام شیوەن لە گەڵ یاران دڵنواییە و لەگەڵ شیوەنی تەنیایی، چێژی جیاوازە...

ئەگەر لە تەنگانەشدا هاوەڵانت لەدەورت بن، هەست بە ئێش و ئازاری زۆر ناکەی، چونکە بە تەنیا نیت.گرینگی پاڵپشت و پێکەوەبوون مانای ئەم وتەیە.

بەشداری ئیشی بە کۆمەڵ، دەرنجامی تاڵیش بێ، بایەخدارە....

## کامان کەمئەندامین؟



هەولێر. هاودەنگ بێبەش

کوێرانە گوێت بۆ دەگرم و
وەک نابیستێک سەیرت دەکەم،
ناگۆیانەش،
چی ئەندامە لە جەستەمدا
ئاماژە بە عەشقت دەکا.
ئیفلیجانەش ڕادەمێنم:
ئەگەر جەستەت گیانی تیابێ
چۆن دەتوانێ لێم تێ نەگا؟



دیواندەرە. ئیدریس عەبوودی

شەوێ، خەو لە چاو ناکەوێ
بە گریان و زاری
ڕۆژێ، تەیری دڵ ناسرەوێ
لە تاو بێقەراری
کزەی سەرمای شەوی سەرماوەز
بزەی گۆنای شۆخی تەرز
بوونەتەوە سیمی سنووری
زندان و ڕزگاری
لە بوومەلێڵی بەیانی
نێو خەوو بێداری
کەوتمە مەیدانی قوماری
دوو چاوی خوماری
لە سێ قاپی ئەم ئەوینە
یان ئەگەمە ئەو چیا
یان ئەگەڕێمەوە زنجی
ماریانای دڵداری




دێولان. شەریف قادرمەرزی

کە چاوە مەستەکانت کز دەبێ
جاڕە گوڵی بەهارێکم سیس و
گەواڵە هەوری ئاسمانی شینم لێڵ
باڵی گۆرانیم شکاو و
شەپۆلی هیوای خەیاڵم وێڵ
جوانووی پێکەنینی بڕوام بێئارام
ڕۆحی شاییم
شەوەزەنگی هەڵقرچانی بێتاقەت
پێکەنە !
ئەی تریفەی پێکەنینی چاوەکانت
توانەوەی شەختەبەندانی زستانی خەمەکانم و
ئەی قەڵبەزەی پێڵوی هەتاوی دەم بە بزەم
ئەی سروودی سووری هەڵپەڕکی ئاواتم
ئەی پێکەنینی چاوەکانت
ساماڵی ڕۆحی بێئارامم
ئەی گزنگی خۆرەتاوی
دەم بە بزەی بەفری ڕۆحم
پێکەنە ئەی پێکەنینت
تاقانە ئاوێنەی ڕۆژانی ئەرخەوانیم
ئەی شنەی شەماڵی
مانگەشەوی هەستی هەڵبەستم
ئەی تاڤگەی
عەشقی پڕ خرۆشی قەڵەمی لێو بە بارم
ئەی خەیاڵاویترین
خۆرەزێڕینەی بەهاری بارانیم...

## پەشێو لەدەلاقەی ئەمڕۆدا





ئامادە کردنی: نەبەز ڕۆژگار. هەورامان

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردیش بەتایبەتی، ڕاهاتووین لەگەڵ ئەوەی دوای مردنی زانایان و ڕووناکبیران و ... بیانلاوێنینەوە و بە سەرو باڵایاندا هەڵدەین و بیانکەین بە کاریزما و پیرۆز و جار جاریش بە بت. بۆیە ئەمجارە دەمانەوێت ڕەوتەکە بگۆڕین و کورتە باسێک لە کەڵە هەڵبەستڤانی کورد و بەرهەمە وێژەوانی و لێکۆڵینەوەکانی بکەین؛ کە هێشتا لەژیاندایە و درێژە بە خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی دەدات.

عەبدوڵا پەشێو ساڵی ١٩٤٦ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لە گوندی "بێرکۆت"ی نزیک شاری هەولێر لەدایک بووە (ئەو گوندە ئێستا بووەتە بەشێک لە شاری هەولێر). باوکی مەلای گوندەکە بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە هەر زوو ماڵاوایی لە دنیا دەکا، پەشێو دەڵێ:"مامەکانم هانیان دام بچمە بەر خوێندن، یەکەم جار چوومە قوتابخانەی "خالیدیە" و بە عەرەبی دەمخوێند".

پەشێو ساڵی ١٩٦١ بۆ یەکەمجار دەست دەکا بە هەڵبەست نووسین و یەکەم هەڵبەستی لە هەفتەنامەی "هەولێر"دا بڵاو دەکاتەوە. دوابەدوای ئەوە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو دەکا. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی دەکا بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە نێوەڕاستی شەستەکان بەولاوە دەبێتە بەرپرسی قوتابیان و کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەو ساڵانەدا دەست دەکا بە بڵاوکردنەوەی هەڵبەستەکانی و لە ڕۆژنامەی "الاخبار – دەنگ و باس" شیعر بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ئەودەم هەفتانە لاپەڕەیەکی بۆ کوردی تەرخان کردبوو.

ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەم جار لە بەغداد ئاشنایەتی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیر پەیدا دەکا و هەر ئەو کاتەش "بتی شکاو"ی بە چاپ گەیاند، هەر لەو ساڵەدا بە یەکجاری واز لە حیزبایەتی دێنێت و بڕیار دەدا خزمەتی بیری "سەربەخۆیی خوازی" بکا.

ساڵی ١٩٧٠ لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغداد بەشداری کرد. ساڵی ١٩٧١ بۆ ماوەی یەک ساڵ لە گوندی "کەندال"ی دەشتی هەولێر دەبێ بە مامۆستا. کۆتایی ئابی ١٩٧٣دا، بەهەوڵی چەند کەسایەتییەکی دیاری کوردستان، بەتایبەتیش سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی نووسەرانی کورد، سەیدا ساڵح یووسفی، زەمانەی خوێندن لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەردەگرێ و ئیدی بەرەو وڵاتی پوشکین و گۆگل و تۆلستۆی دەڕوا. ساڵی ١٩٧٩ ماجستێری وەرگێرانی ڕووسی و ئینگلیزیی لە زانکۆی Maurice Thorez لە مۆسکۆ وەرگرت. هەر ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەبێ‌کە کۆمەڵە شیعری "شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم" لە ڕێی کاک محەممەدی مەلا کەریم ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٨٤ دوکتۆرای وێژەوانی وەرگرت کە تێزەکەی لەسەر هەڵبەستڤان و نووسەری گەورەی کورد پیرەمێرد بووە.

ساڵەکانی ١٩٨٥ تا ١٩٩٠ لە زانکۆی ئەلفاتیح (بە عەرەبی :جامعة طرابلس) لە لیبیا مامۆستا بوو. پەشێو لە ١٩٩٥ەوە دانیشتووی شاری هێلسینکی وڵاتی فینلاندە .پەشێو جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و ئالمانی زۆر باش دەزانێ و وەرگێردراوەکانی لەسەر پووشکین و ویتمەن بەڵگەی لێهاتوویی و بەتوانایی پەشێو نیشان دەدا لە وەرگێڕاندا.[١]،[٢][٣]

مامۆستای پایەبەرزی کورد، هەردەم لەکۆڕ و دانیشتنەکاندا کە داوای هەڵبەست خوێندنەوەی لێدەکەن، هەڵبەستی "سەربازی ون"یان بۆ دەخوێنێتەوە؛ وەک بۆ خۆی دەڵێت:"خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە بە ئەرکی خۆم دەزانم کە لەهەر شوێنێک پێویست بکات، بیخوێنمەوە".

### سەربازی ون

کە وەفدێک دەچێتە شوێنێ،
بۆ سەر گۆڕی سەبازی ون،
تاجە گوڵینەیەک دێنێ.
ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من،
لێم بپرسێ:
"کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟"
دەڵێم:
"گەورەم!
لە کەناری هەر جۆگەیێ،
لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،

له بەر دەرگەیهەر ماڵێ،
هەر كڵێسەیێ، هەر ئەشكەوتێ،
له سەر گابەردی هەر شاخێ،
له سەر درەختی هەر باخێ،
لەم وڵاتە:
له سەر هەر بستەزەمینێ،
له ژێر هەر گەزە ئاسمانێ،
مەترسە! كەمێک سەر داخە و
تاجەگوڵینەكەت دانێ ![٤]

لێرەدا بەكورتی ئاماژەیەک بە بەرهەمەكانی ئەم مامۆستا هۆنەر دۆست و رەخنەگرەی كورد دەكەین، كە بەشێكی لەناوبانگی، بەهۆی رەخنەكانی بوو لەسیستمی دەسەڵات،بە ئارمانجی تێپەڕاندنی كەموكوڕیەكان. هەروەها بە توندیش دژی شەڕی كوردی – كوردی لەنێوان پارتەكانی باشووردا بووە كە لەم بارەوە دیوانە هەڵبەستێكی بەنێوی "براكوژی" نووسیوە كە بە زاری رەخنە لەدەسەڵات و پارتەكان نووسراوە.

بەرهەمەكان:

مامۆستا یەكەم هۆنراوەی لە ١٩٦٣ و یەكەم كۆمەڵە شیعری لە ١٩٦٧ بڵاو كردوەتەوە.

فرمێسک و زام (١٩٦٥–١٩٦٧)، چاپی یەكەم لە كەركووک ١٩٦٧

بتی شكاو (١٩٦٧–١٩٦٨)، چاپی یەكەم كەركووک ١٩٦٨

شەونامەی شاعیرێكی تینوو (١٩٦٨–١٩٧٢)، چاپی یەكەم بەغدا ١٩٧٢

دیوانی براكوژی، چاپی یەكەم هەولێر ١٩٩٤

دوانزە وانە بۆ مناڵان و چەند شیعرێكی قەدەغە (١٩٦٩–١٩٧٣)، چاپی یەكەم بەرلین ١٩٩٧

شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم (١٩٧٣–١٩٧٩)، چاپی یەكەم بەغدا ١٩٨٠

برووسكە چاندن (١٩٨٠–١٩٨٨)، چاپی یەكەم سوید ٢٠٠٠

بەرەو زەردەپەڕ (١٩٨٩–٢٠٠١)، چاپی یەكەم سوید ٢٠٠١

پرێسكەی عاشقێكی زگماک، چاپی یەكەم كوردستان ٢٠٠٦

پشت لە نەوا و روو لە كرێوە ٢٠٠٦ـ (كۆی شێعرەكانی ١٩٦٥ تا ١٩٧٩) ـ هەولێر

هەسپم هەورە و ركێفم چیا ٢٠٠٦ـ (كۆی شێعرەكانی١٩٨٠ تا ٢٠٠٥) ـ هەولێر

سەوڵم پۆڵا و كەناریش دوور– (كۆی شێعرەكانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٩) – هەولێر

سەرچاوەكان:

١. پەشێو لە روانگەی كەسایەتی، هەڵوێست و شاعیرییەوە، بەشی یەكەم، سەعدوڵڵا نووری، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە: ٤١
٢. ئیستێک لە سەر ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو، زیاد نادرعاڵلایی، پەشێو شاعیرێک لە رەگەزی سەربزێوی (كۆكراوەی وتاری كۆمەڵێک نووسەر لە سەر پەشێو). ل ٣٢٦ ـ خانەی ئەربیل. ٢٠١٣
٣. http://www.pashew.com/kurdish/cause-full-with-both-sidebar
٤. پشت لە نەوا و روو لە كرێوە. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. ٢٠٠٦ pp. ٤٢٩.

گۆڤاری ئێلێكترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم



سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور

تۆ
هیچ بەیانێک
نە لە سەفەری ناکاملی مانگ دەدوێی
نە ئەستێرەیەک
دەکەیە نیشانەی ئەو ڕێگایەی
تریفەشەو بەرەو مانگت دەبا
منیش
هەموو ڕۆژێک
شەتلی گزینگ لە دێراوی ئەوین دەدەم و
لە پاراو دا
لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم

تۆ
بۆ شەونمی بەرەبەیان
نە لە باران و سەوزە دەدوێی
نە لە سەر پەلکی هیچ گوڵێک
نمێک لە سپێدە دەخەیتە چاو
منیش
نمەنمە بە شۆڕابەی شەو دا دێم و
لە چەخماخە و شەبەق دەخێزم
سارین
لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم

تۆ
تاڵێک لە شەو بەدوو خۆتدا ڕادەکێشی و
هەودا هەودا شەوان لەیەک گرێ دەدەی
منیش
بۆ زەردەی سەران دێمە سوژدە و
نوقمەساری هەقیقەتم
چێشتەنگاوان
لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم

تۆ
داری هیچ پرسیارێک
لە زۆنگەڵەی مێشکت
بنجداناکوتی و
منیش
گەڵای پرسم تورتن
کاتێ گوڵی وەڵام دەگرن
لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم

تۆ
بە بێ خەونێک هەر لە خەو دای
بێ گرێدانی دوو لق تیرێژ
تەنیا هەبوون بوونی تۆیە و
منیش
چۆپی گری بیرم لە شەوگەڕدا
پاش دەسبەردان و هەونای دەهۆڵ
لە تەعبیری خەونەکانم دەترسم

تۆ
قەدەرت بە چارەنووسمەوە
پێکانمان پێملی یەک ڕێن
ئەوەی ڕێبوارە دەژی
هەبوون وەنەوزە بۆ مان و نەمان
زۆنگەمێشکان دەکەینە باغ
گەڵا گەڵا پرس بڕوێ
خەونەکانمان
لە پەنجەی هیچ خەولێکدەرێک ناخەین
لە گەڵ هەر هۆرامانێکدا
لە سەر دەستی تیشک و هەتاو
خەونی نوێمان تەعبیر دەکەین
لە ئیشراق و هەتاو دەدوێین
بە دەروازەی هەقیقەتا تێدەپەڕین
بە ملیۆنان ڕووەکی نوێ
دەگووڕێین و بەلەز دەڕوێین

## حەنجەرەی سەوزی زەمان





**بۆکان. ئەمین گەردیگلانی**

عاشقی ڕۆژه خەیاڵم له حەقیقەت دەگەڕێ
شەوی ڕەش زاڵە کە ئەستێره لە زوڵمەت دەگەڕێ

"نووری ڕوخسار"ی وەدەرخستووە دیسان "گەوهەر"
دیتی خەنجێری شەوێ بۆ دڵی لەتلەت دەگەڕێ

شۆخی نێو کۆشکی هەور چاوی کە لێدادەگرێ
لە برووسکەی بزەی و شاگوڵی بەینەت دەگەڕێ

موتریبی پەنجە بەگڕ سازی ئەوینی پێیە و
بۆ کەمان و نەی و عوود و دەف و بەربەت دەگەڕێ

ڕەشبەڵەک گەرمە و شایی دەگەڕێ و سەرچۆپی
"ڕەزیە" گرتوویەتی، نوقڵ و گوڵ و شەربەت دەگەڕێ

لەو قەڵا بەرزەوە دێ دەنگی چریکەی زیرەک
لە هەموو لایەکی بۆکانەوە داوەت دەگەڕێ

شەنگەبێری لە هەواری هەڵیداون ڕەشماڵ
گیانی زیرەک لە هەوای هۆبە و خێوەت دەگەڕێ

گوڵ و بارانە دەمێ وا لە دەمی زیرەکدان
ڕۆحی بێ خەوشی بەهارە و لە چەم و شەت دەگەڕێ

گوتم ئەی ڕۆحی زمان و هونەر و جوانیی ژیان
دڵ لە سەر شاپەڕی زێڕینی چریکەت دەگەڕێ

شادی دێنێ بە دڵا سۆزی چریکەی گەرمت
بۆو کەسەش وا لە خەم و ماتەم و مەینەت دگەڕێ

دەنگە ئاسمانییەکەت هەر لە دڵیدایە زەوی
حەنجەرەی سەوزی زەمانە و لە حەقیقەت دەگەڕێ

بۆ یادی سەد ساڵەی لە دایکبوونی
خۆری ئاسمانی هونەر و گۆرانیی کوردی
(حەسەن زیرەک)ی نەمر



**مەهاباد. موحیب مەهابادی**

هەرچی دەرگایە داخراوە لە من
هەرچی ڕێگایە بەستراوە لە من

لێڵە چاوم، تەزیوە هەستی ژیان
هەرکەس ئاگایە وەرگەڕاوە لە من

شەوقی ئەستێرەیی بەخت ونە لێم
هەوری ڕەش تاوڵی هەڵدراوە لە من

جێ هەواری زەوی چ زیزە لە ڕووح
هزری ئاسمان چ بەربڵاوە لە من

هاوڕێیان کوانێ دەستی یاریتان؟
هێز و دڵخۆشی دوورخراوە لە من

ڕۆژێ هیوام دەدا بە دەور و بەرم!
بۆچی ئومێد ئیتر براوە لە من؟

کوا نیشانەی سەفا و سوکنایی؟
یاری کۆن، تازە دابڕاوە لە من

ئێرە بۆنی ژیانی لێ نایە
تام و چێژی عەشق نەماوە لە من

یا تەواوە موحیب حەکایەتی تۆ
یا دڵی چارەنووس شکاوە لە من!



باشور. کەلار. عەسەل کاسبکار

لەم کانگا پڕ لە ئێشەدا
وەک چۆن کۆرپە، گووانی دایکی لێبڕابێ
وەک چۆن هزری سەرکردەیەک، ئاشتەوایی لێبڕابێ
وەک چۆن کاغەز، لێوی خامەی لێبڕابێ
من ئازادیم لێبڕاوە.
هەموو ڕۆژێ، خۆم لە گۆشتی خۆم دەخۆم و
خوێنی خۆشم، لە نێو کاسەی سەری خۆما دەخۆمەوە.
ژیان بووە بە بارمتە و، دەڵاڵەکان بە دروشمی
هەرچی و پەرچی، دێن بە خۆمی دەفرۆشنەوە.
پێیان دەڵێی هەی خوا نەناس،
لە زیندانا، پەنجە مۆری مردنێکم پێدەکەن و
دەم دەنە بەر قامچی و شەلاق.
ئەم وڵاتەیان کردووە بە ئافرەتێکی سۆزانی و
هەر شەوێک و لەلای یەکێ بە سەرە با.
کە ڕۆژ داهات، مووی پیاوەتی لێیان دەداو
سێ بەردی تەڵاقەکەی خوا، دەخەنە نێو دەستەکانی و
دەیدەن بە هەتیوێکی لات.
لات وەک مرۆڤی دەربار و مشەخۆری نێو جەستەی خۆم.
وەک قۆشمەچی، پاشقولێکی سەرەمەرگم لێدەدات و
دێت زۆرانی پرسەیەکم لەگەڵ دەگرێ.
من نازانم هەتاکو کەی، مافەکەی خوا نایانگرێت.

زۆر لە مێژە، باهۆزی نێو ئەم دوورگەیە
فریاد ڕەسێکی خاوێنی، لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە.
من هێشتا چلەی مەرگێکی سارێژ نەبووم
لەو لاشەوە سەدان ڕۆڵەم، بە یەختی مەرگەساتەوە
لەگەڵ پۆلی هیوایەت و سکاڵای بێ دەرامەتا
باوەش دەکەن بە ئامێزی نیشتماندا.
من هەموو ڕۆژێ دەخنێکم لەو دیو سنوور
هەموو ڕۆژێ، نقوم دەبم لە نێو خۆما و پێ نازانن.
کە دەمەوێت، یاخی ببم لە ڕەفتاریان،
لە پڕێکدا، جەلادێکی خوێن مژ لێ پەیدا دەبێ و
بە خۆی و چوار، پێنج، هاوەڵی شەلاتی وە
بە سەرانە، بەیاننامەی ڕۆژی حەشرم بۆ دەردەکەن
قیامەت و ڕاپۆرتی خوام بیردێتەوە
تۆ چیت غەزەب، ئێوە هەر لە زکماکەوە هاوڕێی خوێنن.

ماوەیەکە والییەکی تازەمان لێ پەیدا بووە
خۆی کردووە بە شەقاوە و مڵۆزمی ئەم دوورگەیە و
بە سیکاردێکی خوێناوی،
سەدان قەسابخانەی میری، دژە خۆمی کردۆتەوە و
دەیان بازگەی لە نێوانی، خۆم و خۆما بۆ داناوم.
خۆشی لەسەر، کورسی وڵات ڕاکشاوە و
بەدەم ئەزمی چەقاڵەوە،
ڕەگەزنامەی مرۆڤ بوونم بۆ دەردەکا.

ئۆ دایە گیان، ئەمانە لە کوێ تێدەگەن ژیان چییە.
ئۆ دایە گیان، من لەوەتەی ناوم کوردە،
نان و فیشەک، بووە بە ژەمێکی سادەی بەیانیم و
بۆ نیوەڕۆ نارنجۆک و بە ئێوارە لەتێ قاوغ.
لە خەونیشدا، لە نێو پێڵووی کچۆڵەیەکی شیریندا
دەمرم و قەڵاچۆمەکەن.
ئەرێ کاکی ئەڵقەلەگوێ، ئازار برا بچووکت بوو.
دەنگی گریان، قەت بەلاتا تێناپەڕێ؟
تۆ بیڵێ کاکی موفتەخۆر، برسێتی نا ناسیتەوە؟
شەوان گوڵ و خۆشەویستی نایەتە نێو خەون تەوە؟
ئاخر بڵێ، خەتای بارووت لە کوێدایە،
خۆم، خۆمی پێ بکوژم و ناخی خۆم ئەشکەنجە بدەم.
ئاخر بڵێ، خەتای دەریا لە چیدایە،
من چاوم نم نم فرمێسک و پەنجەکانم تاو تاو لەرز و
سنوورشم دووکەڵ بکاو تیا نقوم بم.
ئاخر بڵێ، خەتای سنوورەکان چیە،
خۆم کردوومە بە پۆکەر و خۆمی تێدا هەڕاجەکەم.
ئۆ دایە گیان، من لەوەتەی ناوم کوردە،
هاوڕێم چەک و تەقەمەنی، و کفن و خوێن و گۆڕستانە.
ئۆ دایە گیان، ئاخۆ کەیبێ ئامێزی تۆ، بکەمەوە بە نیشتمان.



سەقز.مریەم یەتیمی

١ـ شەق ئەبا کوچک
کاتێ لە بزەی ناخم
هەڵقوڵیوە عەشق

٢ـ هەر ئەسرمەوە
وشەی بێهوودەو پووچەڵ
زمان شاری گەن

٣ـ شرنگەی دەفێ
مانگ هەڵئەخا لە برین
گوڵ ئەستێرەیێ

٤ـ کە خۆت بناسی
قەت ناوت نانێ کەس تر
لە خۆتا خۆت بە

٥ـ زەوی تاریکە
هێق دەکاتەو قۆرگی شەو
هەتاوی مەعسووم

٦ـ شرنگەی پووڵەک
دەریاچەی وشک و برین
ماسی بایی بوو

٧ـ مرۆڤی سەر دەم
لە جنسی داس و تیغن
زەوی مەس خوینە

٨ ـ شێعر ئەبارێم
لە پیاسەی دنیایەک دا
کە خەوە زەنگە

٩ـ کۆتایی مێهرە
ئاسمان لە زەوی وەرەز
مرۆڤانی مرد

١٠ـ عاشقی راستی
لە سەر داری بەیانی
نەرگزی هەتاو

١١ـ ناخی تاریکی
دەمی لێم دەکاتەوە
چرای بۆ دەگرم

١٢ـ چەند وشە پرە
تماشای داری پاییز
لە قەسیدەی عەشق

١٣ـ دەرکی خەیاڵ باز
پاشکەوتوویی مرۆڤە
پەرەنتز بەستە

١٤ـ وتەی تووتی وار
لاسایی کردنەوەی
فەرتەنەی رۆژگار

١٥ـ من لە بیری گەل
تۆ لە بیر گەنجی قارووں
جیاوازە رێمان

١٦ـ من چیای سەرکەش
تۆ باڵی ناسکی خەیاڵ
دوو لە ژین بێبەش

١٧ـ لە وڕێنەت دا
وشەم لێ ئەرژی تەواو
بە سەر زۆڵمەت دا

١٨ـ قەڵەم لە شەودا
لەگەڵ خەیاڵ پیاسەی
شەقامی شێعر

١٩ـ لێی ئەگوزەرێم
رۆژگاری پێچەوانە
گۆڕاوە جێمان

٢٠ـ وەک باڵندەیەک
شێعرم لە قەڵەم هاوسێ
نیشتۆ لە چاوم



## چاوەڕوان

بانە.حسین بەگ

هەموو ساڵێ، کەپایز دێ
باڵندەکانیش، کۆچ ئەکەن
بەڵام، بەهار ،زوو دێنەوە
لەو رۆژەوە چوویتە سەفەر
بەدرێژایی، تەمەنی خۆم
چاوم بڕیوەتە رێگا
کە لەسەفەرێ بێیەوە
چاوەکەی من، چاوەکانم،
چاوەڕێن، تا دێیەوە
بەسیە فیرقەت، تابەکەی
چاوەڕوانت بم، گوڵم!
تۆش وەکوو باڵندەکان
زوو وەرەو فریام کەوە
چاوەڕۆانی زۆر گرانە
مەمکوژە، بەو دەردەوە



پاوە. مۆمن یەزدانبەخش

مانگی شەوانی تارم بۆ وێت بدەر دیاری
شاید کە عاشقان را کامی ز لب بر آری

بنمانە کۆی وەفا و مەیل پەی عاشقی دەروون کەیل
بر بی دلان مسکین تا کی جفا و خواری

قار و غەزەب وەسێشەن داوا چەنی هەژاری
تا چند همچو زلفت در تاب و بی قراری

بۆ پەرسە حاڵی زارم، ناوەش و دەردەدارم
گر شمەئی بدانی شاید کە رحمت آری

ئەمن جە مەی گرانت نۆشوو مەوو نە دامت
تا زندەام نورزم آیین هوشیاری

ئاخ چن وەشەن نەسیمێ بارۆ پەرێم پەیامێ
از بوستان وصلت بوی امیدواری

کوشتەی نێگای خومارت کەوتەن نە ئێختیارت
گر میکشی بە زورم ور می کشی بە زاری

ئەر مەیل بدەی وەفاتەن وەر سۆچنی خەڵاتەن
دلها همچو آتش چشمان رودباری

ئەر تۆ نەوی بە یارم ئەی دڵبەر و نێگارم
سر برنیارم از خاک از روی شرمساری

(مۆمن) نە گێج ئاوەن یاوەش پەنە سواوەن
تا چند نا امیدی تا چند خاکساری

## چاوی هیوا



مەهاباد. بێ خێش

وەکوو منداڵیکی دۆڕاو کە ماوە ڕووت مافەنگی
لە ناو کۆڵانی یادی تۆ لە ناو بونبەستی دڵتەنگی

سەبووری بەردی ژێر بارم لە پێی دیواری تەنیایی
لە سەر شانی دڵم دامناوە نەخزێ باری لاسەنگی


لە ناو چەپکی ڕەشی شەو دا ڕەشی دنیام لە کۆڵم دا
لە بۆ چاوی ڕەشی هیوا نەکا کاڵ بێتەوە ڕەنگی

بەرەی تەنگانە کوا کورتە خولی دەورانە ڕاتدێنێ
لە دوای چەن ڕۆژێ عادەت کەی بە کەوش و قالبی تەنگی

دڵم بۆ ماچی لاجانگی بە ئاوێزانی گوارەی بوو
پەرەنگێکی بە لەنگەر وا لەرەی دێ و ناتکێ ژەنگی

بە پێوانەی سپی موو بوو مرۆڤ و حورمەتی واجب
تەرازووی ڕێزی مووی چەرموو نەماوە پێوەر وسەنگی

بە بریاری چەپی گەردوون کە حوکمی ئینتسابی دا
سپای غەم ناشکێ تازە هەتا بێ خێشە پێشەنگی



## شەو هاونشینی

سەردەشت. سابیر بێتووشی گوندی بێتووش

یەک لەو نەریتە خۆشانەی دێهاتی کوردەواری , کە لە کۆن دا باو بوو , شەو هاونشینی شەوانی پاییز و زستانی ساڵ بوو کە خەڵکی گوندەکانی کوردستان لە ماڵان لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە , شەوانی درێژی پاییز زستانان کە کاری وەرزێری نەدەما بە قسەو حیکایەت و گێرانەوەی بەسەرهاتی جۆراو جۆر بە سەریان دەبرد .

❖ بەر سۆبەی مزگەوت و دیوەخانی ئاغا و ماڵی مام حاجیش لەو شوێنانە بوون کە گەلێ قسە و باسی خۆشی لێ بوو ـ دنیای زوو کە ئامێری سەرگەرمی ئێستای وەک تەلەویزیۆن و موبایل و ماهوارە نەبوو, خەڵک بە کۆمەڵ کە پەیوەندی بە خزمایەتیشەوە نەبوو , بەڵکو خەڵکی گوند بێ جیاوازی و بە گیانێکی یەکپارچەیی و هاو ماڵیەتی روویان لە ماڵی یەکتر دەکرد , لە دالانی ماڵەکە چوار پێنج فانۆزی نیو رووناکی لێ ریز دەکرا , ژن و پیاو لە دەوری یەک و لە ماڵی خانوی قوور و داری پر لە سەفا و گەرم گووروو سادە و بەر چرایەکی کەم شۆقی دیوار کۆ و سۆبەی داران , تا درەنگانەی شەو گوێیان بۆ قسەی خۆشی پیاوە بە تەمەنەکان و چیرۆک بێژان ڕادەگرت , وا هەبوو حەیران بێژ , حەیرانی خۆشی دەچڕی , وا دەبوو دەکرا بە گەڕەلاوژە , هێندێک کەسی واش هەبوون کە بە بابەت و قسەی سەیر و پێکەنیناوی بە ناو بانگ بوون , زۆربەی کۆڕەکە دەبوو بە ئی وان , خەڵکەیان وە پێکەنین دەهێنا , درنگتر کەسێکی دیکە بە شان سەرو کوڵاوی بەفر لەسەر کەوتوو وە ژوور دەکەوت و نیشانەی بەفر بارینی لە گەڵ خۆ دێنا .

❖ ژنان لە دیوی ژنان باس و بابەتی کاری ڕۆژانە و گێرانەوەی قسە و بەسەرهاتی ڕابردویان دەگێراوە , لە لایەکی ژوورەکە کیژە گەنجەکان سەریان بە سەری یەکەوە دەنا و خۆیان نەبێ کەس لە بابەتەکانیان تێنەگەیی , جاری وا دەبوو لە دیوی پیاوان بۆ گەنجان دەکرا بە مەرج و گرێو کە هەرکەس بتوانی بەو شەوە و بەتەنیا بچێتە فلانە شوێن , ئیتر شەوی تاریک دەبوو بە مەیدانی لاوی ئازا منداڵەکانیان لە دالان و دەر و بەر دەرک خەریکی ماڵ ماڵۆکێن و خۆشارکین و گەمە و یاری دەبوون.

گەنجان شەوانی هاونشینیان دەکردە بیانوو بە زۆری روویان دەکردە ئەو ماڵانە کە کیژیان هەبوون , جا وا هەبوو گەنجان لە شەوێک دا دوو سێ ماڵان دەچوون ,

لە کۆڕوو شەونشینیەکان , پیاوان هێندێ یاری سەیر و خۆش و تایبەتیان دەکرد , وەک تەڵە ڕێوی , بارەخوی, کەڵەکەترە , پشتەڕەقە , کوتکی بن بەڕی و جۆرابین .

لە کۆتایی دا شەوچەرەیان دێنا , کە لە ماڵی دێهاتی کوردەواری ,بریتی بوو لەو خواردنە خۆماڵیانە کە خەڵکی لە بەروبوومی مووچە و ڕەزی خۆی , لە ماڵ دایدەکرد , وەک مێوژوو گوێز , باسووخ , هەنجیرە وشکە , هەنار , هەرمێ کرووزوو و نێوڕەشە جاری واش ڕێ دەکەوت بەفر و دۆشاوی تریان لە قاپلەمە یا سوێنەیەک دا لێک دەدا و پێیان دەگوت بەفروو شۆک لە قاپ دا بە کەوچک دەیانخوارد بەڵام منداڵان لەو بەفروشۆکە بێ بەش بوون , چوونکە دەیانگووت میزی لە جێگە دەکا .

دوای شەوچەرە و کاتی نوستن نیزیک دەبوو , هەر کەس بەرەو ماڵی خۆی دەڕۆیشتنەوە , ئەو هاونشینیە بە درێژایی وەرزەکانی بەفر و سەرما و باران , بێ پسانەوە و بەردەوام بوون , هاوتای کارە بە هەرەوەزەکانی ساڵ, پەیوەندی خەڵکی ئەو سەر دەمانی هێندە پتەو کردبوو , کە ببوو بە قەڵای قایمی لە رووخان نەهاتوو , زۆر بە داخەوە لە سەردەمی ئێستا دا بە هۆکاری جیاجیا , ئەو کەلتوورە ڕەنگی تەواو کاڵ بۆتەوە و لە بەر تەلەویزیۆن و کەوتنە داوی دراما زنجیرەیەکانەوە و سەیر کردنی لە سنوور بەدەری ئامێری موبایل و نەمان و بە عەیب زانینی شەوچەرە خۆماڵیەکانی کوردەواری , یەکیەتی و یەک دڵی خەڵکە سادە و رووخۆشەکانی دێهاتی بە تەواوی لە گرێژنە چوەو تام و چێژێکی تێدا نەماوە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# بەرهەمی شاعیرانی لاو



پاوە،گوندی دەرەوەیان. مۆبین ئەحمەدی

ئەی هیتلەری زەمان
ئەمشەو بیرم لە خۆم ئەکردەوە
هێندە وەڕەزی کەوتەوە بیرم
سەرم گرانی ئەکرد بە سەر جەستەمەوە وەک
گرانی کۆبانی و شەنگال
بە سەر شانی گەردوونەوە
هێندە تەنیایی کەوتەوە داڵغەم
جگەرەکەی دەستم
نەیدەزانی بۆ کامیان بڕوانێ و
بچێ بۆلای
بەڵام
حەیف تۆ لە تەنیایی نازانی
هەر ئەزانی
نینۆکەکانت ڕەنگ کەی و
تێ پەڕی بە ناو شەقام دا
ئیدی خۆ ئاسەوارەکەی نابینی کە
چ لە دڵەکان ئەکا
بەڵام من پێت ئەڵێم
ئەو دڵانە دوای تۆ
چەشنی سووریەن کە داعش دابووی لێی!



شنۆ. کۆچەر کاردۆخ

تۆرانت
دڵدەرهێنانت،
کوشتنی منت،
تەنانەت ڕۆیشتنت
گشتی بە مەرجێ شیاوە
کە دەستت لە دەستم ناوە

❋❋

ترپەی دڵی من و تۆ
لەبەر باران ناوازەترین سترانە
کە ژەنیارەکانی شار
دزیویانە!

❋❋

تێناگەم، من
مۆمم یاخۆ بەفر؟
نە بە تیرێژ نە بە ئاگر
بە باوەشی گەرمت نەبێ
ناتوێمەوە..!

❋❋

دەستی من
شەرڤانێکی دەلالە،
کە سروودەکەی جاڕنامەی
خۆشەویستییە و
ئاڵاکەی لەسەر لەپی
دەستت هەڵدا،
بە نیازە پێتەختی
خۆشەویستی دڵی تۆ
داگیر بکا..

## پاییز



ڕەبەت. غەفوور قادری(بڕوا)

خۆشەویستم
ئەو پاییزەی کە تۆ دەتکووت
هەزار بەهاری تێدایە!
هەزار ئاواتی سەرخۆشی
تاوە ماچێکی بەپەلەی
ئەو کۆلانەی لە ژێر باران
دەست لە دەست یەک
سەمامان دەکرد ،تێدایە!
لە جێی خەزان و هەڵ وەرین
چریکەی مەل و
خورەی چۆم و
چرۆی گوڵزاری تێدایە!
خۆشەویستم
گەڵاکانی خەیاڵی ئەو پاییزە
هەمووی وەری
لە جێگە ژوانی سەماکە
تەوری زریان
دەستی هەموو دڵدارەکانی کۆلانی
تێکڕا بڕی



بانە. چرۆ

من ئەڵێم چی چەکی خاڵی و
تفەنگی دەستی سەرباز هەیە
سەیر بکەن
بزانن چەن شوێنەواری
کۆڵبەری ڕێی نان ئەبینن
بە ئاسانی!
من ئەڵێم چی بن بەرد هەیە
سەیر بکەن،
بزانن چەن جێ دەست دیارە
بە خوێناوی!
من ئەڵێم چی ڕووبار هەیە
سەیر بکەن،
بزانن چەن تەرم ئەبینن
بە کوژراوی!
من ئەڵێم چی سنوور هەیە
تێپەڕی کەن،
بزانن چەن بە ئازارە
ڕۆیین بە دوای تیکە نانێک
بە حەڵاڵی!
من ئەڵێم چی کۆڵبەر هەیە
لێی بپرسن،
بزانن تاوانی چییە
وا ئەدرێتە بەر فیشەکی
ستەمکاری!



## پیرانشار. حاسڵ عومەری(خـەمۆ)

یار خەزاڵم غەمزەکانت بەس لە سێحر و فەن دەچن
زۆر گەڕیدەن ئەو بزانەت ڕۆژێ هەر دێن و دەچن
هەم حەریفی هەم ئەوینی هەم بە ژانی هەم دەوا
تا خەیاڵت دێتە لای من ژان لە ناخم ڕۆدەچن

تۆ لە بۆرانی دەترسێی من لە بوغزی چاوەکەت
پڕ لە جەهرن زۆر بە سامن ڕەسم و یاسا و باوەکەت
خۆزگە تۆفان بای و هاتبای تێکەڵت بام ون لە تۆ
تێکەڵی تۆ چەندە خۆشە من بە قوربان ناوەکەت

خۆزگە زریان یا شەماڵ بم ڕێم لە زولفی تۆ کەوێ
یا شنەی بای بەربەیان بم تۆم لە سەرمای وا دەوێ
هێدی هێدی بێمە باڵت باوەکەڵێ و لاوێنی تۆ
گەر بە سروەش قابیلت نیم دەبمە خەو کاتی خەوێ



## بانە. بەیان خدری

خۆم و خەیاڵ و خەم
شەو و شێعر و شەقام
پێکەوە هەموومان
مات و وێڵ و وەیلان
ئاوارەی کۆڵانانی شارین
لێوڕێژی تەنیایین
گیری پرسیارێک
ئەم ڕێگایە، چۆن دێ کۆتایی؟

هەر وەکوو کلیلەی بەفری زستان
لە سەر سەری ڕێبوار
دووریت ڕێگای بڕیوە لە هاوار
ئەی شەوو شەقامی شار
ئێوە بۆ پێم ناڵێن؟
ئەم پاییزە چۆن ئەگاتە بەهار؟



## بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین)

بە بیلا کە شێتخانەیە چاوەکانی
هەرکەسێ دەڵێ وا نییە
بێت و سەیر کا
کە چلۆن
ساڵە هایە منی شەیدا لەوێ دەژیم!

❋❋

شانۆی چاوەکانت
لە سۆشیاڵ میدیای جیهانی شێعرێما
بڵاو دەکەمەوە!
تاکە هەمووان بزانن
چلۆن شێتانە
بە مجنوونی پەیوەستم دەکا نیگاهت!

❋❋

هەر یەک خەندەت
سروودی ئەی ڕەقیب ئەڵێتەوە
لەسەر نیشتمانی ئازادی نەدیوی دڵم!

❋❋

تینویەتی
قەڵەمەکەم
بە جەوهەری
ڕەنگی چاوت دەشکێنم.
تاکە هەرکات
دەندووکیم خشکاند
لەسەر پەڕەی شێعرم
کاڵ کاڵ سۆمای نیگاهت ئاشکرا کە
لە دێر بە دێرم!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## سروەی دەم بەیان



بانە. سەهەند "ئاڤان"

ناوی تۆم ناوە سروەی دەم بەیان
ئەی شیرینەکەم هێمای بەرخۆدان

لەم لاپەڕەی دەفتەری شێعرم دا
ناوت دەهێنم بە هۆی سەرهەڵدان

شێوەت وەک پەری حۆری سەر زەوی
ئەی خاتوونەکەم زینی کوردستان

چاوت غەمزاوی بە وێنەی ئاسک
ڕەحمی خێرت بێ بە گیان دڵداران

زوڵفەکەت لادە بزەت ببینم
فێنکایی ژینم چاوگەی کۆساران


ئیلهامی شێعرم ئارینای وڵات
هێزی قەڵەم تۆی بۆ گشت شاعیران

لە جوانی ئەویت کە باسی دەکەن
ئەو خۆرەی هەڵهات لە میسر و کەنعان

دەزانم داوات زاڵم و زۆردار
دەتهەوێ ببم بە شێخی سەنعان

ئارام ئەزیزم تۆ زۆر دوور مەڕۆ
لەمێژە شەیدان هێمن و ئاڤان

## ئەوینی پڕ کەسەر



پیرانشار. پەسوێ. ئێحسان ڕەستگار
(هەڵوەدا)

ساقیا ئەی خەم ڕەوێنم بێنە مەی
مەی حەڵاڵ بێ بۆو دەڕوونەی بۆتە نەی

ئەو دەڕوونەی ئاگری هەستێ لە نێو
کۆنە زامی عەشقی لێ بکرێ بەخێو

شوێنەواری داخی لێ بکرێ بەدی
شوێنی زنجیر و تەناف و پێپەتی

ئەو دەروونەی تاسە باری موژدە بێ
تاسە باری مردنی بێ نۆرە بێ

کوفرە ساقی چۆن دەتوانی وێڵی کەی
چۆن دەتوانی مەیکەدەی لێ گاڵە دەی

ئەو دەروونەی بۆتە گڕکان دێتە جۆش
هەر لە تاو تۆی بێوەفا کەوتۆ نەخۆش

هەڵوەدا بۆت هەڵوەدا بوو بێ وەفا
سەر هەڵێنە دڵڕەقەی خاوەن جەفا

سەر هەڵێنە چاو لە چاوانم کە یار
بۆت نەماوم تاسە بارم بێ قەرار

چوومە نێو دنیای خەیاڵی بێ سەمەر
هیچ دەوایەک لەو دڵەم ناکا ئەسەر

کوا دەوا کوانێ دەواخانەی ئەوین
کوا گەوای سارێژی ناسۆر و برین

کوا لەکوێیە مەڵحەمی زامی بەسۆم
کوا لە کوێ ئارامە هەستی ڕەنجەڕۆم



بانە. دڵنیا

جێ پێی پاییز
لە سەرداروەدون،
دەرودیوار،
کۆڵان وشەقامی شار
دیارە و
گاڵتە وگەمە
دەکا بە دارە رووتەڵەکانی
قەراخی رووبار
پرچیان تاشراوە
لەبەرشێرپەنجەی
خوێن
کەتازە رژاوە
بۆ ژێر پێی کۆچبار

**

پاییز جوانترین وەرزێکە
کە پەرژینی دەوری
باخچەی شێعری
پێ دەرازێنمەوە
هەرچی قاز وقولینگی
ئەم شارە
بەدەوریەوە
دەخولێنەوە
پاشان تەحیات وسەلام ئەڵێنەوە

## دڵبەر



شنۆ.عێرفان مەرزەنگ"ڕەشەبا"

تەلی قورگی دڵی دیلم دەناڵێ
کە شەو هاتە دیدارت بە خەیاڵێ

لە دڵمەندی نیگاهت هاتە کسپە
کە ڕەنگی دڵ لە ڕوخسارت دەکاڵێ

قژی نەرمت وەکوو ماری سیەە ڕوو
لە ئەستۆ و گەردنی عاشق دەهاڵێ

چلۆپۆپ و گەڵای دڵ هەڵوەریوە
بە چەشنی باگەرە ڕەنگی شەماڵێ

سوروشکی دڵ لە چاوانم دەچۆڕێ
لە هیجرانت نەما جوانی و جەماڵێ

بەتاڵە چەشنی ساماڵ ئاسمانم
فەلەک نەیما نە هەورێ نە گەواڵێ

بە داوی مووی پەرێشانی دەبا دین
دەبا هۆش و بڕست و هێز بە خاڵێ

بە بەژنی شۆڕە پەشمینەی دەبا دڵ
دەبا ڕوحم بە کۆڵوانە و بە شاڵێ



جوانڕۆ. ڕووناک سەمەدی (باران)

با پڕ بێ لە کانیاوی بزەت دەشتی دڵی من
پێبکەن کە شەفای زامە کەنینی تۆ گوڵی من
هەر شوێنێ دەچم شوێنی نیگای تۆ لەوێدایە
وەک شووشەیی عەتری تۆ لە ئەو شوێنە جێمایە
چۆن شاپەرییەک هەر هەموو هیوای گوڵی سووره
بۆ من هەموو شوێنێ کە تۆ بێ خاک و سنووره
ئامێزی تۆ بۆ من شەهی من کۆشک و تەلارە
لای تۆ بم ئەڵێی وەرزی هەموو ساڵی بەهارە
ئامانجی منی ئەی مەهی ون بوو لە شەوێ دوور
هیلاکە ژیان بێ گوڵی رووی تۆ بووە خاپوور
بێ لێدە لە دەرکەی دڵی هەورینەیی "باران"
پڕیە لە هەنسکێکی قووڵی کاتی ئێواران



بانە. زیوەر عەبدوڵڵاهی

ئۆخەی ئاسمان
بوغزت شکا
دەمێک بوو مانت گرتبوو
پشتت لە دونیا کردبوو
زەوی هەڵگری نازتە
برژێنە فرمێسکەکانت
دڵی خاک زوو نەرم ئەبێ
بە ئەسرینی چاوەکانت
هەرچی لەناو دڵت دایە
بەسەر ئەو دا هەڵیرێژە
خۆت سوک کە بگری بگری
تۆ دڵپڕی دڵتەنگی زۆر لەمێژە



بۆکان .هەرمان موکری

هەموو ڕۆژ کاتی ئێواران
دەمێکی دادەدا باران
بە یادی ژینەکەی جاران
بزانە چاوەڕێتم من
شەوانە کاتی خامۆشی
نەکەی هیچ دەم فەرامۆشی
لە کاتی خۆش و ناخۆشی
بزانە چاوەڕێتم من
لە دووری قەت نەبوو بەرهەم
نە دەردی پێ دەبێ مەرهەم
هەتا دڵ لێدەدا دەم دەم
بزانە چاوەڕێتم من
وەرە ئەی نۆگوڵی جوانم
وەرە سۆمایی چاوانم
کە من هەر عەشقە تاوانم
بزانە چاوەڕێتم من
بەقا ناکەم بە گوفتارت
کە من دیتم لە ڕوخسارت
دەروونی مات و غەمبارت
بزانە چاوەڕێتم من
هەتا نووری هەبێ چاوم
هەتا ساتێکی من ماوم
هەر ئاواو و نەگۆڕاوم
بزانە چاوەڕێتم من
نەکا بینایی لێڵ بێ لێم
نەکا بۆ لێوی گۆڕ بخزێم
ئەگەر نایەی دەبا من بێم
بزانی چاوەڕێتم من

## بەجێم مەهێڵە



بانە. قەڵا

چاوجوان دەوەرە تۆبی تۆخودا
بەجێم مەهێڵە و لێم مەبە جودا
چاوکاڵ بارمەکە و مەڕۆ ئەمجارە
دڵ ئۆقرە ناگرێ و پێم ناکرێ چارە
گیانە دەی وەرە بۆم بە بەسێبەر
تۆ باخەوان و دڵی من دێبەر
ئاوپرشێنی کە کوڵی دڵەکەم
پەروانەی ڕووتم چراو گوڵەکەم
بەتیشکی جوانی شەوقت تا بەیان
ماڵ وەرازێنەو دڵ کە ئەرخەیان
بەکزەی نەسیم زوڵفی پەخشانت
سەبووری بدە بەوەی سووتانت
بەبۆنی خۆشت چون عەتری غەزاڵ
دڵی پەک کەوتووم زوو بێنەوە حاڵ
بە قاسپەی دەنگت بە چەشنی کەوان
خوێن لە دەماران دیسان کە ڕەوان
بە چریکەی سەدات بە وێنەی بوڵبوڵ
دیسان شاد کەرۆ دڵی پڕ لەکوڵ
یادی تۆ بۆ من عەینی هەوایە
بۆدەردم بوونت تەنیا دەوایە
وەرە بۆ دەردم دیسان بە مەرهەم
بەڵکوو سارێژ بێ دڵی پڕ وەرهەم
سۆمای چاوانم دیسان وەرەوە
ئێش و ئازارم لەبیر بەرەوە
خۆمن لە دووریت کارم گریانە
دڵیش لە تاسەت شێوەی بریانە
بەوێنەی قەیس گردە نشینم
تەنیاو ئاوارەم خەریکی شینم
وەکوو دێمەکار تینووی بارانم
ئێستاش بەیادی جاری جارانم



مەهاباد، هاوژان شاروێرانی

پێی بفەرموون هێند لە گوڵزار عالەمێ شەیدا نەکا
هێند بە مەستیِ‌چاوی‌کاڵی نێرگزێ ڕیسوا نەکا

من لە زانکۆی عاشقان وانەی ئەوینم خوێندووە
گەر لە دەرکت دابمەزرێم دڵ غەمت بڕوا نەکا

من لە مێژە عاشقی دوو کوڵمی وەک گوڵناری‌تۆم
حەیفە بۆ باغی‌بەهەشت دڵ شیوەنی ساوا نەکا

کۆڕی مەی پێخۆشە زاهید با لە من دڵگیر نەبێ
تا نەنۆشێ بادە قەت داوای پەری ڕەعنا نەکا

عاشقی و مەستانە ژین ئایین و دابی ئاشقە
هەر کەسێ عاشق نەبێ، با عومری زۆر داوا نەکا

من دەزانم عیشقی تۆ چاکی کوڵاندم چاوەکەم
یارەبی مەجنوون کەسی‌تر جێگری لەیلا نەکا

ساقیا دەفر و شەڕابت کۆ کەوە هۆی مەستی من
چاوی شەهلای یارە با دڵ ئارەزووی سەهبا نەکا

ئەو کەسەی عاشق بە دیداری جەنابی‌دڵبەرە
تا نەناڵێ و تا نەسووتێ چاوڕێی بێجا نەکا


کێیە وا وەسڵی دەوێ با تووشی ڕەنج و ناڵە بێ
بۆ ویسالی شەم دەبێ پەروانە قەت پەروا نەکا

بووکی زۆرم دیتووە پرسەی لە بۆ زاوا دەکرد
یارەبی بووکی وڵاتم شیوەنی زاوا نەکـــــا

خۆشەویستی و عاشقی باوی نەما هاوژان بەڵام
قەت دڵت تەرکی ئەوینی نیشتمان و خوا نەکا

قالب:غەزەل
بەحر : ڕەمەلی هەشتیی قرتاو
کێش: فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ،فاعِلُن
ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ

## دوابڕیار



سەقز. لەتیف عەلەوی

تازەڕۆیی شەنگەڕۆژی ئێوارانی بزە و تاسە
ئەو دەمانەی لێک نزیک بووین، بێ مەودا بووین وەک هەناسە!
دڵەخورپەی ئەو ساتانەی تامەزرۆ بووین
یەک بناسین
ئەو دەمانەی گوارەی وشەم بە دوو
گوێچکەتا هەڵواسین
تێرامانی زەردەپەڕی ڕێگای ئاوایی تا کانی
ئاوێتەی سەمفۆنیای قاقا، لەنجە و لاری پڕ
لە جوانی
تازەڕۆیی وەرزی زێرینی پڕپیتی خەلەوخەرمان
کەرویشکەی زێرینی پرچی گەنم و جۆی دەشت و
دێبەرمان
ڕەشەبا تووری هەڵداوین بێ بەزەیی بۆنێو زەلکاو!
وشکارۆیە چۆمی هیوا، ئەستەمە هەڵبگرین هەنگاو
لە دەسمان چوو، ڕازی نازی خوناوەی دڵ
بێ کۆتایی
ڕژایە سەر دەشتی گۆنای بیرەوەری
تا چۆڕایی
شەوە ژوانی ژێر تریفەی مانگەشەوی
کەم ئەستێرە
لەبەر پەردەی چاوی بیرما، ئێستەش
دێن و دەچن لێرە
ئەو شەمامەی بۆنی خاک و خۆشەویستیی دنیای پێ
بوو
ئەو ڕێبوارەی بۆ ئازادی تا دوا
هەنگاو لە سەر پێ بوو
بەڵێ ڕابرد ئاوپرژێنی کووچە
باغی ڕێی دڵداری
بە ڕووخسارمانەوە دیارە شوێن
پێی، تە مەنێ بێ یاری
وەرە گیانە دوابڕیارمان بۆ خۆشەویستی واژۆ کەین
بۆ داهاتووی نیشتمانێک سەرهەڵدەین و ڕەگاژۆ کەین.



## کورته چیرۆکی: جیهانی تازەی ئاژەڵەکان

بانه. بەفرین مەحموودزاده

به ناوی بەدیهێنەری زمان, ڕەنگ, کلتووره جیاوازەکان

قەڵەڕەشەکان له ڕۆژئاوایی ئێرانەوه ڕوویان کرده چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. به درێژایی ئەو ڕێگەیه شوێنێک که لەگەڵ ژینگەی ئەواندا بگونجێت نەیاندۆزیەوه, هەتا چیاکانی زاگرۆس نەنیشتنەوه.

له بنار و لووتکەی چیا لەگەڵ ئاسکەکان کەوتنه ئاخاوتن و داوا لێکردن, که لەم چیا بەرزانەوه له ناو ئەم شاخ و داخانه شوێنێک بۆ ئەوان بکەنەوه. بەڵام پاشای ئاسکەکان له وڵامدا وتی: نا نابێت, ئێمه گیاخۆر و ئێوه لاشەخۆر ئەم دوو دەسته ئاژەڵه هیچ کات پێکەوه له یەک شوێن جێگەیان نابێتەوه. پاشان کەوتنه تکا و پارانەوه و لاڵانەوه بەڵام ئاسکەکان به تێکرا دەیانوت: ئەگەر وەک میوان دێن ئەوه چەند ڕۆژ له خزمەتتان دایان سەر سەر و سەر چاومان, بەڵام ئەگەر بۆ هەمیشەیه ڕێی تێناچێت و نابێت.

قەڵەڕەشەکان کۆڵیان نەداو هەر له نزیکی سنووری ئەوان مانەوه.

هاوینی ئەو ساڵه زەوی له بێ ئاوی تینوویەتی دەخواردەوه و فێنکی کۆستەی دەکەوت, گەرمی ببووه کەڵەپیاوی ئەو ناوچەیه.

ئاسکه کێوی لەبەر بێ لەوەڕی و له برسان و تینووان یەک له دوای یەک تێخێڵ دەبوون و برژانگەکانیان بەیەک جار له یەک دەگیراند. ئاسکه کێوی هێنده تینوو و برسی ببوون که هێز له قاچەکانیاندا گیانەڵای بوو. ئیتر نەیاندەتوانی لەبەر گوللەی ڕاوچی ڕا بکەن.

قەڵەڕەشه که ئەمەیان زانی چوونه حزووری ئەو ئاسکه گەمژانەی که گوێیان به یاسا و ڕێسای هۆزەکانیان نەدەدا و سەرگەوره و پاشاش بۆ هێنانەوەی ئەوان بۆ ڕچەڵەکی باوباپیران قۆڵیان هەڵنەدەکرد.

دوای چەند ڕۆژ تەشی ڕێسان بەسەر زمانیان, ئەوەیان له مێشکی ئەواندا چەقاند که هەر کاتژمێره ڕێیەک لێرەوه. چەند ژنی رووت و قووت به لێوی تاشه بەردێکدا دێنه خوار مێرگۆڵەی گەورەکچانی ساز کردووه و هێشتا هەتاو نەیان تواندوونەوه.

به حیله و قاقا ئەوانیان ڕەوانەی مێرگۆڵەی کچۆڵان کرد. ئاسکەکان تێر لەوەڕین و ئاویان خواردەوه. له کاتی گەڕانەوەبۆ چەند ئاسکێکی تریان گێڕایەوه, ئەوانیش به هەمان شێوه ڕۆیشتن و هاتنەوه و گێڕایانەوه.

قەڵەڕەشەکتن ژەمه خۆراکی خۆیان له ئەو ئاسکه کێویانەی که له برسان منار دەبوونەوه, دابین دەکرد. سەرەتای ئەم دیارده لێویان دادەقووڕتان و تووڕه دەبوون, بەڵام که بینیان قەڵەڕەشەکان سوودی کاتی بۆ ئەوان هەیه بێ دەنگ بوون. هەندێک له قەڵەڕەشەکان بەرلەوەی دەمیان بسڕنەوه, به زمانێکی لووس, لووستر له ئاوەڵکراس باسیان له ناسکی و تام و چێژی گۆشتی ئاسکەکان دەکرد. وای لێهات که خۆیان له سکی هاوڕێ ئاسکەکانیان تێر دەکرد. ئاسکه زانا و چاوکراوەکان لەسەر بەردێکی ڕووخسار شینی میەلەو بەڵەک سنگی خۆیان دەردەپەراند و هاواریان دەکرد: مەچن بۆ مێرگەکه, لەوێ ئاژەڵی دڕنده و گۆشتخۆری لێیه. قوڕ بەو سەرتان ئەتانکەن به پارووەیەکی چەور و قووتان دەدەن. هاوڕێیان گۆشتی برا و خوشکەکانتان مەخۆن ئێمه لاشەخۆر نین.

بەڵام له وڵامدا به شاخەکانیان شەریان لەگەڵ دەکردن و بەسەر بەرد و داردا بەریان دەدانەوه, هێندێکیان لەگەڵ یەکەم سەرومووقڵاتدا دەمردن و دەبوونه ژەمه خۆراکی قەڵەڕەشه و ئاسک.

بەشێکیان دەکەوتنه چاڵەوه, ئەوانەی له ناو چاڵدا زیندانی کرابوون, به بیری ئازادی دەژیان. خەیاڵی ڕزگار کردنی ئاسکەکانیان دادەچاند و دەیانوت: ئێمه ئەگەر برسیش بین بەڵام دەتوانین وەک قەڵەڕەشەکان کۆچ بکەین بۆ شوێنێکی تری ئەم کوردستانه, ئێمەژمارەمان زۆر زۆره دەتوانین قەڵەڕەشەکان له زێدمان دەربکەین. ئەو خەیاڵه ڕاستیانه هەتا بەر دەم ئەجەل لەگەڵیاندا دەچوون.

ڕۆژێ نەبوو سێ چوار ئاسک له مێرگ نەگەڕێنەوه, هەندێکیان نەبنه ژەمه خۆراکی ئاسکەکان و قەڵەڕەشەکان و یەک دووانێک به هۆی زانایەوه زندەبەچاڵ نەبن.

ئەم گومەزه وەک غەرغەره بەرەو گوێی پاشا تلۆر ببووەوه. پاشا له برسان شل شل ببوو, دەم و لێوی وەک لۆکه سپی و دەستەکانی وەک دەزوو باریک. کاتێک به شێواندنی ژینگه و کۆمەڵگای ئاسکەکان لەلاین قەڵەڕەشەکانەوه, زانی. هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو, خێرا خۆی و ئەو چەند ئاسکەی مابوون خۆیان گەیانده مێرگەکه.

نەگەیشتن تێر سکی خۆیان شیلەی ئەو کچانه بخۆنەوه که هەندێک ئاژەڵی دڕنده پەلاماریان و بێ یەک دوو قچکیان کردن.

ئیتر ئا بەم چەشنه ئاسک له چیاکانی کوردیستان تۆی لێبڕا و قەڵەڕەشه بوونه سەرۆکی ئەو چیایانه و وڵات پڕ بوو له قارەقاڕی ئەو ڕوو ڕەشانه. یارەبی قەڵەڕەشه به دەردی کوردی زانا بچیت

## کاریکاتۆر



**بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی**

























# تایبەت بە منالّە چاوگەشەکانی کوردستان



## بووکە بەفرینە

ڕەحیمخان. نادر مستەفازادە

بووکەلّە بەفرینە
ڕەزا سووکەوە
خوێن شیرینە
دلّی سپی و جوانە
خۆشەویستی منداڵانە
زۆربێزارە
لە ڕق و قین
هاورێی شادییە و هەلّپەڕین
نەوەکوو خەلّکی زەمانە
دۆستە لە خۆشی دا
و دوژمنی تەنگانە
یەک ڕەنگ و ڕوو
بۆ ڕەش پێست و چەرموو
لە هیچ کاتێ
ناگۆڕدرێ
بەهیچ دەسەلاتێ
دۆستایەتی لە گەلّ هەمووان
وەک یەک وایە
قەت نالّێ کێ دەولّەمەندەو
کێ گەدایە
دەم بە پێکەنین و شادی
لە دەوری یەک
کۆدەبنەوە منداڵان
کۆک و پۆشتە و چلّکن و بۆر
دەست لە ناو دەست
دەیکەنە هەلّپەڕکێ
بە ئازادی...



## هیچێکم نەبوو



پاوە. عوسمان ڕەحیمی هەجیجی

چیت بۆبنووسم  چیبلّێم ڕۆلّە
هەژارلە دنیا  بەختی کلّۆلّە

هیچێکم نەبوو ڕۆلّەی ئەوینم
کۆلّبەریم ئەکرد  بۆ ژیای ژینم

گرەکوێرەی من هەرگیز باز نەبوو
هەژارلەدنیا هاوڕازی نەبوو

سەیری مێژووکە لەسەر دنیاوە
هەر قەومی بێبەش  وا لە دواوە

داییم لە گێجاو خەم و مەینەتە
هەر ڕەنجەڕۆ یە و ژینی زەحمەتە

هەروا بوو منیچ بەری بووم لە بەش
داڕ و نەدارم بوو تەنا فەڕەش

ئەویچ لە گەلّ خوم فەوتاوە لە دۆلّ
بە جێما لە نێو گیا و خاک و خۆلّ



## یەلدا



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

ئاخر شەوی سەرماوەز
ئەوەڵ شەوی بەفرانبار
گەلێ بۆی چاوەڕوانن
خەڵک لە دێهات و شار

سەرەتای چلە گەورە
درێژترین شەوی ساڵ
هەلێی پێکەوەبوونە
خۆشە بۆ گەورە و مناڵ



فرکەفرکی هاتووچۆ
خەڵک ڕادەکەن بەلەز
کۆدەبنەوە لە ماڵێ
هاوسێ و دۆست و خزم و کەس

گەڕەلاوژە و قسە و باس
گەمە و کایە، جارجارە
شەوچەلەی خۆش ڕیزدەکەن
بەدووی یەکدا قەتارە

مێوژ و گوێز و هەنار
شووتی و سێو و پرتەقاڵ
شیرینی کلاشە دەکا
زۆر بە کەیفیانە مناڵ

یەلدا، یەلدا، یەلدایە
بەزم و بزەی تێدایە
ئەم شەوەم زۆر پێخۆشە
چونکە وەک جەژن وایە...

لەز: بەپەلە، خێرا

## سەرماوەز

سەرماوەز، سەرماوەز
هەتاو ڕەنگی پەڕیوە
دەشت و چیا کڕ و کپ
گەڵای داران وەریوە

بەیانان زوقم ئەکەوێ
مزگینی بەفر دێنێ
ئاو لە دەرێ دەبەستێ
گۆزە دەقەڵەشێنێ

هووهوو هەڵم بادەیبا
سرسڕ باغ و هەرد سڕن
هەورەکان سیس و سپی
زەوی و دار و بەرد کڕن

سیخوار لە دەرک و بانە
گەزەگەزەی زستانە
خۆشە بەر کوورە و کورسی
وادەی خانە ژوورانە....



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## بۆ ڕۆژی زەوی

بانە. باوکی نیستمان

ئەم زەوینەی جێی ژینمان
بۆتە ڕووگەی ئەوینمان
بێشکەی ژیانە بۆمان
ئۆخژنیی گیانە بۆمان
سروشت و زیندەوەر گشت
لە ورد هەتاکوو درشت
نرخی گەلێ گرینگە
تێدەگا کێ زرینگە
سەوزایی و درەخت و دار
چیمەن و جارەگوڵزار
دەشتایی و شاخ و نزار
کانیاو و چۆم و ڕووبار
هەتا زەریا و ئۆقیانووس
بۆمان بۆتە چارەنووس
ئەبێ ئاگاداریان بین
هەموو خزمەتکاریان بین
نابێ قەت ژینگە پیس کەین
وەکوو کەسی نەگریس کەین
ئەبێ پاک و خاوێن بین
بە گشت زەوین لاوێن بین
دار و بەردی سەرزەمین
لامان شیرین بێ شیرین
ئەوەی زەوینپارێزە
دیارە بەرز و بەرێزە
کێش نەی پارێزێ بە دڵ
بێرێزە لای ئاو و گڵ!
کێ پشتی لێکا بە گیان
هۆکاری زەرەرە و زیان



## ئارەزوو!

حەزم لە سەوزە و
لە گوڵ و گیایە
ماڵەکەمان زۆر
گوڵدانی تیایە

لە سەر تاق بێ یان
لە سەر پەنجەرە
یان لە لێواری
ئەو حەوش و بەرە

گەلێ گوڵدانی
گوڵم داناوە
شاز و ناوازە و
جوان و ڕازاوە

کاتێ ئەپشکوێ
خونچەی گوڵانی
ئەبتە ئۆخژنیی
بۆ چی دڵانی

بە تایبەت ئەوەی
ژینگەپەرستە
ئاشتی و ئاسایشت
لە ژین مەبەستە

چونکە گوڵ هێمای
ئاوەدانییە
ئاوێتەی هەرچی
شادمانییە!



## ڕۆڵەی ئەم زێدەم!

ڕۆڵەی ئەم ئاو و
خاکە دڵپاکەم
ئەوینداری ئەم
خەڵکە زۆر چاکەم

شەیدای بینینی
دەشت و شاخانم
تامەزرۆی چوون بۆ
مەزرا و باخانم

خۆزگەمە لە گەڵ
خۆشەویستانا
گەشت و سەیرانکەم
لە ناو کوێستانا

خۆشە دانیشین
لە ناو چیمەنی
سەرنجراکێش و
جوانە دیمەنی

شنەی شەماڵی
لەشمان دەشێلێ
پەپوولەی خەیاڵ
گەشبینی دێنێ
قاسپەی کەوان و
نەغمەی مەلانی
لە دەشت و دەر و
کێو و تەلانی

گیانلەبەرانی
وشکایی و ئاوی
تریفەی مانگ و
تیشکی هەتاوی

ئۆخژنیی گیان و
جەستەی مرۆڤن
لابەری هەرچی
خەفەت و ئۆفن

ژینگەی ئاوا جوان
بپارێزین گشت
ئاگاداری بین
لە ورد و درشت

ئەوەی ناخۆشی و
خەم و دەردانە
بە بای بدەین لەم
شاخ و هەردانە!



گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانه. ئامینه عەزیزی" سروور"

وەرەزم بووم لەماڵێ
بۆقوتابخانەی ساڵێ

بەم پەتایە سندانە
ماڵمان وەکوو زیندانە

دەڵێن بخوێنە رۆڵە
جێ دەمێنی لەو چۆڵە



منیش وەکوو دۆستانم
دەخوێنم دەرسەکانم

تەبلێتەکەم سەندووە
دەرسەکانم خوێندووە


مامۆستاکەم عەزیزە
بە فیکر و زۆر بەرێزە

تەنانەت رۆژی هەینی
بە زمانی گەڵێ شیرینی

گەڵێک دڵخۆشم دەکات
بەرووە زانستم دەبات



## براکەم



بانه. باوکی نیشتمان

براکەی من بچووکە
ساوایە ئێسک سووکە

ئازایەهەرووک شێرە
شیری خواردووە تێرە



گوڵی کێوی لەدەشتە
دیارییەک لەبەهەشتە

چاوی پاک و بێگەردە
ئازا وبەدەست و بردە

بەدەست و پل زۆر وردە
نازدارە رۆڵە کوردە

براکەی خۆم خۆش دەوێ
ئارەزوومە سەرکەوێ!

مامە و خاڵ و پوورم
خزمی نزیک و دوورم

هەموو کەس و کارەکەم
هاتن بۆ لای براکەم

یەکێک ئەڵێ وەک خاڵە
لەلای رووەمەتی خاڵە

یەک ئەڵێ سەرکوڵمەکەی
چۆتەوە سەرمامەکەی

ئەڵێن لەباوکی ئەچێ
لەپوور و دایکم ئەچێ

لەبیریان چوو براکەم
لەمن ئەچێت و کاکەم!



## هەی لایە لایە

بۆکان. خاڵند ئەحمەدی

پێم خۆشە دایە، من لایە لایە
خۆراکە بۆ رووح، هەر ئەو هەوایە
شەوگار درەنگە، خەو چاوی گرتووم
دایکم کە دەچرِێ، پێم وایە خەوتووم
هەی لایە لایە، رِۆڵە لای لایە

قەناری لە کۆ، بولبول لە باخان
کە ناگەن بە تۆ، ماتن لە داخان
ئاهەنگی دڵت، باش دەمخەوێنێ
وێنەی جولانی، ئەو رِامدەژێنێ
هەی لایە لایە، کۆرپەی ساوایە

دیسان بە سۆزی، ئاهەنگی تۆیە
خەو لێم میوانە و هاودەنگی تۆیە
ئێستاکە رووحم، وەک پووشکە سووکە
جەستەم داگیرا، خەوتووم هەنووکە
هەی لایە لایە، تاقانەی دایە

چاولێکە سروە، بە لایە لایە
پێشمان دەڵێ: ئاوا! هەر ئەو هەوایە
ئەو ساتە ژیان، رِازاوە و جوان
فرۆکەی ئاهەنگ، دەمباتە سەیران
هەی لایە لایە، کۆرپەڵەم لایە



## کیژی ژیر



بانە. باوکی نیشتمان

ئەمن کیژێکی ژیرم
ئیشکەرم وبەبیرم

لەپاک و خاوێنی ماڵ
ئاگاداری لەمنداڵ

یارمەتی دایکم دەدەم
گوڵدانی گوڵ ئاو دەدەم



بۆ فێربوونم ئەخوێنم
لەوانە دانامێنم

کیژۆڵەیێکی وریام
لەئیشی خۆم بە ئاگام

شانی باوەم دەشێلم
چایی و قاوەی بۆ دێنم

یارمەتی دایەم دەدەم
خزمەتی زۆری دەکەم

باوکم بە خێر دەهێنم
چێشت و نانی بۆ دێنم

برا و خوشکم دەدوێنم
چیرۆکیان بۆ دەخوێنم

بۆ کار و باری ناو ماڵ
قەت بە خۆم ناڵێم منال

پێمخۆشە زۆر چالاک بم
لەچاکە دا هیلاک بم

یارمەتیدان هەمیشە
ئەکەم بەعەشق و پیشە!

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# ڕووداوە فەرهەنگییەکانی سەرماوەز

بانە. عەلی مەحموودی (ئاودێر)

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا چەند ڕووداوی فەرهەنگی گرتەخۆ کە جێی سەرنج و ئاماژە پێدانە، پێویستە بەردەنگ و خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری لەداوێنی ئاربەباوە ئاگاداربن:

## سەردەشت

یەکەم؛ ڕوونمایی لە چوار کتێبی نووسەر و وەرگێڕی خۆشەویستی گەل مامۆستا هێرش بێتووشی لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەمی شاری سەردەشت لە ڕێکەوتی یازدەی سەرماوەزی ١٤٠٠کۆچی کە بریتین لە خوێندن بەزمانی کوردی بەرگی ١و٢، هەواڵپرسی سانا و وەرگێرانی ڕوومانی میرزاکوچک خانی جەنگەڵی کە لە ماوەی ٥ کاتژمێردا لە لایەن لێکۆڵەران و تاربێژانەوە کەوتنەبەر باس و شرۆڤە، لە پەڕاوێزدا چەند تەوەری دیکەش وەک ئاوڕدانەوە لە مێژوی نووسین و ئەدەبیاتی کەلاسیک و نوێ، گرینگی پێدان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، ڕاگرتنی کەسایەتی نووسەرانی کورد و خوێندنەوەی شێعر و چەند حەیران و گۆرانی لە لایان دەنگ خۆشانەوە، بەڕێز بێتووشی لە ماوەی چەند خولەکدا سپاس وپێزانینی خۆی ئاراستەی ئامادە بووان کرد چەند تەوەرەی گرینگی سەردەمی خستە بەر باس و لێکۆلینەوە . ئەو جۆرە کۆڕانە لەم هەل و مەرجەدا کە کرۆنا نووسەران و ڕووناکبیرانی لە یەک دوورخستۆتەوە تام و چێژێکی تایبەتی هەیە و دەسکەوتێکی باشە بۆ بەردەنگیش.





## مەریوان

دووهەم: کۆنفڕانسی مەریوانناسی کە لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ ئەم مانگەدا لە شاری مەریوان لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبی بەڕێوە چوو چەند پەنێلی بەنرخ و بە هێزی لە خۆ گرتبوو، وتار بێژان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەو کۆنفڕانسەدا بابەتی بەنرخی خۆیان ئاراستە کرد کە لێردا ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ دەکەم:

- وەک یەکەم ئەزموون زۆر بە باشی لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان بەڕێوە چوو
- میوانداری لە ئاستێکی بەرز و دلۆڤانیدا بوو
- پەنێلەکان شەکەت هێنەر نەبوون و کاتی گونجاو بۆ پشوودان تەرخان کرابوو
- بۆ هەر وتارێک ١٥ تا ٢٠ خولەک کات دابین کرابوو کە گونجاو بوو
- بەڵام بەداخەوە زۆریەک لە وتارەکان وێچوونی وەک یەکیان بوو. بابەتەکان یان وەک یەک بوون یان لە یەک زۆر نزیک بوون کە پێویستە بۆ جارێکی دیکە ئەو مەبەستە لە بەر چاو بگیرێت.
- بە بڕوای من جێگای زۆریەک لە زانایان و بیرمەندان، ڕۆژنامە نووسان و هونەرمەندانی گەوری ڕۆژهەڵات خاڵی بوو
- پێویست بوو چەند شوێنێکی مێژوویی و گەشتیاری نیشانی میوانەکان بدرێ کە بەداخەوە گرینگی پێ نەدرا بوو

لە کۆتایی دا هیوادارم ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان هەروا چالاکانە درێژە بە خەباتی فەرهەنگی و ئەدەبی بدات و کۆنگرە و کۆنفڕانسی باش و باشتر بەڕێوە بەرێت.

